# بەکولتوورکردنی خوێندنەوە

پڕۆژەیەک بۆ خوێندەوارکردنی کۆمەڵگە

"ئەو کەسەی ناخوێنێتەوە، حاڵی باشتر نییە
لەو کەسەی، کە نازانێت بخوێنێتەوە"
وێڵ ڕۆجەرز

# بەکولتوورکردنی خوێندنەوە

## پڕۆژەیەک بۆ خوێندەوارکردنی کۆمەڵگە

محەمەد فەریق حەسەن

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

محەمەد فەریق حەسەن
بەکولتوورکردنی خوێندنەوە
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٠٩٥
چاپی یەکەم ٢٠١١
تیرێژ: ١٠٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٧٣ – ٢٠١١
نەخشاندنی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
رازاندنەوەی بەرگ: مریەم موتەقییان
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل، تریسکە ئەحمەد

بەشی یەکەم

# ئەوماڵەی کتێبی تێدا نەبێت، کەلاوەیە!

## ئاماژ لەم کتێبە چییە؟

لە ڕاستیدا ئەم کتێبە پرۆژەی خوێندەوارکردنی کۆمەڵگەی لەخۆ گرتووە. ئامانجی ئەوەیە، بەهاریکاریی هەموو لایەک، لەم باشووری کوردستانە، بناغە بۆ گەلێکی خوێندەواری ئەوتۆ دابڕێژین لە داهاتووی خۆی دڵنیا بێت و ببێتە پێشەنگ بۆ کوردستانی مەزن. گەلێکی خوێندەوار و وشیار، ڕاست و چەپی خۆی، دۆست و دوژمنانی خۆی بناسێ. سەری لە ئەحواڵی خۆی و جیهان دەربچێت. میللەتی وشیار و خوێندەوار لە دووی کار و خۆپێگەیاندنە. بە فیتی بیانی فریو ناخوات و ئاسایشی نەتەوەیی پارێزراوە. کاتی زێرینی بەفیرۆ نادات و ژینگەکەی خۆی خۆش دەوێت. پابەندی یاسایە و سۆزبەندیی لەگەڵ تاکەکانی تردا بەهێزە. جیاوازیی نێوان نێر و مێ ناکات و ڕێز لە مافی ئەوانی تر دەگرێت و بەرەو پێشەوە هەنگاو دەنێت.

بۆ چێکردنی ژینگەیەکی وەها، ئەم کتێبە ڕووی دەمی لە دایکان و باوکان، وەزارەتی پەروەردە بە مامۆستا خەمخۆرەکانیەوە، وەزارەتی ڕۆشنبیری بەنووسەر و هونەرمەندە بە دەربەستەکانیەوە، کتێبخانە گشتییەکان و دەزگەکانی چاپ و پەخش، تاکو هەموو لایەک پێکەوە، ببنە داینەمۆی ڕاپەڕاندنی ئەم پرۆژە ژیارییە و بتوانن لە دوو توێی ئەم کتێبەوە، یان با بڵێین لە کاری تیۆرییەوە بیگوێزنەوە؛ بەزیندوویی و بە پراکتێک لەسەر زەوینەی واقیع پیادەی بکەین.

ئەو زانیارییانەی خوێندکاری کورد لە زانکۆدا وەریان دەگرێت، بە بەراورد لەگەڵ ستاندارد‌ی زانکۆکانی دنیادا، لە ئاستی سەردەمدا نییە. وێڕای ئەوەیش، خوێندکاری ئێمە پاش تاقیکردنەوەی دوا ساڵی خوێندن، ئیدی کۆتا بە بەشوێنداچوونیش دەهێنێت. بە یەکجاری پشت دەکاتە کتێب و پاڵی لێ دەداتەوە. لێرە بەدواوە زەین و ئاوەزی لە وەرگرتنی زانیاریی نوێ دەوەستێت و لە هەرچی تازەگەریی دنیادا هەیە گۆشەگیر و بێ ئاگا دەمێنێ. بەم پێیە، دوای تەواوکردنی خوێندن ڕۆژ بەڕۆژ بەرەو دواوە دەگەڕێتەوە و ئاستی فەرهەنگیی لە کورتی دەدات. چونکە ئەوەی لە زانکۆدا فێری بووبوو، لەگەڵ چوونە پێشەوەی ڕۆژگاردا، پاژێکی وەک زانست ماوەی بەسەردەچێت، بۆ خۆیشی پاژەکەی تری لە یاد نامێنێ.

ئەگەر بەراوردێک لە نێوان تیراژی کتێبی ئەم سەردەمە، لە چاو پێش ڕاپەڕیندا بکەین، وەها بەدیار دەکەوێت لە دوای ڕاپەڕینەوە ڕێژەی نەخوێندەوار نەک بەرەو کەمبوونەوە چووبێت، بگرە هەڵکشاوە. ئەمەش لە خۆیدا دیاردەیەکی زەین خەڵەتێنە. چونکە ڕێژەی نەخوێندەوار هەڵنەکشاوە، بگرە ڕێژەی ئەو تاکانەی پاڵیان لێ داوەتەوە و ناخوێننەوە هەڵکشاوە.

پشتکردنە خوێندنەوە کارێکی وەهای کردووە، ئەو هەموو ڕۆژنامە و هەفتەنامە و کتێبانەی، کە ڕۆژانە دەڕژێنە بازاڕەوە، کاریگەریی ئەوتۆیان لەسەر ئەدای دەسەڵات بەلایەک و لەسەر زەینی خەڵکیش بەلایەکی تر سنووردار بێت. کاربەدەست لەسەر گەندەڵیی خۆی بەردەوام بێت و پرۆژەکانیش لە جێی خۆیاندا دوور لە چاودێری و بەشوێنداچوون پێکوتە بکەن و لە دواجاردا ڕۆڵی ئەوتۆیان لە پەرەپێداندا نەمێنێت.

لە کن لاوی کورد، (لە گۆ کەوتنی زەین) بووەتە مۆدەی سەردەم. خوێندکاران، لە قۆناغە جیاجیاکانی خوێندندا، بە غەیری کتێبەکانی پرۆگرامی خوێندن، کتێب بە دەست مامۆستاکانیانەوە نابینن. لەماڵەوەیش منداڵان کتێب بەدەست کەسوکاریانەوە نابینن. ئیتر نەوەی نوێ، کێ بەپێشەنگی خۆیان قەبووڵ بکەن، تاکو چاویان لێ بکەن و شوێنپێیان هەڵبگرن؟

بەسەرێکی تر، زۆرێک لەوانەی، کە دەخوێننەوە و کەسانی پڕ زانیارین و لەنێو کۆمەڵدا وەک کەسانی ڕۆشنبیر ناسراون، هیچی ئەوتۆیان لە فەرهەنگ و شەونخوونیی خۆیان نەپێچاوەتەوە. بگرە برێ جاران بەهۆی فەرهەنگ و زانیاریی خۆیان دووچاری دەربەدەری، یاخۆ پەراوێزخستن بوون. بەم پێیە، لە کنەمە فەرهەنگ چەکێکە، لە بەهاکان پووچ و بەتاڵ کراوەتەوە. مرۆڤی ڕۆشنبیریش کاتێک پەراوێز دەخرێت. ئیدی دووچاری خەمۆکی دەبێت و دنیای لە بەرچاو ڕەش دەبێت. هەوڵیش دەدات ژینگەکەی خۆی بەجێ بهێڵێ. دەشێ بڵێین، لە بری ئەوەی ئەو سامانە فەرهەنگییەی خۆی بخاتە واری پراکتیکەوە، تاکو هەم بۆ خۆی و هەمیش بۆ کۆمەڵ ببێتە مایەی فەڕ و خۆشی، بەپێچەوانەوە، بە زیانی ڕۆشنبیر و کۆمەڵیش دەشکێتەوە.

ئەمڕۆ پشتکردنە خوێندنەوە بووەتە دیاردەیەک و هەموو لایەک، لە پێش هەموویانەوە سیستمی پەروەردە و فێرکردن، لە باخچەی ساوایانەوە هەتا دەگاتە قۆناغی زانکۆ لێی بەرپرسیارن. چونکە پرۆسەی فێرکردن پشت بەدەرخکردن و لاساییکردنەوەی تووتییانە دەبەستێت، نەک گوتوبێژ و کۆمینتار و دیبەیت. لە مامۆستاوە هەتا دەگاتە نووسەر، توێژەر، دەزگەکانی ڕاگەیاندن و وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەرێم، پشکیان لەم بەرپرسیارێتییەدا بەردەکەوێت. پرۆسەی خوێندنەوەیش، کە لەم کتێبەدا بەدرێژی لەسەری دەدوێین، کارێکە توانا، ماندووبوون و شەونخوونیی دەوێت. ڕێچکە و میتۆدی خۆی هەیە و لە تەمەنی ساوایەتییەوە، لە ماڵەوە بناغەی بۆ دادەنرێت. لەم سەردەمەدا، وەک زۆر کردە و پرۆسەی تر، چەمکی خوێندنەوەیش گۆڕانی بەسەردا هاتووە.

کتێبخانە لە شارە گەورەکانی کوردستاندا هەیە. بەڵام خەڵکێکی زۆر کەمی سەر بە چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵ هاموشۆیان دەکەن. ئەوانەی هاموشۆی کتێبخانەکان دەکەن توێژێکی دیاریکراوی کۆمەڵن. ئەوانە بە زۆری توێژی خوێندکارن و بەشوێن سەرچاوەی تایبەت بەرشتەکانی خۆیاندا دەگەڕێن، کە لە کۆلێجەکانی خۆیانەوە داوایان لێ کراوە.

ئەم کتێبە، بەنیازە بەپێی توانا، وەڵامی تێکڕای ئەم پرسیارانە بداتەوە. هەوڵیش دەدات بەها بۆ خوێندنەوە بگێڕێتەوە و لەم بوارەدا پەنجە لەسەر کەموکوورییەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری دابنێت. بەنیازیشە لەلای خۆیەوە پێشنیازەکانی بخاتە پێش چاو و نەخشە و پلانیش بۆ پرسی بەکولتوورکردنی خوێندنەوە دابڕێژێت. وەلێ وەک بوارەکانی تری فەرهەنگ، لەم بەستێنەیشدا گرفتی کەمی سەرچاوەی بە کوردی نووسراو و نەبوونی ئامار ئاستەنگی پێش هەر توێژینەوەیەکی جیدین.

## سەرەتا، فەرهەنگ زارەکی بوو

لەم هەرێمە پان و بەرینەی ڕۆژهەڵاتی ناویندا، وەک دەیان ساڵ لەمەوبەری سەردەمی (حوجرە) و قوتابخانە ئاینییەکان، ئێستایشی لەگەڵدا بێت، کتێبێک، کە زۆرترین خوێنەری هەبێت قورئانی حەکیمە. هێشتا هەر بەدەیان نابینا، وێڕای بیناکان، ڕۆژانە ئەم کتێبە دەخوێننەوە و ئەزبەریشی دەکەن. زۆرێک لەوانە بەبێ ئەوەی پێویستییان بەهەڵگرتنی قورئانی حەکیم هەبووبێت، چوونەتە سەر ئەو نەخۆشانەی وا لە حاڵی گیانکەنشتدابوون و لەبەر، واتە بێ ئەوەی بگەڕێنەوە سەر قورئان، سوورەتی یاسینیان (یس) لەسەر خوێندوون. لەم دیاردەیەدا ڕاستییەکی تریش ئاشکرایە؛ ئەویش ئەوەیە، کە ئێمەی کورد لە مێژوویەکی کۆنەوە لێ ڕاهاتووین بە زمانی بیانی بخوێنینەوە. بە سەرێکی تر خوێندنەوەی قورئان، بەڕاییکردنی ئەرکەکانی ئاینەوە بەند بووە، جا لە کاتی پشوودا بووبێت یان لە بۆنەکانی وەک نوێژ و بە خاکسپاردنی مردوودا.

هێشتاکە ژمارەیەکی بەرچاوی تاکی کورد هەن، زیاتر بە زمانی عەرەبی دەنووسن و دەخوێننەوە هەتا کوردی. بە تایبەت کوردانی دابڕاوی دەرێی سێ پارێزگەکەی هەرێمی کوردستانی باشوور. ئەم دیاردەیەش لەو سۆنگەیەوە سەرچاوەی گرتووە، کە ئەوان بۆیان نەلواوە بە زمانی دایکی خۆیان بخوێنن. پێم وایە دوای کتێبە ئاینییەکان، نۆرە دێتە سەر کتێبی کولووەکان (برج) و

خەوننامە جۆراوجۆرەکان، کە فریان بەسەر ڕاستییەوە نییە.

تا ماوەیەکی زۆریش لەمەوبەر، کە بە چەندان سەدە مەزەندە دەکرێت، سەرمایەی فەرهەنگی، لەلای تاکی کورد زارەکی بووە. تاکەکان بەزمانێکی سادە و ساکار داستان و حیکایەتیان بۆ یەکودوو گێڕاوەتەوە. مەتەڵیان لە یەک داهێناوە. چەندان سەدە تێپەڕیوە و ئەو زمانی گێڕانەوەیە گۆڕانێکی گەوهەریی بەسەردا نەهاتووە. واتە خۆی نوێ نەکردووەتەوە. زاراوە و دەربڕینی نوێی کوردیی نەهاتووەتە سەر. ئەو سەردەمانە ڕێژەی مرۆڤی خوێندەوار ئەوەندە کەم بووە، بەکۆمەڵەوە دیار نەبووە. ئەوان چەند گوندێک گەڕاون ئەوجا خوێندەوارێکیان پەیدا کردووە، تاکو نامەیەکیان بۆ بنووسێت، یان بۆیان بخوێنێتەوە. بۆیە دەشێ بڵێین، ئەو دەمانە فەرهەنگی کورد زارەکی بووە. لە سەردەمی زارەکیشدا. تەنیا ئەزموونی کەڵەکەبووی تاکەکانی کورد، لەم نەوەوە بۆ ئەو نەوە گوێزراونەتەوە، دەنا ئەوەی پێی بوترێت زانست بەرهەم نەهاتووە.

بۆ نموونە، بەیتبێژێکی وەک (ڕەحمان بەکر)، دەیان بەیتی لەبەر بووە. لە کۆڕی دیوەخاندا، بەئاوازەوە بۆ گوێگرانی خۆی چڕیون. واتە ئەم بەیتانە نەچوونەتە سەر کاغەز، تاکو بە بەڵگە بکرێن و ببنە موڵکی ئەم گەلە. وەختایەکیش بۆ یەکەم جار ئەم بەیتانە تۆمار کراون، بیانییەک بەناوی (ئۆسکارمان) ئەم کارەی گرتووەتە ئەستۆ، نەک کوردێک. ئۆسکارمان هاتووە بەسەردێری (تحفة مظفرية) کۆی کردوونەتەوە. دواترێ هێمن موکریانی هاتووە ئەم کتێبەی خستووەتە سەر ئەلفوبێی کوردی.

ئەزبەرکردنی دەقی وەک قورئان، کە بەزمانێکی تەواو بەهێز و پڕ واتا نووسراوە. ڕەنج و ماندووبوونێکی زەینی زۆری ویستووە. هەندێک جاران چەند ساڵێکی خایاندووە. ئەم ئەرکە زۆرەیش، زەینی مرۆڤی تەواو بەخۆیەوە جەنجاڵ و ماندوو کردووە. ناچاری کردووە، بۆ ماوەی چەند ساڵێک تەواوی وزەی مێشکی خۆی لەبۆ تەرخان بکات. بەڕادەیەکی ئەوتۆ سەرقاڵ و مژووڵی کردووە، بواری بەو تاکە نەداوە لە دووی واتا و فەلسەفەی دەقەکانی نێوی

بگەڕێت و هەوڵی خوێندنەوەی قووڵی بدات. یان لێ ببڕێت لەلای خۆیەوە، بەبیر و زەینی خۆی تەئویل بۆ دەقەکانی بکات.

هەروەها ئەزبەرکردنی ژمارەیەکی زۆر لە دەقی هەقایەت و بەیت، دیسان هەوڵی زۆر و زەینی ڕوونی گەرەک بووە. زۆربەی ئەو دەقانە، جا ئاینی بووبێتن یان ئەدەبی میللی، کوێرانە ئەزبەر کراون. بێ ئەوەی بزانن لە کوێوە هاتوون و حیکمەتی دەق و لایەنی هێز و بێ پێزیی ئەو دەقانە (لێرەدا مەبەست لە دەقی میللییە) لە کوێدایە. ئەوان توانایان بەسەر کاری وەهادا نەشکاوە و نەیانتوانیوە ئاستی جیهانبینیی دەقەکان هەڵبسەنگێنن.

ئێمە ئامارێکی وەهامان لە بەردەستدا نییە ئاستی خوێندن و خوێندنەوەی خۆمانی پێ بزانین، یان هیچ نەبێت شتێک لێی نزیک ببینەوە. ئەوا هەژدە ساڵە تا ڕادەیەک ئازادین، بەڵام هێشتا هەر دەبێت خۆمان بە بەشێک لە وڵاتی عێراق بزانین، کە ئەویش خۆی بە بەشێک لە نیشتمانی عەرەب حیساب دەکات. کەواتە پرسی خوێندنەوە لەلای عەرەب بە گشتی چلۆن بێت، ئەوا لەلای ئێمەیش هەر وایە، یان لەو ئامارەی ئەوانەوە نزیکە.

د. زید علي الفیصل نووسیویێتی: «ئامارەکان بەدیاری دەخەن، کە هەر تاکێکی ئەورووپایی ساڵانە تێکڕا (٣٥) کتێب دەخوێنێتەوە. تاکێکی ئیسرائیلیش ساڵانە تێکڕا (٤٥) کتێب دەخوێنێتەوە. لە کاتێکدا لە وڵاتە عەرەبییەکاندا، بە هەر (٨٠) کەس پێکەوە، ساڵانە یەک کتێبیان بەردەکەوێت.» هەروەها د. زەید دەڵێت: تاکێکی ئەورووپایی (٢٨٠٠) کەڕەت لە تاکێکی عەرەب ڕۆشنبیرترە. تاکێکی ئیسرائیلیش (٣٢٠٠) جار!

الطاهر بن جلون، لە وتارێکدا بە سەردێری (مەغریب و بەبیابانبوونی فەرهەنگی)، کە (عبد المنعم الشنتوف) لە فرەنسییەوە بۆ عەرەبی وەری گێڕاوە، دەڵێت: «کتێب، لەنێو سندووقەکان و لە بان ڕەفە داماوەکاندا چووەتە سووڕی متبوونێکی قووڵەوە. بەدرێژاییی ئەم وڵاتەی کە عەرەبیی ستاندارد زمانی هاوبەشێتی، نەخوێندنەوە دەبێتە کێشە و گەورە دەبێت. ڕۆمانێک ئەگەر

توانیبێتی فرۆختی لە سێ هەزار دانە تێپەڕێنێت ئەوا ژمارەی پێوانەیی شکاندووە.»

بەم پێودانگە بێت، ئەگەر تاکێک ساڵی کتێبێک بخوێنێتەوە و تاکێکی تر ساڵانە سەد کتێب. ئەوا دووەم، سەد ئەوەندەی یەکەم خوێندەوارە.

## خوێندنەوە لە پای چی؟

بەدەستهێنانی مەعریفە داینەمۆی هەموو پێشڤەچوونێکە. دەفری مەعیرفەیش کتێبە. شاڕێی بەدەستهێنانی مەعریفەیش خوێندنەوەیە. دەکرێت لە ڕێی پرۆسێسی خوێندنەوەوە پەرە بە کەسیەتیی خۆت بدەیت. خەیاڵت فراوانتر بکەیت و ببیتە تاکێکی داهێنەریش. یاخۆ فێرە پیشەیەکیش ببیت و بۆ ژیان بیگریتە دەست. یان هەر نەبێت دەکرێت کاتی بێکارێتی بەچاکەی خۆت پێ بگوزەرێنیت، لە بری ئەوەی دەستبەتاڵ و گردەنشین دابنیشیت و گەمە بەتەسبیحەکەت بکەیت، یان زارت بکەیتەوە و بەئەوقبوونەوە لە پەردەی تەلەڤزیۆن ڕابمێنیت. دڵنیابە خوێندنەوە دەتکاتە کەسێکی ئاوەزفراوان. لە هەر کۆڕێکدا دابنیشیت خۆت دەبیتە قسەزان، وتەبێژ و گوڵی ئەو مەجلیسە. لە ئەحواڵی دنیا تێ دەگەیت و ڕەنگە کەسانی دەوروبەریشت پرس و ڕات پێ بکەن. ئەوە بزانە، کە دوور لە پرۆسەی خوێندنەوە هیچ کەسێک ناتوانێت ڕۆشنبیر بێت.

هەر پرۆسەی خوێندنەوەیشە ڕێ لە پێش گەشەی هزری و ڕێنیسانسدا خۆش دەکات. بەڵام خوێندنەوە چییە و چلۆن پێناسە دەکرێت؟ شارەزای بواری پەروەردە، نووسەری دانیمارکی، (هانە میولە پیدەرسن) لە کتێبەکەیدا (ڕێنوێنیی خوێندنەوە لە پراکتیکدا: Laesevejlednindg i praksis) ئاوا پێناسەی خوێندنەوەی کردووە: «تێگەیشتنە لە نێوەرۆکی دەقی نووسراو یان چاپکراو... ل. ١٧»

ئاخۆ تۆ بۆ چ ئامانجێک دەخوێنیتەوە؟ ئەمەیان پرسیارێکە پێویستیی

بەوەڵام هەیە. هەن بۆیە دەقێک دەخوێننەوە تاکو خەیاڵ فراوانانە ڕۆبچنە نێو جیهانەکەیەوە، سوودی لێ ببینن. لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیاندا لێی بەهرەمەند بن و کەڵک لە ئەزموونی شارەزایانی ئێستا و پێشینان وەربگرن. جێی باسە، تۆ هەردەم دەقێک دەخوێنییەوە، کە دوور و نزیک لە ڕابردوودا نووسراوە. فزوول (فضول)، یان خۆتێهەڵقورتاندن یەکێکە لە ئاکارەکانی مرۆڤ. ئەم ئاکارە لەلای توخماتی مرۆڤ کۆتاییی پێ نایەت. لە بەرەبەیانی مێژووەوە لەگەڵیدا هاتووە و دەشێ بۆ پرۆسەی خوێندنەوە پاڵنەر بێت. مرۆڤ هێشتا بەتەواوی نهێنییەکانی جەستەی خۆی بۆ کەشف نەکراوە، کەچی ئەوەتا هەڵپەی ئەوەیەتی دەستی بە مانگ و ئەستێرە دوورەکاندا بگات و کەشفیان بکات. دەشێ کتێب خوێندنەوەیش هۆیەک بێت بۆ تێرکردنی فزوولی بێ پایانی مرۆڤ و بۆ کەشفکردنی پەی پێ نەبراوەکان.

خوێندنەوە گەشتێکە بەتاک و تەنیا، بە نیازی خۆپێگەیاندن، بەنێو دنیای بەرینی مەعریفەدا. خوێندنەوە و بیرکردنەوە دووانەن. بەبێ یەک بەرێوە ناچن. خوێندنەوە هێزە. چونکە زەینی مرۆڤی پێ گەشە دەکات. ئەگەر خوێندنەوە تەکتیک بێت ئەوا گەشەی زەین ستراتیجە و بەبێ یەک چێ نابن. ئەو تاکەی نەخوێنێتەوە، خاوەنی بیرەوەری، یان بیرەوەریی بەهێزیش نابێت. خوێنەری چالاک ئەوەی دەیخوێنێتەوە، لە بیری بمێنێتەوە یان بچێتەوە، لێی بەهرەمەند دەبێت.

بەوەدا، کە تاکی کورد زۆر بەکەمی دەخوێنێتەوە، پێ دەچێت ئەم فزوولەی خۆی بەخوێندنەوەی سەرپێییانەی بارودۆخ، سامان، ئاکاری ڕۆژانەی خەڵک و بە لووت ژەندنە نێو ورد و درشتی کاروباری دەوروبەرەکەی، لە خوشک و براوە هەتا خزمانی دوور و دەرودراوسێ تێر بکات. چی دەخۆن؟ چی دەکەن؟ مووچە و داهاتیان چەندە؟ لە کامە حزبدا چالاکن؟ واتە تاکی کورد لووت دەژەنێتە نێو وردەکاریی کاروبارێکەوە، کە تەواو تایبەتین و سنووری ئازادیی کەسانی ترن و دوور و نزیک پێوەندیشیان بەمەوە نییە، بەڵام دەیانبەزێنێت.

لە ڕاستیدا ئەمەیشیان هەر خوێندنەوەیە. بەڵام خوێندنەوەیەکی نەرێنیی

نالەبار و پووچە، کە ئاستی مەعریفەی تاکی تاڵە موویەکیش پێ هەڵناکشێت. زۆرێک لە خوشک و براکان، خزم و دراوسێیەکان، تەنیا بەو نیازە هاموشۆی یەکتری دەکەن تاکو (خوێندنەوە)ی بەردەوامیان بۆ بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووریی یەکتری هەبێت. تاکو ئەم ژنەیان بزانێت براژنەکەی کامە پارچە جلکی نوێی کڕیوە و تاقمە تازەکەی ژووری میوانیان چۆنە و لە کوێ کڕیویانە، تاکو ئەمیش هەرچی زووە لە هەمان تاقم بکڕێت.

هەیە تەنانەت دەیەوێت بزانێت چی لە بەفرگرەکەی (ثلاجة) دراوسێیەکەیدا هەیە! ئا بەم شێوەیە توانای بەشێکی فراوان لە تاکەکانی کورد بەفیڕۆ دەچێت و لێ نابڕێت بەشێوەیەکی زانستی سوود لە خوێندنەوە وەربگرێت. ئەوان دووچاری ئەو خوێندنەوە نەرێنییە بوون، بۆیە ناتوانن ئەرێنی بخوێننەوە. ئەمەیش یەکێکە لە نیشانەکانی کۆمەڵی بەجێماو.

مرۆڤی بەدەربەستی ئەم سەروبەندە تیژتێپەڕە، خولیا و هەڵپەی زۆرە. ئەو گەرەکێتی بەوردی بزانێت، ڕۆژانە لەسەر ڕووی ئەم گۆی زەوییە چی دەقەومێت. ئەو ڕووداوانە هەتا چەند کاریگەرییان لەسەر ڕەوشی ژیانی ئەوی تاک هەیە. ئەم لاپەڕەسەنییەی مرۆڤ، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە هەڵکشاندایە. چونکە لە ئێستادا دنیا لە ڕێی زنجیرەیەک پەیماننامەی سەربازی و ئابوورییەوە پێکەوە گرێ دراون.

ڕووداوگەلی سیاسی و سەربازیی ئەوتۆ هەن، ئەگەر لە کیشوەرە دوورەدەستەکانیش بقەومێن، هێشتا هەر کار لە هەڵکشان و داکشانی نرخی نەوت لە گشت بازاڕەکانی دنیادا دەکەن. ئەمەیش مانای وایە نرخی زۆرێک لە کاڵاکان بەجێگیری نامێننەوە. کەواتە کار لە ئابووریی تاکی بەکاربەریش دەکەن. وێڕای ئەوەی، دەستخستنی زانیاری چێژی ڕوحی بە مرۆڤ دەدا و لە ڕووی مەعریفییەوە پێی دەوڵەمەند دەبێت.

بۆیە مرۆڤی ئەم سەروبەندە، بە تایبەت لە وڵاتانی ڕۆژئاوادا، سەدان جار لە مرۆڤی سەد ساڵ لەمەوبەر زاناترە. ئێستا کەم مرۆڤ هەن تەنیا یەک زمان

بزانن. خوێندەواری ئەمڕۆ چەند زمانێک دەزانێت و هۆیەکانی پێوەندیی نوێ بەکار دەهێنێت. واتە ژمارەیەکی زۆری خەڵک هەن، کە ڕۆژانە بەچەند زمانێک دەخوێننەوە و گوێ لە هەواڵ دەگرن. ئەم دیاردەیە بۆ سەد ساڵ لەمەوبەر ناشێ (مستحیل) بوو. مرۆڤی ئێستا بۆی هەیە و لێبڕاوە هاوکات بۆ ڕابردوویش بگەڕێتەوە و ئاماژە و تەلیسمەکانی سەدان ساڵ بەری نەهۆیش بخوێنێتەوە.

هەیە دەتوانێت زمانە لەبەینچووەکانی وەک سۆمەری، یان ئەو زمانەی، کە کتێبی ئاوێستای پێ نووسراوە بخوێنێتەوە. واتە، تاک هەیە بەزمانەکانی ئێستاوە ناوەستێت و پەل بۆ ڕابردوو دەهاوێت. دەیەوێت بزانێت داخۆ مرۆڤی کۆن چۆن ژیاوە و بیری لە چی کردووەتەوە. خۆزیا و بریاکانی چی بوون و لە نێوان خۆیاندا لەسەر چی بەشەڕ هاتوون؟ لە ئێستادا بووەتە مەراقی ژمارەیەکی زۆر لە کوردانی ڕووناکبیر، ئەوان دەیانەوێت کتێبی ئاوێستا لە سەرچاوەوە بخوێننەوە و بزانن بە چ جۆرە خەتێک نووسراوە و باسی چی دەکات؟

وەلێ هەن بەو مەبەستە کتێبێک دەخوێننەوە، تاکو درز و کەلەبەری تێدا بدۆزنەوە و لەو کەلێن و درزانەوە، دزە بکەنە نێوی، تاکو ڕەتی بکەنەوە و هەڵی بتەکێنن، بەو نیازەی دەقێکی تری نوێ لە بری کۆنەکە بەخوێنەر بناسێنن، کە خۆیان گەرەکیانە، یان خۆیان نووسیویانە.

ئەو تاکەی، کە پشتی لێ کردووەتەوە و ناخوێنێتەوە، ئەوە لەو سۆنگەیەوەیە، کە ئەو بەهای خوێندنەوە پێ نازانێت. مێژوویەکی لەگەڵ کتێب و خوێندنەوەدا بەسەرنەبردووە و چێژی خوێندنەوەی نەکردووە. لە ژینگەیەکی قاقڕدا پەروەردە بووە، کە کتێبی تێدا ناپەیدا بووە. یان لەو ماڵەدا، کە ئەو تێیدا گەورە بووە نرخ بۆ کتێب دانەنراوە. لە کنەمە کتێب کڕین و کتێب خوێندنەوە، هێشتا لەلای دەستەبژێرێکی کەم بەرچاو دەکەوێت و نەبووە بەکولتووری جەماوەر. دەبێت ئەوەش بزانین، کە هەردەم لەنێو ڕیزی خوێنەرە بەدەربەستەکاندا، نووسەر و هزرڤانی داهاتوو هەڵدەکەون.

هەر کتێبە، کە دەکارێت هۆشیاری و مەعریفە بۆ نێو خەڵک بگوێزێتەوە. بۆیە پاشەکشەی کتێب، یان دابەزینی نرخ و بازاڕی کتێب، یەکسانە بەپاشەکشەی هۆشیاریی جەماوەر. ئێستا نرخی کتێب لە کوردستاندا، لە چاو نرخی کتێب لە ئەوروپادا ئەوەندە هەرزانە بەراورد ناکرێت. ئەمڕۆکە دەرامەتی خەڵکیش بەگشتی لە هەموو کاتێک باشترە. بێ بازاڕیی کتێب لە کوردستاندا هیچ پێوەندیی بەئازادیی ڕادەربڕینەوە نییە. چونکە بە بەراورد لەگەڵ ناوچەکەدا، کوردستان بۆ ئازادیی فیکر لەبارترە و لەم ڕووەوە سانسۆر لەسەر چاپەمەنی نییە.

بەسەرێکی تر، دەتوانم بڵێم، هەر لە دەزگەی چاپ و بڵاوکردنەوەوە هەتا دەگاتە سەر کتێبخانەکان و تاکی خوێنەر، لە کتێب سوودمەندن بێجگە لە نووسەر خۆی. دەشێ بڵێم، لە چاو ئەو سەرپشکایەتییەی، کە نووسەرانی ڕۆئاوا هەیانە، نووسەرانی کورد تەنیا ماندووبوونیان پێ دەبرێت.

بۆ ئەوەی داهاتوو باشتر بگوزەرێنیت و کەسێکی خاوەن بەرهەم بیت. بۆ ئەوەی زەینت کراوە بێت و بتوانیت لە کاتی دروستدا بڕیاری دروست بدەیت. بۆ ئەوەی ئاوەز و مێنتاڵت هەتا تەمەنێکی زۆریش بەزیندوویی بمێنێتەوە و نەخەڵەفێیت، لێی ڕامەوەستە و بخوێنەوە. ئەوەیش بزانە، کە ئەوانەی سەروەر مێشکیان بەکار دەبەن و بەردەوام دەخوێننەوە لە زۆر نەخۆشیی کوشندە، کە کۆتا بەژیان دێنن، بەدوور دەبن.

خوێندنەوە ناهێڵێت مێشکت زوو پیر ببێت، چونکە ئەوەی بخوێنێتەوە ناخەڵەفێت، واتە دووچاری نەخۆشیی لەبیرچوونەوە نابێت. هەروەها ئەوانەی، کە مێشکیان بەکار دەبەن بەدەگمەن تووشی نەخۆشیی شەکرە دێن. چونکە پرۆسەی بیرکردنەوە، هەموو ئەو شەکرە زیادەیەی لە لەشدا کۆ بووەتەوە، دەسووتێنی و بەکاری دەبات. کەواتە بخوێنەوە بۆ ئەوەی بەرهەمی هزریت هەبێت. بۆ ئەوەی بڕوا بەخۆت پەیدا بکەیت و تاکێکی بوێر بیت. بۆ ئەوەی بتوانیت بڕیار بدەیت و بێ ترس کێشەکانت چارەسەر بکەیت.

یەکێک لەو هۆکارانەی وەهای کردووە، ئێمەی کورد ئەگەر برێک لە بیرورای سیاسیدا لە یەکتر جیاواز بووین، ئیدی بەبێ سڵکردنەوە بەیەکتری بڵێین (ئەوی دوژمن)، ئەوەیە، کە ئێمە ناخوێنینەوە. چونکە کاتێک تۆ دەخوێنیتەوە، واتە گوێ لە رای کەسێکی شارەزای بوارەکەی خۆی دەگریت. نووسەرێک لێبڕاوە، ئەوەی دەیزانێت بۆی کۆ کردوویتەوە و لەسەر سینییەکی زێڕ پێشکێشی کردوویت. خوێندنەوە گیانی لێبووردن و قەبووڵکردنی یەکتری و رای ئەوانی تر و بەدۆست و ئاشنا حیسابکردنیان، لەلای تاک دەچەسپێنێت.

هەر بۆ نموونە، کاتێک تۆ رۆمانێکی ژاپۆنی دەخوێنییەوە، ئەوا ئەو خوێندنەوەیە لە خۆیدا واتای ئەوەیە، تۆ گوێ لە را و بۆچوون، رەوشی ژیان و کێشەکانی ئەوان لەوێ رادەگریت. ئێمە بەخوێندنەوەی چاپەمەنیی رابردوو، گوێ لە رای رابردوویش دەگرین، وەک چۆن گوێ لە دەنگە جیاوازەکانی ئێستا دەگرین.

هەر پرۆسەی خوێندنەوەیشە بتوانێت گۆمی هزرە چەقبەستووە کۆن و تۆز لێنیشتووەکان بشڵەقێنێت، کە مێژوویەکە لە مێشکی تاکدا بنیان ناوەتەوە، لەسەریان راهاتووە و بەنەگۆڕیان دەزانێت. لە رێی خوێندنەوەوە گۆڕانی گەوهەری بەسەر هزری تاکدا دێت. دەستبەرداربوونی ئەو ئاکار و خدە دزێوانەشی، کە بەلایەنە تاریکەکانی کولتوورەوە وابەستەن و دەست و پێی تاکیان بەستووە، دیسان کارکردی پرۆسەی خوێندنەوەیە.

تۆ چەند ئەزموونی ژیانت دەوڵەمەند بوو بێت؛ پڕ لە هەوراز و نشێو بوو بێت و ئەزموونی لێوە فێر بووبیت، یاخۆ دەرست لە ژیانی کەسانی بەئەزموونی دەوروبەرت وەرگرتبێت، هێشتا هەر پێویستیت بە خوێندنەوە هەیە. تۆ تەنیا بە خوێندنەوە دەگەیتە نهێنییەکان. واتە خوێندنەوە کلیلی کردنەوەی دەرگە داخراوەکانە.

خوێندنەوە لە رووی چەندێتی و چۆنێتییەوە، سامانی زمانی پێ هەڵدەکشێت. خوێندنەوە، کارامەییی هزریی مرۆڤ سەردەخات و ئالیکاری

مرۆڤ دەکات بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی. چێژ لە جوانیی هونەر و ئەدەب وەردەگرێت. هەروەک سوود لە کاتی بێکاریی خۆی دەبینێت. سوود لە بەرهەمی هزری مرۆڤایەتی دەبینێت. خوێندنەوە بریتییە لە تێگەیشتن و سەیڤکردنی زانیاری، بۆ ئەوەی مرۆڤ لە کاتی پێویستدا بیهێنێتەوە یاد، یان کاتێک لەگەڵ ئەوانی تردا دەپەیڤێت، سوودی لێ ببینێت. خوێندنەوە ڕۆڵی گرینگ لە بنیاتنانی کەسێتیی تاکدا دەبینێت.

(جوبیس تیرلی) لە کتێبەکەیدا (مهارات القراءة السريعة) بە (دە) خاڵ وەڵامی ئەم پرسیارەی خۆی دەداتەوە:

بۆچی دەبێت پەرە بەکارامەییی خۆت لە خوێندنەوەدا بدەیت؟

١- خوێندنەوە، متمانەم بەخۆم گەشە پێ دەدات.

٢- بەهۆی خوێندنەوەوە لە ڕاپەڕاندنی کارەکانمدا لێوەشاوەتر دەبم.

٣- بەهۆی خوێندنەوەوە، بڕیارەکانم کاریگەرتر دەبن.

٤- بەهۆی خوێندنەوەوە، دەرفەتی هەڵکشانم لە بواری کارەکەمدا زیاتر دەبێت.

٥- خوێندنەوە، لە بەرانبەر تەنگژە و پاڵەپەستۆدا ڕاوەستاوترم دەکات.

٦- خوێندنەوە، تێگەیشتن و دەرککردنم بۆ کاروبارەکان زیاتر دەکات.

٧- خوێندنەوە، دەمکاتە ئەندامێکی دیار و کارا لە تیمی کارکردندا.

٨- خوێندنەوە، دەمکاتە کەسێکی دەموڵەبز شیرین، لە تافی گفتوگۆکردن لەگەڵ ئەوانی تردا.

٩- خوێندنەوە، دەمکاتە کەسێکی وردبینتر و زیرەکتر.

١٠- خوێندنەوە، توانای بەرپرسیارێتیم سەردەخات.

## چێژی خوێندنەوە

پێم وایە لێرەدا وشـەی لـەزەت پڕ بەپێـسـتی بێت هەتا (چێـژ)، کـە زیاتر بۆ خـواردن و خـواردنەوە گونجـاوترە. هەرچۆنێک بێت. ڕەنگە زۆرێک لە ئێمـە تا ئێـستـایش، نـاوە نـاوە لەزەتی خـوێندنەوەی یەکـەم کـتێـبـمـان لە یاد مـابێت و غەریبیشی بکەین. هۆکارەکەیشـی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە بۆ یەکـەم جار بووە و بەتەمــەنێکی کـەمــەوە ئـاوێزانی دنیـای کـتـێب و خـوێندنەوە بـووین. دەشـێ هەندێک لە ئێمە پێشـتر سـووکە ترسێکمـان لە پرۆسـەی خوێندنەوە هەبووبێت و بە کـاری گـەورەکانمـان زانیبێت. بەتایبـەتی نەوە کۆنەکان، چونکە کـتێب لە سـەردەمی ئەواندا کاڵایەکی دەگمەن بووە. دوای ئەوەیش، ڕەنگە بەشێکی تری ئەو لەزەتەی کە لـە یادمان ناچێتـەوە، لەو سۆنگەیەوە بێت، بەر لە خـوێندنەوەی یەکـەمین کـتـێب دووچـاری ڕاڕایی و دڵەڕاوکـێـیـەکی ئەوتۆ بـووبین، وەهـامـان زانیبێت، کارێکی قورسە و گوایە بەئاسانی سەری لێ دەرناکەین. واتە ئێمەی منداڵ یان مێرمنداڵ لە خۆمان ڕانەبینیوە یەکڕاست دەست بدەینە بەرهـەمی گەورەنووسـەرێکی جیهـانی و بیخوێنینەوە. وەلێ دوای ئەوەی بەسـەرکەوتوویی لە یەکـەم ئەزمـوون دەرهـاتووین و تووشی مەستی و سـەرسـامییەکـی کەموێنە بووین، ئیدی سامـمان شکاوە و درێژەمان بەخوێندنەوە داوە.

سـەرباقی ئـەوەش، دەشـێ یەکەم خوێنـدنەوە گۆڕانی بەسـەر کـەسییـەتیمـاندا هێنـابێت. دوای خـوێندنەوەی کـتـێـبـەکـە، هەسـتـێکی وەهـا دایگرتبـێـتین، لە هەسـتکردن بەشـانازی چووبێت. چونکە بەخۆمـان زانیوە، کە لە چاو زەمـەنی بەر لە خـوێندنەوەکەدا بڕێک لێزانتر و کـامڵـتر بووین. واتە هەسـتمـان کردووە بڕێک لە جاران پتر دەزانین. خۆشمـان لێ بەخاوەنی ئەو تەنیا کتێبە کردووە، کە خوێندوومانەتەوە. هەر ئەو تەنیا کتێبەیش بووەتە بەردی بناغە بـۆ مێژووی خـوێندنەوەی ئێمـە. ئیدی لەوساوە لە هـەوڵی ئەوەداین چینی تری نوێ لەسـەر ئەو بـەردە گـرینگە هەڵچنین. ئیـدی لەو سـاتەوەختــەوە لەزەتی یەکــەمین خـوێندنەوەمـان لە یاد ناچێت. هـەر لەوێشـەوە خـوێندنـەوە بووە بە بەشـێک لە

خـولیـا و مـێـژوومـان. ئەدیسـۆن دەڵێت: «خـوێندنەوە بۆ ژیری (عـەقڵ) وەک وەرزش بۆ لەش وایە»

هـەر ئەم لەزەتی خوێندنەوەیەیشە بڕێک جاران دنەمان دەدات، وەک (حەنین) بۆ تافی منداڵیی خۆمـان، یان بەیادی خوێندنەوەی یەکەمین کتێبەوە، جارێکی تر، لە تەمـەنێکی هەڵکشـاودا بگەڕێینەوە سـەر هـەندێک لەو کـتـێبـانـەی کـاتی خـۆی، لە سـەرەتاکـاندا وەک سیـحـر کاری تێ کـردبووین و مـەستی کـردبووین. وەلێ دووەم خـوێندنەوە دوای ڕابـوردنی تەمـەنێک دێت، کـە دەشـێ ئێـمـە لەو مــاوەیـەدا ئەزمـــوونێکی زۆرمـــان لەســـەریـەک کـــەڵەکـــە کـــردبێت و دید و دنیـابینیـشـمـان گـۆڕانی گەوهەرییـان بەسـەردا هاتبێت، بۆیە هـەمـان لەزەتی سـەردەمی لاوی یان مێرمنداڵی لێ نابینین، یان ڕەنگە لە دووەم خـوێندنەوەدا، ئەو کتێبە بە جۆرێکی تر هـەڵبسەنگێنین.

دەشێ بەشێوەیەکی گشتی کتێبەکان بە دوو جۆر پۆلێن بکەین. بەشـێکیان ئێـمـەی خوێنەر زۆر بەئاسـانی و خـێـرایی لە خـوێندنەوەیان دەبینەوە. وەلێ هەست دەکەین هیـچی ئەوتۆمان لە خـوێندنەوەیان نەبەستووەتەوە، یان هیچی وای نوێیـان لێوە فێر نەبووین. بۆیە چێژی ئـەم جۆرە کتێبـانە کاتییە و زوو لە بیـر دەچێتـەوە، هیـچی ئەوتۆیش نـاخـەنە سـەر توێشووی ئەو زانیـارییانەی، کە سـالانێکە لە زەینی خـۆمـاندا ئەمبـارمـان کردوون. وەلێ لە بەرانبـەردا جـۆرە کـتـێبێکی تر هەن، هـەروا بەئاسـانی خـۆیـان بەدەسـتـەوە نادەن. ئەمـەیش لەو سـۆنگەیـەوە ڕوو دەدات، کە ئەو زانیـارییـانـەی لە خۆیاندا ئەمبـاریان کردووە بەئێـمـە نائاشنان و ئێـمـە سـەرەتایەک لەو زانسـتـە، یان لەو ئەدەبەمـان لەلا کەڵەکە نەبـووە، یان ڕەنگیشـە بۆ شـێوازی (سـتـایل) نوێ و میـتـۆدی نوێی ئەو نووسـەرانە و دەوڵەمـەندی و تازەگەریی بابەتەکانیـان بگـەڕێتـەوە. بۆیە دەشـێ کـەم تا زۆر ئێـمـەی خـوێنەر مـاندوو بکـەن. وەلێ کـاتێک لە خـوێندنـەوەیان دەبینەوە، هەست بەوە دەکەین، کە ئیدی ئێمە لە چاو جاراندا جیاوازین.

بەلام (ئـەنتـوان کـامــبـانیـون) لـە وتارەکـەیدا، بە سـەردێری «دڵەڕاوکـێی ئاگەداری: (قلق الإطلاع) ڕای جیـاوازی هـەیە. ئەو دەڵێت: «خـوێندنەوە لەزەتە،

لەزەتی مـۆنتێنی، لەزەتی مـەدام بۆڤاری، لەزەتی بروست، بەڵام هەمیـشـە بە وەڕسـبـوونەوە بـەسـتـراوەتەوە، لەزەتێک بەوە جـیـا دەکرێتـەوە، چرکەسـاتێکی مردووە، لە بناغەوە پشت بە بۆشایی دەبەستێت.»

کـامـبـانیـون پێی وایە، ئەوە وەڕسـبـوونە، کـە ناچارمـان دەکـات پەنا وەبەر کـتـێب ببـەین و بخـوێنینەوە. ئـەوە هـەسـتکردنە بـەبوونی بۆشـایی لـە ژیاندا، کـاتێک ئێـمـە ڕوو لـە کـتـێب خـوێندنەوە دەکـەین. بەڕای کـامـبـانیـون، ئەگـەر بۆشـاییی بێ تام نەکـەوتایەتە نێـو سـاتەکـانی تـەمـەنەوە، ئێـمـە ڕوومـان لە خوێندنەوە نەدەکرد.

هـەروەها کـامـبـانیـون پێی وایە: «دڵەڕاوکێ شـوێنی هـەمیـشـەییی لە پێش خوێندنەوە و دوای خوێندنەوە و تەنانەت لە کاتی خوێندنەوەیشدا هەیە.» بەڵام ئەنتـوان کـامـبـانیـون ناتوانێت خـوێندنەوە لـە سـوود گـەیاندن و گـۆڕینی ئەرێیـانەی تاکی خـوێنەر ڕووت بکاتەوە، کاتێک بۆ یەکەم جار لەنێو دنیـای کتێبی گرینگ و نوێدا قووڵ دەبێتەوە. هەرچۆنێک بێت، ئێمە دوور لە پرۆسەی خوێندن و خوێندنەوە، دەکەوینە نێو بۆشاییـەکی فەرهەنگی و هزرییەوە و ڕێ دەرنابەین.

ئێمە وەختایێ کتێبێکی نوێ دەخوێنینەوە، لە تافی خوێندنەوەیدا، تێکڕای ئەو زانیـاری و بیـرەوەرییـانەی، کـە لە دەوری ئەو باس و خـواسـانەی نێـو کـتـێبـەکـەی دەسـتـمـان دەسـوورێنەوە و پێـشـتـر لەو بەسـتـێنەدا کـۆمـان کـردبوونەوە، بەئاگـا دێن و دەورووژێن. وەک کـردەیەکی زەینی لەگـەڵ زانیارییەکانی ئەم کتێبە نوێیەدا تێکەڵ یەک دەبن.

## مێژووی خوێندنەوە

لە سـەمتی ئەم باسـەدا، هـەوڵ دەدەین ئەوە ڕوون بکەینـەوە، چلۆن مرۆڤی کۆن لە پێش مێـژوویشـدا، واتە لە پێش داهێنانـی ئەلفـوبێ و نووسـینیـشـدا هـەر هـەوڵی خـوێندنەوەی داوە. وەلێ داهـێنانی پیـتـەکـان و زمـانـی نووسـین، پەرەی

بەکردەی خوێندنەوە داوە و فراوانتر و خێراتریشی کردووە.

لە ئەزەلەوە خولیای مرۆڤ بووە، گرێ کوێرەی هەموو ئەو دیاردە و ئیماژانەی، کە دەیانبینێت و هەستیان پێ دەکات بکاتەوە، تاکو لە دڵیدا نەبن بەگرێ و خۆی لەگەڵیاندا ڕابهێنێ. ئەم ئاکارە خۆڕسکە مرۆڤی بەرەو کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر ژینگەکەی خۆی پاڵ داوە. دوای مەرگی خۆیشی ئەزموونەکانی بۆ نەوەکانی بەجێ هێشتووە، تاکو ئەوانیش لەلای خۆیانەوە، لێی بەهرەمەند ببن و زانیاریی نوێتریشی بخەنە سەر.

خوێندنەوە زاراوەیەکی فرەواتا و فرەڕەهەندە. دەشێ بڵێین، ئێمەی بینەری پێشانگەکانی هونەری شێوەکار، کەڤاڵی شێوەکاریش دەخوێنینەوە. سەرەتا چاوێک بە کەڤاڵەکەدا دەخشێنین. پاشان بە چڕی زەینمان دەخەینە کار و بەهۆی توانای لێکدانەوەی خۆمانەوە، بەفیگەرەکانی نێو کەڤاڵی تاین ئاشنا دەبین. دواتر فیگەرەکان پێکەوە گرێ دەدەین و کۆدەکانی کەڤاڵەکە دەکەینەوە. تەئویلیان دەکەین و واتایان پێ دەدەین. ئەم پرۆسەیەیش لە خۆیدا خوێندنەوەیە.

ئەو کەڤاڵانەی کە مرۆڤی دێرین لەسەر دیواری ئەشکەوتەکان کێشاونی، تەواوی ئەو ئاماژانەیشی، کە لەنێو ئەو کەڤاڵانەدا هاتوون، هەر بەو نیازە کێشراون، کاتێک ئەوانی تر، بەهەر نیازێک ڕێیان دەکەوێتە نێو ئەشکەوتەکە بیخوێننەوە و لێی تێ بگەن، یان لێی سوودمەند ببن. ئێمە لە ئێستاشدا ئاماژە و نەخش و نیگار و لۆگۆکانی مرۆڤی کۆن بەرز دەنرخێنین و دەیانخوێنینەوە. بگرە لە نووسینی ئاساییی ئەم سەردەمەیش پتر چێژیان لێ دەبینین. بۆیە لە نوێ و لە کارگەکاندا، زۆرێک لەو فیگەرانە لە مادە کانزاییەکان دادەڕێژینەوە. دەرگە و دیواری ماڵەکانمانی پێ دەڕازێنینەوە. بەگەشتیارە بیانییەکانی دەفرۆشین. ئەو گەشتیارانەیش لە ئێستادا، لە ڕێی ئەو ئاماژە و ئیکۆنانەوە خوێندنەوە بۆ مێژووی ئەو وڵات و دەڤەرانە دەکەن، کە بەگەشت ڕووی تێ دەکەن.

ئەو ماوە کورتەی سەردەمی دەزگیرانی، کاتێک کوڕ و کچ پێکەوە دەگەڕێن و لەمەڕ زۆر پرسی ورد و درشت گفتوگۆ دەکەن، یان بەگەشت شوێنان دەگەڕێن، دەکرێت بەسەردەمی خوێندنەوەی کەسییەتیی یەکتری بدەینە قەڵەم. جا ئەگەر لەو خوێندنەوەیەدا، کە بەوردی هەوڵی ناسینی یەکتری دەدەن، یەکودوویان بەدڵ بوو، ئەوا دەبنە ژن و مێرد. وەک دەبینی لەم خوێندنەوەیەدا زمانی نووسین و خوێندنەوە، بەمانا باوەکەی بەکار نەبراوە.

نووسەران دەمرن، بەڵام دوای مردنیشیان، خوێنەران چێژ لە بەرهەمەکانیان وەردەگرن. وەلێ مرۆڤ کاتێک دەخوێنێتەوە، پەرە بەدۆخی مرۆڤانەی خۆی دەدات. لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی وا دەیخوێنێتەوە، خۆی لە هەر کاتێک چاکتر دەناسێت.

ئەم گەردوونەیش لە خۆیدا، لە پێش چاو و زەینی مرۆڤدا، مەزنە کتێبێکی بەلڤلڤینی دەوڵەمەندی والایە. هەموو کات بۆ خوێندنەوەی ئێمە ئامادەیە. لەو ڕۆژەوە، کە مرۆڤ، وەک وریاترین بوونەوەر، لەسەر ئەم ئەستێرەیە سەری هەڵداوە، تامەزرۆی خوێندنەوەی گەردوون بووە. مەبەستی بووە، بەتایبەکاری و بەوردی ژینگەکەی خۆی بخوێنێتەوە. هەموو ئەو ئەفسانە زارەکییانەشی، کە ڕۆی ناون، هەوڵدانی چڕ بوون بۆ خوێندنەوەی سروشت و تێگەیشتن لە گەردوون، بەتەواوی دیاردەکانیەوە. وەک مانگ و خۆر، یان مانگگیران و خۆرگیران و لافاو و ئاگرکەوتنەوە و بڵاوبوونەوەی پەتا کوشندەکان و پرسی مەرگ و چارەنووسی مرۆڤ لە دوای مەرگ. کەواتە مرۆڤی سەرەتاییش، بەر لە داهێنانی ئەلفابێ و زمانی نووسینیش هەوڵی خوێندنەوەی دەوروبەری خۆی داوە، تاکو بتوانێت لە تەک ژینگەی هەرێمەکەیدا ڕابێت و بحەملێت. تاکو بکارێت دوور لە چەرمەسەری و کارەسات ژیانی تێدا بگوزەرێنێ.

هەر خێڵە کوردێک بگریت، هەوڵی داوە و ئێستایش دەیدات، تاکو هەرچی وردتر خێڵەکانی دراوسێی و تەواوی خێڵە نەیارەکانی دەوروبەری خۆی بخوێنێتەوە و بزانێ ژمارەی چەکداری سوارە و پیادەیان، ژمارەی پەز و گاوگۆتاڵیان، ژمارەی ڕەشماڵ و شەڕوانە زەبربەدەستە گورزوەشێنەکانیان،

وەک هەن، بەبێ زێدەڕۆیی بزانێت و هەڵیان بسەنگێنێ. بەوردی لە خولیا و نیازی فراوانخوازییان بکۆڵێتەوە. لێیان حاڵی ببێت و لایەنی بێهێزیشیان بزانێت، تاکو لە کاتی شەڕدا لەو کەلەبەرەوە دزە بکاتە ناویان.

هەر بەرەبابێکیش بەنیاز بووبێت گوندێک ئاوەدان بکاتەوە و بیکاتە مەفتەن و شوێنی ژیانی خۆی. ئەوا، هەوڵی داوە هەڵکەوتەی ئەو شوێنە، لە ڕووی بەپیتیی خاک و ئاوەوە، هەروەها لە ڕووی ستراتیجییەوە بخوێنێتەوە، کە هێندەی ئاویژەیی و بەپیتیی خاک و پاکژیی لەوەڕەکەی و چڕیی دارستانەکەی بەلایەوە گرینگ بووە. بەتایبەتی خێڵی کورد، کە بە درێژاییی مێژوو لەبن پاڵەپەستۆی دوولانەدا بووە، پاڵەپەستۆی دەرەکی و پاڵەپەستۆی خۆبەخۆی نێوان خێڵەکان، لەسەر لەوەڕ و ئاو و دەسەڵات.

سوند دال، لە کتێبەکەی خۆیدا و بەسەردێری، پەڕە بەردییەکانی میسر، نووسیویەتی: «لە مێژووی خەت و کتێبدا، میسرییە کەوناراکان لە پێش گەلانی ترەوە بوون. هەروەک چۆن لە زۆرینەی بوارەکانی تری شارستانیی مرۆڤایەتیدا هەردەم پێشڕەو بوون. ئەوان لەسەر پەڕەی بەردی، کە گیایەکە لە دەم زەلکاوەکانی دەلتای نیلدا ڕواوە، بەیۆنانی پێی دەوترا (پاپیرۆس). ئەوان لەسەر پەڕەی ئەم گیایە نووسیویانە... بڕوانە: مێژووی کتێب، ل/٦»

پێ دەچێت خوێندنەوە، لە مێژوویەکی زۆر کۆنەوە لە دۆڵی میزۆپۆتامیاشدا سەری هەڵدابێت. ئەمەیش لەو سۆنگەیەوە دێت. کە خەتی بزماری، داهێنراوی سۆمەرییەکانە. ئەم گەلە زیت و وریایە نیشتەجێی باشووری عێراقی ئێستا بوون. هەندێک سەرچاوەی مێژوویی، ڕەچەڵەکی سۆمەرییەکان دەبەنەوە سەر گەلی کورد. پێیان وایە کە ئەوان لە چیاکانی باکورەوە کۆچیان بەرەو پێدەشتەکانی باشووری عێراقی ئێستا کردبێت.

یەک لە باری کتێب، سەردەمی فەرمانڕەواییی ئاشوورییەکان بە تافی زێڕین دەزانرێت. کاتێک (ئاشوور بانیپاڵ)ی پادشای وڵاتی ئاشوور، بۆ یەکەم جار لە هەرێمەکەی خۆیدا کتێبخانەی چێ کردووە. ئەو پادشایە بەهەزاران

کتێبی لە شوێنێکی تایبەتدا کۆ کردووەتەوە و پاراستوونی. کتێبەکان لەسەر تاتی قوڕین، بە پیتی بزماری نووسراون و پاش وشکبوونەوەیان، لەنێو ئاگردا سوور کراونەتەوە، تاکو بەرگەی گەرمی و ساردیی وەرزەکان و لەبەینچوون بگرن. کەواتە خوێندنەوەیش هەر لەم هەرێمەوە پەرەی سەندووە.

وەکی تر، لە سەردەمە کۆنەکاندا، بە زۆری بنەماڵەی پادشا و میرەکان و پیاوانی ئاینی کتێبیان لەلای خۆیان گل داوەتەوە و خەمیان خواردووە. ئەو سەردەمە کتێب کاڵایەکی دەگمەن بووە. ژمارەی خوێندەواریش زۆر کەم بووە.

کەواتە پرۆسەی نووسین و خوێندنەوە لە دۆڵی میزۆپۆتامیادا، مێژوویەکی کۆنی هەیە. دواتر بەهۆی داهێنانی کاغەزەوە، کتێبی دەستنووس بەدنیادا بڵاو بووەتەوە. پاشان بەداهێنانی ئامێری چاپ، کتێب و ڕۆژنامە، پرۆسێسی خوێندنەوەیان بەجەماوەری کردووە.

کەواتە لە سەرەتای سەرهەڵدانی نووسینەوە، ڕۆنانی کتێب و پرۆسەی خوێندنەوە و نووسین خەدەیەکی جەماوەری نەبووە. بگرە سنووردار بووە. نەزری دیوانی پادشا و میر و پەرستگەی ئاخوندان بووە. هەندێک ئەرکی تایبەتی پێ ڕایی کراوە.

«نووسین و خوێندنەوە، لە ئەنجامی هەستکردنی گەلان بەپێویستیی ئەم دوو دیاردەیەوە بووە. ئەگەر بڕوانینە مێژووی ئەم جووتە دیاردەیە، دەبینین مرۆڤ بۆیەکا نووسیوێتی و خوێندوویەتییەوە، تاکو بەدەنگ پێداویستییەکانی باوەڕی ئاینی و ژیانی دوای مەرگەوە بچێت، وەک فیرعەونەکان کردوویانە، کاتێک ئەوان پیرامیدیان بنیات ناوە و نووسینی هیرۆگلیفییان تۆمار کردووە، تاکو ژیانی دوای مەرگیان بۆ تەرخان بکات. یان بۆ مەبەستی بازرگانی بووە، وەک لەلای فینقییەکان دەبینرێت. یانژی لە بۆ تۆمارکردنی ئەو یاسا و فەرمانانە (مراسیم) بووە، کە لەلایەن فەرمانڕەوا و پادشایانەوە دەرچوون، وەک لەلای حامورابی و ڕۆمانەکان دەبینرێت. یاخۆ لە بۆ تۆمارکردنی گەنگەشە هزرییەکان و مەعریفە و فەلسەفە بووە، وەک لە یۆنانیی کۆندا

بەرچاو دەکەوێت، یان لە پێناوی خوداپەرستی و تۆمارکردنی یاسا ئاسمانییەکاندا بووە، وەک یەهوودی و کریستیان و موسڵمان کردوویانە... بڕوانە: بسام بركة، دور القراءة في حياتنا الإجتماعية المعاصرة»

## بۆچی کورد ناخوێنێتەوە؟

هێشتا ڕێژەی نەخوێندەوار لەنێو ڕیزەکانی میللەتی کورددا بەرزە. دیارە لەم بوارەیشدا ئامارێک لە بەردەستدا نییە، بەڵام ئاشکرایە، کە ڕێژەی نەخوێندەوار لە ڕیزی مێینەدا هەڵکشاوترە، بەتایبەتی لە گوندەکاندا. وەک تەمەنیش لەنێو بەتەمەنەکانی دێهاتدا نەخوێندەواری لەوپەڕیدایە.

ئەم وابەستەییەی کورد بەداگیرکەرەوە کارێکی کردووە. زۆرێک لە خدە ناجۆرەکانی ئەوانیش بگرین و لەگەڵیاندا ڕابێین. یەکێک لەو خدە ناجۆرانەیش نەخوێندنەوەیە. ئەگەر بەپێی ئامارەکانی خۆیان بێت، هاووڵاتیی عەرەب ساڵانە دەوروبەری شەش خولەک دەخوێنێتەوە.

گرینگترین هۆکاری پشتکردنە کتێب ئەوەیە، کە پرۆسەی خوێندنەوە لە کن ئێمەی کورد نەبووە بە کولتوور. زۆرینەی ماڵەکانی شارستانیش کتێبیان تێدا نییە. ئەو تاکوتەرایەیشی وا دەخوێننەوە، لە هەستکردنیانە بە گرینگیی ئەم کولتوورە. پرۆسێسی خوێندنەوەیش خدە پێوەگرتن و لێ ڕاهاتنە. خدەیەکە بە زۆری لە باب و دایکەوە بۆ نەوەکانیان دەگوێزرێتەوە. دیارە هەر منداڵێکیش لە ژینگەی وەها قاقڕدا پەروەردە بووبێت، ئەویش ناخوێنێتەوە. تەنانەت ئەم جۆرە منداڵانە کاتێک ڕێیان دەکەوێتە هەندەران و لەوێ نیشتەجێ دەبن. ئەو شارستانەی ئەورووپایش کاری ئەوتۆیان تێ ناکات و نایانجوولێنێت. لەوێش کتێب بەمیوانیش ڕێی ناکەوێتە ماڵیان. بەبێ زێدەگۆیی، لە ئەورووپادا هیچ کەمینەنەتەوەیەک بە وێنەی ڕەوەندی کورد پشتی نەکردووەتە خوێندنەوە. لەو بڕوایەدام بە دە خێزانی کورد کتێبێکیان لە ماڵدا نییە.

بۆ ئەوەی لاوانی ئێستا فێری خوێندنەوە بن، دەبێت لە ماڵێکدا پەروەردە

بووبێتن دایک و بابیان، یان هەر نەبێت یەکێکیان ئارەزووی بەشوێنداچوون و خوێندنەوەی تێدا بووبێت و لە ماڵەکەی خۆیدا کتێبخانەیەکی گچکەی هەبووبێت و کتێبی منداڵانی بۆ نەوەکانی خۆی دابین کردبێت. تاکو لەو ماڵەدا پرۆسەی خوێندنەوە ببێت بە کولتوور. ئیدی ئەوانیش لەگەڵ پێشڤەچوونی تەمەنیاندا لە لایان دەبێت بەکولتوور و هەمان ئاکار لەگەڵ نەوەکانی خۆیاندا پەیڕەو دەکەن و بگرە پەرەیشی پێ دەدەن.

لە وڵاتانی ڕۆئاوادا، کە ئێوارەی ڕۆژی هەینیی بەسەردا هات، ئیتر دایک و بابەکان دەبینی، دەستی منداڵەکانیان گرتووە و لە تەک خۆیاندا بۆ کتێبخانە گشتییەکانی گەڕەکیان دەبەن. لەوێ هەم بەگوێرەی سەلیقە و ئارەزووی منداڵان خۆیان و هەمیش لەسەر ڕێنوێنیی دایک و باوکان، بندەستێک کتێب هەڵدەبژێرن. لە ماڵەوە لە پشووی هەفتەدا بۆ منداڵەکانیانی دەخوێننەوە، یان بەپێی تەمەنیان هاوکارییان دەکەن، خۆیان بخوێننەوە. هەر دایک و بابێکیش بگریت، لە دەورانی منداڵیی خۆیدا، بەدەیان حیکایەتی خۆماڵی و بیانیی گوێ لێ بووە. خۆیشی بەدەیانی تر حیکایەت و چیرۆک و شیعری منداڵانی خوێندووەتەوە. ئەوانیش دیسان ئەوەی دەیزانن بۆ نەوەکانی خۆیانی دەگێڕنەوە. ئا لێرەوە کولتووری خوێندنەوە چێ دەبێت.

وتارە زارەکییەکان سەرچاوەی سەرەکیی فەرهەنگی خێڵیان پێک هێناوە. لە سۆنگەی نەخوێندەوارییەوە بووە، کە خێڵ نەیتوانیوە وتارەکانی لەسەریەک کەڵەکە بکات و کۆیان بکاتەوە. واتە خێڵ ئەرشیڤی (Archives) نییە. بگرە زۆربەی ئەو وتارانەیشی، کە بەرهەمی هێناون، لە کاتی خۆیاندا با بردوونی و تەنیا کاریگەریی کاتییان لەسەر تاکەکان هەبووە. ئەو وتارانە زیاتر بۆ مەبەستی وورووژاندن و کاریگەری دانان لەسەر سۆزی کوڕانی خێڵ، بەپەلە هەڵخڕێنراون، نەک بەنیازی بەرهەمهێنانی مەعریفە و هزر. دوای ئەوەی ئەو بۆنە و مەقامانە تێپەڕیون و کۆن بوون، ئیدی گوتارەکانیش لە بیر چوونەتەوە. جاری وا هەبووە، وەک وتاری پێش شالاوبردنی خێڵەکان بۆ سەر یەکودوو، هەر ئەو ئان و سەعاتە، گەرماوگەرم کاری تێ کردوون و دوای کۆتاییهاتنی

شەڕەکە، وتارەکەیش لە یاد چووە.

باس و خواسی کۆمەڵگەی کوردەواری تاکو ئێستایش بە زۆری وەک دەنگۆ بەدیار دەکەون. جا ئەم دەنگۆیانە، ئەگەر بە ڕاست دەربچن یان درۆ. هیچ پێویستییەکیان بە کتێب و بەتۆمارکردن نییە. چونکە سروشتی دەنگۆ وەهایە، لەم زارەوە بۆ ئەو گوێ بڵاو دەبێتەوە. بەتایبەت لەم سەردەمەدا، کە تەلەفۆنی دەستی، لە بەردەستی هەموو لاوێکدایە. دەتوانم بڵێم: تاکو ئێستایش، ئێمە زیاتر میللەتێکی فەرهەنگ زارەکین تا کتێبی.

وای لێ هاتووە هەندێک نووسەر هەن تەنیا بۆ خۆیان دەنووسن و خوێنەریان نییە. یان خوێنەرێکی زۆر کەمیان هەیە. ئەگەر بڵێی کتێبیش وەک دەقی شانۆیی وەهایە، هەتا نەخرێتە سەر تەختەی شانۆ نابێت بە وتار (Discourse). کتێبیش ئەگەر خوێنەری نەبوو، ئەوا بریتی دەبێت لە بلۆکە کاغەزی جزووبەندکراو. وەلێ کەڵەکەبوونی هزر و زانیاری، تەنیا لە ڕێی نووسینەوە جێبەجێ دەبێت، نەک بەشێوەی زارەکی.

جا چونکە لاوانی کورد، لە زێدی خۆیاندا، تەنیا خاوەنی کولتووری زارەکی بوون، ئەوا کاتێک پەڕیوەی ڕۆئاوایش دەبن، وەک چۆن پێشتر لەسەری ڕاهاتبوون، لەوێش هەر ناخوێننەوە. لەوێش منداڵەکانیان لەم بەهرەیە بێبەش دەبن. بۆیە منداڵی کورد، ئەگەرچی لەوێش لەدایک بوون، کەچی مەگەر بەدەگمەن، دەنا ئەگەر وەک تێکڕا بیگریت، ئاستی هۆشیاریی منداڵی کورد ناگاتە ئاستی منداڵێکی سوێدی، نەرویجی و ئینگلیز.

لەوێیش، لەنێو شەڕەکەی ئەوروپادا، بەدەگمەن دایک و باوکان، کتێبی کوردی بۆ منداڵەکانیان دەستەبەر دەکەن. بگرە ڕێژەیەک لە منداڵانی کورد لە زمانی دایک و بابیان ناحاڵین و لەم بەستێنەدا تەقەی سەریان دێت. بیرت بێت، کاتێک لاوانی کورد بەرەو ئەوروپا کۆچ دەکەن، ئەوانە مەگەر بەدەگمەن، دەنا لە دووی زانست و مەعریفە نین، بگرە کۆکردنەوەی پارە و سامان، ئاوات و مەبەستی سەرەکییانە.

تاکی کورد، کە پارە بەکتێب نادات، ئەم هەڵوێستەی لەو سۆنگەیەوە سەرچاوەی نەگرتووە، گوایە ئەو تاکێکی پیسکە و ڕژدە، نەخێر. هەر ئەو تاکە، ئامادەیە لە میوانداریيەکدا مەڕێک بۆ میوانێکی خۆی سەرببڕێت. دیارە پارەی مەڕێک دەیان کتێبی بەنرخ دەکات. بگرە ئەم هەڵوێستەی ئەو لەوێوە سەرچاوەی گرتووە کە ئەو گرینگیی ڕۆڵی فەرهەنگ و خوێندنەوە نازانێت. بەسەرێکی تر دیاردەی سەخاوەت و خزمەتکردنی میوان، لەلای تاکی کورد بە کولتوور بووە، وەلێ خوێندنەوە و کتێب کڕین بە کولتوور نەبووە، بگرە دیاردەیەکە تەنیا لەلای توێژی دەستەبژێر حیسابی بۆ کراوە و ڕەچاو کراوە.

وتمان کۆمەڵی کوردەواری زیاتر زارەکییە هەتا کتێبی. تاکی کورد، وەک دەڵێن سوێر قسەیە، لەمەڕ بابەتی ڕۆژ، کە جێی مشتومڕە، لێی بزانێت یان نەزانێت؛ سەری لێی دەربچێت یان تەققەی سەری بێت، ئەو قسەی خۆی هەر دەکات و خۆی تێ هەڵدەقورتێنێت. ڕێکدەکەوێت تۆی خوێنەری جیدی، لەلای ئاشناکانت، کە بە حیساب سەریان لە کاروباری دنیا دەردەچێت و دەرچووی زانکۆ و پەیمانگەن، باس لە گرینگیی کتێبێک دەکەیت، کە تازەکی بۆ زمانی کوردی وەرگێڕدراوە و بڵاو بووەتەوە. کەچی ئاشناکانت لە بریی ئەوەی لێت بپرسن ئەو کتێبە لە کوێ دەست دەکەوێت؟ داوای ئەوەت لێ دەکەن دەستووری حیکایەت لە نووکەوە ناوەڕۆکی کتێبەکەیان بۆ بگێڕییەوە. واتە ئەوان ئامادە نین ئەو کتێبە بکڕن و بیخوێننەوە، بگرە گەرەکیانە وەک حیکایەت لە بەرگەوە بۆ بەرگ بۆیان بگێڕییەوە. ئەمەیش کاری نەکردەیە. دەشێت بەشێک لە سۆنگەی ئەم دیاردە سەیرە ئەوە بێت، جڤاکی کوردەواری تاکو ئێستایش زارەکییە.

نووسەر بۆ تەواوی هاووڵاتییان دەنووسێت، بەڵام ژمارەیەکی کەم دەقەکانی ئەو دەخوێننەوە. هۆیەکی هەرە لە پێشی دیاردەی پشتکردنە خوێندنەوەیش لە تەنبەڵی و لەش بەدۆشاوی ئەو خەڵکەوەیە. خەڵکی بەگشتی، لە نووسەریان گەرەکە، دایکانەی باڵندە بێت و ئەوانیش زەڕنەقووتە. ئەوەی لە کتێبەکەتدا هاتووە بیکات بەدەمیانەوە. ئەوان خۆیان نایان ئاوزێت پارە بە بەرهەمەکەی

بدەن و بیخوێننەوە و خۆیانی لەگەڵدا ماندوو بکەن. چۆن؟ بەشی زۆری ئەو زنجیرە درامییە مەکسیکی و تورکی و عەرەبییانە، نە ناوەڕۆکی بەهێزیان هەیە و نە هونەریشیان تێدایە، کەچی ژنان و ڕواڵانی کورد ئەڵقەیەکیان لێ ناپەڕێن. چونکە ئەوانی بینەر هاتوونەتە سەر حازری و وەک زەرنەقووتە بەزاریانەوە دەکرێت. حیکایەتەکەیان بۆ وێنە گیراوە. بەدەنگ و ڕەنگەوە، بەزیندوویی ڕووداوەکان دەبینن. واتە ڕۆمان و حیکایەتەکان بەپێی خۆیان بەنمایشکراوی بۆیان هاتوونەتە ماڵەوە.

## نووسین و خوێندنەوە، دوو ڕووی یەک دراو

دانیشتوانی کۆنی دۆڵی میزۆپۆتامیا، لە سەرەتای سەدەی دووەمی پێش زایندا، لە سەروبەندی پادشاکانی بابل و حوکمی پادشا ئاشوورییەکانی وەک ئەسەرحەدۆن و ئاشوور بانیپاڵیشدا پێیان وابوو: «نووسین سەرچاوەیەکی خواوەندانەی هەیە. نووسین بەهرەیە، خواوەندەکان بەتوخماتی مرۆڤیان داوە، تا کاروباری خۆیانی پێ ڕایی بکەن. بەبڕوای ئەوان کاروباری نووسین دراوەتە پاڵ ژمارەیەک لە خواوەندەکان. هەر ئەو خواوەندانەیش بەهاندەری نووسەران ناسراون. لەوانە خواوەند نابو و خواژنە نیسابا. لە کن عێراقییە کۆنەکان ناوی خواژنە نیسابا بە قامیشەوە وابەستە بووە. ئەم ڕووەکە بەچڕی لە گوێ هۆڕ و دەم جۆگە ئاوەکان ڕواوە. قامیش وەک ئامراز، بۆ نووسین لەسەر تاتە قوڕینەکان بەکار هاتووە. بۆیەکا نیسابا بەخواژنی نووسینی ژمارە و مەعریفە و نووسەران و ئەو نوقلانانەی، کە پشت بە ژمارە دەبەستن ناسراوە... بڕوانە: الكاتب في بلاد الرافدين القديمة، عامر عبدالله الجميلي، ص. ١٠١»

لە مێژووی کۆنی هەرێمەکەی ئێمەدا، پرۆسەی نووسین بەدەستەبژێر تایبەت بووە و وەک پیشەیەکی پیرۆز و سەخت چاوی لێ کراوە. لە دەقێکی سۆمەریدا هاتووە: «پیشەیەک لە نووسین سەختتر نییە. بەپێی ئەو قەدەرەی کە خواوەند ئەنلیل بڕیاری لەسەر داوە، کوڕ پیشەی بابی دەگرێتە دەست...

الكتاب في بلاد الرافدين القديمة، عامر عبدالله الجميلي، ص. ١٠٥» وەک ئەم کتێبە باسی لێوە دەکات، ئەو دەمانە فێربوونی پیشەی نووسین نهێنی بووە و لە پێش هەموو تاکێکدا والا نەبووە.

خوێندنەوەی جیدیش لەگەڵ نووسیندا پەیدا بووە. کاتێک مرۆڤ بەتەنیا پەنای گرتووە و لە جێیەکی هێمن گەڕاوە، تاکو لەوێدا زەینی خۆی چڕ بکاتەوە، تاکو توانای وەرگرتنی زانیاری هەڵبکشێت و لەو جیهانەیش دوور بکەوێتەوە، کە ئەوی خوێنەر لە دڵەوە لێی ناڕازییە.

باشلار دەڵێت: «چێژی خوێندنەوە ڕەنگدانەوەی چێژی نووسینە» هەروەک پرۆسێسی نووسینیش بەبێ کردەی خوێندنەوە کامڵ نابێت. ئەو تاکەی نەخوێنێتەوە بێگومان تاکێکی بێ زەوقە، چونکە بەشداریی ئەو هەموو جوانی و زانست و کێشە و خۆشەویستی و شەڕ و ئاشتی و مێژووە ناکات، کە لە بندێری ئەو کتێبانەدا پەنهانن و لەسەر ڕەفەی کتێبخانەکان لە پاڵ یەکدا شان بەشانەوە دانراون. ئەوەی نەخوێنێتەوە تاکێکە بەدنیا نامۆیە. لە هەموو ئەو کێشانەیش بێ ئاگایە، کە ئەو نووسەرە خاوەن ئەزموونانە، بەتەواوی وشیاریی خۆیانەوە وروژاندوویانە. جگە لەوەی کەسێک ئەگەر مێشکی بەکار نەبات، واتە بەشداری لە گەمەکاندا ناکات و زوویش تووشی خەڵەفان و لەبیرچوونەوە دەبێت.

ئەو تاکەی پێشتر نەیخوێندبێتەوە و ئەزموونێکی لە تەک کاغەز و کتێبدا نەبووبێت، جورئەتی ئەوەیش ناکات دەست بداتە قەڵەم و بنووسێت. ئەو نووسەرانەی لە نووسین دەوەستن و چک دەکەن، لەو سۆنگەیەوەیە، کە پشتیان کردووەتە بەشوێنداچوون. هەتا نووسەر لە بوارەکەی خۆیدا پتر بخوێنێتەوە و پتر قووڵ ببێتەوە، گومانی تێدا نییە کە بەقووڵیش دەنووسێت و پڕ بەرهەمیش دەبێت.

بۆ تاکی نووسەر، پێوەندیی نێوان خوێندنەوە و نووسین، وەک پێوەندیی نێوان زستانەباران و تەقینەوەی بەهارانی کانیاوەکانە. هەتا ژمارەی

سەعاتەکانی خوێندنەوەی هەر گەلێک زیاتر بێت، ئەوا ڕووبەری بەرهەمی نووسینیشی بەرفراوانتر دەبێت. لە کورتی ڕێگەی داهێنان بەوڵاتی خوێندنەوەدا ڕەت دەبێت و دەگاتە مەنزڵ.

نووسەر کاتێک لێ دەبڕێت دەقێک بنووسێت، خۆی تەنیایە و کەسێکی تر هاریکاریی لە تەکدا ناکات. وەلێ کاتێک ئەو دەقە دەچێتە نێو جەماوەری خوێنەرەوە، بەئاستی جیاواز پێشوازیی لێ دەکرێت. چونکە خوێنەرانیش لە ئاستی وشیارییاندا جیاوازن. هەندێک خوێنەر پرسیاری ئەوەندە لە جێ دەورووژێنن، ڕەنگە نووسەرەکە هەر بیریشی لێ نەکردبێتەوە. خەڵک ئاستی تێگەیشتن و تەمەنیان چوونیەک نییە. واتە بۆچوون و هەڵسەنگاندنیشیان بۆ هەر دەقێک جیاوازە. جاری وا هەیە، ئەو دەقەی، کە نووسەر بەزمانی دایکی خۆی نووسیویێتی، بۆ سەر زمانانی تری بیانی وەردەگێڕدرێت. لەوێ خەڵکی تر، بەزمانی میللەتانی تری جیاواز، پرسیاری لە دەور دەورووژێنن.

مرۆڤ هەیە تاکێکی خەولێزراوە. بەو مەبەستە دەقێک دەخوێنێتەوە تاکو خەوی لێ بکەوێت. هەیشە بەو مەبەستە دەخوێنێتەوە تاکو لێی حاڵی ببێت و لەو بوارەدا شتێکی نوێ فێر ببێت. هەیشە وێڕای حاڵیبوون، گەرەکێتی دەقەکە شی بکاتەوە و ڕای خۆشی لەسەر دەرببڕێت. هەیە هەردەم بەشوێن ئایدیۆلۆجیای دەقەوەیە. هەیشە تەنیا تەکنیک و جوانکاریی دەقەکانی بەلاوە مەبەستە. دۆخێکی ئاساییشە ئەگەر خوێنەر هەبێت، لێکدانەوەی پێچەوانەی نووسەری دەقەکەی هەبێت. مێژووی ڕاستەقینەی پرسی خوێندنەوەیش، لەگەڵ داهێنانی ئامێری چاپدا تەریبە، واتە لەگەڵ بەرفراوانبوونی ڕووبەری نووسیندا هاوشانە.

عەقاد دەڵێت: «من بۆیە خوێندنەوەم پێ خۆشە، چونکە سەوداسەری نووسینم» هەروەها دەڵێ: «کتێبم خۆش دەوێت چونکە بەتەنیا ژیانێک قنیات ناکەم.» بەبێ نووسین و خوێندنەوە، نە مێژوو بوونی دەبوو، نە ژیار. نووسین کۆدێکە تەواوی توخمی مرۆڤ بەیەک دەناسێنێت. کتێب مامۆستایەکی ئەزەلییە شەو و ڕۆژی بۆ نییە و لە دەرس دادانمان کول و کاس نابێت.

وەلێ هەندێک پێیان وایە، کە خوێندنەوە ئەرکی تریشی لە ئەستۆیە، بەتایبەت لە کن خاوەن بڕواکان. «موسڵمان بۆ نموونە، هەر بەو مەبەستە ناخوێنێتەوە تاکو شارەزای کاروباری ئاینەکەی ببێت، یان هەر بۆ ئەوەی نوێژ و سرووتە ئاینییەکان ڕایی بکات، کە لەسەری فەرز کراون، بگرە تاکی موسڵمان بەو نیازەش قورئان دەخوێنێتەوە تاکو لە خواوەند و پەیامبەرەکەی نزیک ببێتەوە... بسام برکة، دور القراءة في حياتنا الإجتماعية المعاصرة.» کەواتە لەم گۆشەنیگایەوە، پرۆسەی خوێندنەوە وابەستەی دینداری و خواپەرستییە.

دەقە نووسراوەکان لە هەر فۆرمێکدا شکڵگیر بووبێتن، بەشێک لە مێژوو پێک دەهێنن. بەسەرێکی تر، هەر ئەو نووسینانەن، کە مێژوویش تۆمار دەکەن. هەر ئەو نووسراوانەیشن، کە زەمەنەکان پێکەوە گرێ دەدەن. لە ڕێی ئەو گرێدانەیشەوە، سرووت، ئاین، ئەفسانە و هێماکان دەستاودەست دەکەن و دەگەنە نەوە و وەچەکان. ئەوە کتێبی قورئانی حەکیم و فەرموودەکانی حەزرەتی محەمەدە، کە موسڵمانانی ئێستای بەسەردەمی سەرهەڵدانی ئیسلام و چاخی خەلافەتەوە گرێ داوە. ئەوە دیوانە شیعری شاعیرە کلاسیکییەکانە. کە زمان و ئەدەبی ئێستامانی بە زمان و ئەدەبی سەردەمی بابا تاهیر و مەلای جزیرییەوە گرێ دەدەن.

دەشێ بڵێین، پێوەندیی نێوان نووسین و خوێندنەوە، وەک پێوەندیی نێوان نووسەر و خوێنەر وەهایە، کە هەردوولا تەواوکاری یەکترین و بەبێ یەک واتا و بوونیان نییە.

خوێندنەوە و نووسین دوو پرۆسێسن، بەبێ یەکودوو بەڕێوە ناچن. ئەو بابەتەی، ئێستا نووسەرێک خەریکە دەینووسێت، پێشتر بیری لێ کردووەتەوە و چەندان سەرچاوەشی بۆ خوێندووەتەوە. نووسین بەبێ خوێندنەوە چێ نابێت. ئەو نووسەرەی زۆرترین سەرچاوەی لە بوارەکەی خۆیدا خوێندبێتەوە، دەتوانێت زۆرتر و پوختتریش بنووسێت. هەر هەمان نووسەر ئەگەر تێکڕای سەعاتەکانی خوێندنەوەی دابەزی، ئەوا تێکڕای نووسینیشی دادەبەزێت.

زێدەگۆیی نییە ئەگەر بڵێم: ئەگەر نووسەر لە خوێندنەوە وەستا، ئەوا لە نووسینیش دەوەستێت. یان هیچ نەبێت ئەوەی دەینووسێت ئەو هێزوپێزەی جارانی نابێت. چونکە وەک باسمان لێوە کرد سەرچاوەی نووسین خوێندنەوەیە و ئەو لە سەرچاوەکەوە چکی کردووە.

## هەڵبژاردنی کتێب

حاڵی حازر، لە باشووری کوردستاندا، ئەگەر گلەییمان لە ناکاملّیی هەندێک لە ئازادییەکانیش هەبێت، یەک لەباری ئازادیی خوێندنەوە، هیچ ئاستەنگێک لە ئارادا نییە. وەلێ دیاردەیەک، کە دەکرێت ناوی مۆدەی لێ بنێین، یان دەشێ دەسکیزی هەندێک دەزگەی ڕاگەیاندن و ڕێکلام بێت و بۆ مەبەستی تایبەتیی خۆیان ئەم کارە بکەن، دەبینیت هەندێک لە لاوان تەنیا بە بەرهەمی چەند نووسەرێکی کەمەوە گیرساونەتەوە و تەنیا کتێبی ئەوان دەخوێننەوە.

تۆ بزانە، پەتای حزبایەتی، لەسەر شێوەی خێڵایەتی، بەو زەقییە پەڕیوەتە نێو پرۆسەی خوێندنەوەش. تۆ لە خێڵی ئێمە نیت، کەواتە وەک تۆلستۆی و چێخەف و یەشار کەمالیش بنووسیت، هەر ناتخوێنینەوە. ئەمە دیاردەیەکە، لە درێژاییی مێژوودا بەرچاو ناکەوێت.

لام وایە، هۆیەکی تری ئەم دیاردە ناتەندروستە، بۆ ئەوەش دەگەڕێتەوە، کە زۆرینەی خوێنەران لە توێژی لاوان، زمانێکی تری غەیری زمانی دایک نازانن ئەویش بەنیوەناچڵ. بۆیە ناتوانن بەراوردێک لە نێوان ئەو کتێبانەدا وا ئەوان پەسندیان دەدەن و دەیانخوێننەوە و ئەوانەی وا ئەمڕۆ لە جیهاندا باون بکەن. ئەمەیان یەک لەباری خوێنەری ئەمڕۆ بەگشتی. وەلێ توێژی ڕووناکبیر، کە هەردەم کەمینە و دەستەبژێرە، دەتوانێت زیرەکانە کتێب هەڵبژێرێت و بە هاشە و هووشە و بە ڕێکلامی خێڵی ئەدەبی تێ نەکەوێت.

ڕووناکبیران دەتوانن بە زمانەکانی تری دنیا بخوێننەوە و ئەزموونیشیان لە خوێندنەوەدا هەیە. بۆیە ئەوان دەتوانن لە هەڵبژاردنی کتێبیشدا

سەرکەوتوو بن. وەلێ ئێمە لێرەدا دەمانەوێت دیاردەی خوێندنەوە بەکولتوور بکەین، واتە بیکەین بەدیاردەیەکی جەماوەریی. نەک خوێندنەوە دیاردەیەک بێت، تەنیا نەزری دەستەبژێر بێت. بەسەرێکی تر هەتا مامۆستایان خۆیان بەخوێندنەوە نامۆ بن، چلۆن دەکرێت بۆ پرۆژەی بەکولتوورکردنی خوێندنەوە پشتیان پێ ببەسترێت؟ هەتا دایکان و باوکان خۆیان نەخوێندەوار بن، یان خۆیان پشتیان کردبێتە خوێندنەوە، خۆ لەگێلی دانە، ئێمە داوایان لێ بکەین منداڵەکانیان فێرە خوێندنەوە بکەن.

نووسەری میسری عەقاد دەڵێت: «سێ جاران کتێبێکی باش بخوێنییەوە دەها چاکترە لەوەی سێ کتێبی چاک بخوێنییەوە.» مەبەستی پێ ئەوەیە، کە چۆنێتی گرینگترە هەتا چەندێتی. هەروەک گرینگ تێگەیشتنە، نەک ژمارەی کتێبەکان. بیرت بێت، تۆ سەرەتا بەسستی دەست بەخوێندنەوە دەکەیت. ئەمەیش بەئاسایی وەربگرە. وەلێ وردە وردە لەگەڵ درێژەپێداندا دەتوانیت بەخێرایی بخوێنیتەوە و لێشی تێ بگەیت.

باشتر وایە سەرەتا بەنامیلکەی کورت دەست پێ بکەیت و خۆت لە کتێبی ئەستوور بەدوور بگریت، تا وردە وردە وەهات لێ دێت بەئاسانی ڕادێیت. لە شوێنی هێمندا و لە کاتی گونجاودا بخوێنەوە. لە شوێنێکدا، کە ڕووناکییەکی ئاساییی هەبێت و پلەی گەرمایشی هەر ئاسایی بێت. دوای خوێندنەوەی هەر کتێبێک، هەوڵ بدە بیرۆکەی کتێبەکە بزانیت و بتوانیت بەکورتی قسەی لەبارەوە بکەیت. چونکە دوای خوێندنەوە، ئەم پرسیارە گەلێک گرینگە: چی لەم کتێبە نوێیە فێر بووم، کە من پێشتر نەمدەزانی؟

چی دەخوێنییەوە و چلۆن کتێب هەڵدەبژێریت، ئەمەیان گەلێک گرینگە. چونکە ئەوەی کتێبی ئاست نزم بخوێنێتەوە، ئەوا با بەتەمای ئەوە نەبێت بۆ خۆیشی ئاستی فەرهەنگیی بەرز ببێتەوە. هەر کەسێک لەوانە بگریت، کە مێژوویەکیان لەگەڵ خوێندنەوەدا هەیە و بیاندوێنیت، دەبینی لە زۆرێک لەو کتێبانەی، کە دەستپێک، لە سۆنگەی کەمئەزموونی خۆیانەوە خوێندوویاننەتەوە کۆڵێک ژیوانن. لە ئێستادا خۆزیا و بریایانە، کاتی خۆی

مێشکی خۆیان بە هزری پووچ و ئەدەبی تەنکاوەوە خەریک نەکردایە و کاتی زێڕینی خۆیان بەفیڕۆ نەدایە. بەڵام ئەم هەستە، یان ئەم هۆشیارییە، دوای مێژوویەک لە خوێندنەوە و دوای کەڵەکەبوونی زانیاری، لەلای خوێنەری وریا دروست دەبێت.

هەڵبژاردنی کتێب، پێوەندیی مکۆمی بەپێداویستییەکانی تاکی خوێنەریشەوە هەیە. داخۆ ئەو تاکە، زیاتر ئارەزووی لە خوێندنەوەی کامە ڕشتەیە؟ ڕەنگە ئەو شارەزاییی لە ڕشتەی مێژوودا هەبێت و بیەوێت ڕاپۆرتێک لەمەڕ مێژووی سەردەمێک بهۆنێتەوە. لە دۆخی وەهاشدا، ئەو بەشوێن سەرچاوەی مێژووییدا دەگەڕێت. لەلای ئێمەی کورد، زۆرن ئەوانەی بەشوێن سەرچاوەی مێژووییدا وێڵن. ڕەنگە ئەم دیاردەیەیان لەو سۆنگەیەوە بێت، کە بۆ سەردەمێکی دوور و درێژ، خوێندنی مێژووی کورد لە قوتابخانەکاندا قەدەغە بووە. ڕەنگیشە خوێنەر هەر بۆ تێرکردنی فزوول و بۆ ناسینی زیاتری مێژووی باو و باپیرانی خۆی، یان وەک هەوڵی گەڕانەوە بۆ سەرچاوەکەی خۆی، گرینگیی بەکتێبی مێژوویی دابێت. دیارە نوستالجیایش ڕۆڵی لە هەڵبژاردنی کتێبدا هەیە. پرۆگرامی خوێندن هیچی وەهای لەمەڕ مێژووی کورد تێدا نییە شایان بێت و بتوانێت تینوێتیی مرۆڤی وریا بشکێنێت. لێرەوە خەڵکانێکی بەتەنگەوەهاتوو و نیشتمانی هەن، مەبەستیانە لە ڕێی ئەم کتێبانەوە شارەزای دیرۆکی تێکشکانەکان و بەزۆر لە مێژوو وەدەرنانی میللەتەکەیان بن.

بەسەرێکی تر، هەڵبژاردنی کتێب بۆ خوێندنەوە، بەچێژ و سەلیقەی تاکی خوێنەرەوە پێوەستە. ئەم پرۆسێسە زیاتر لە ئارەزوو (هیوایەت) دەچێت. هەن ڕۆمان و ئەدەب بەگشتی دەخوێننەوە. هەن هزر، هەن فەلسەفە و مێژوو. کەسانی خواپەرستیش زیاتر کتێبە ئاینییەکانیان بەلاوە مەبەستە. هەن کتێبی وەها دەخوێننەوە فێری بەڕێوەبردنی کاروباری بزنس و بازرگانییان بکات. قسەیەکیش هەیە دەڵێت: هەرکەس لە چی نوقسان بێت بەدوای ئەوەدا دەگەڕێت. هەیشە بەشوێن زانیاریی گشتیدا وێڵە و گەرەکێتی لە هەر

ڕشتەیەکدا شتێک بزانێت؛ بۆیە لە هەموو بابەتێک دەخوێنێتەوە. هەیشە لە ڕشتەیەکدا پسپۆڕە و دەیەوێت تێیدا قووڵ ببێتەوە.

ناماقوولە تاک شتێک لەسەر بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسیی سەردەمەکەی خۆی نەزانێت، بەتایبەتی ورد و درشتی تاکی کورد، هەر کاتێک دووانیان پێکەوە کۆ دەبنەوە، دوای هەواڵپرسین و چۆن و چاکی، لەسەر بارودۆخی ڕامیاریی وڵات قسان دەکەن. بۆیە ئەو خەڵکە، بۆ ئەوەی هەوایی نەدوێن و قووڵتر لە دیاردەکان حاڵی ببن، باشتر وایە لەو بوارەیشدا بخوێننەوە و سەرەتەقێیەک بکەن.

لە هەر سەردەمێکی مێژووییدا، چەند نووسەرێک، بە هێز و تینەوە دێنە پێشەوە و بەزەقی بەدیار دەکەون و بوونی خۆیان دەسەلمێنن. ئەوانەی وا جێدەستیان بەسەردەمەکەی خۆیانەوە دیارە و بەسەر زاری خەڵکەوەن، لەوانی تر زیاتر دەناسرێن. بۆیە بەرهەمی ئەو نووسەرە ناسراوانە، لەلایەن جەماوەرێکی زۆرەوە دەخوێنرێتەوە.

لە جیهاندا وا باوە، ئەو نووسەرەی زۆرترین خوێنەری هەبێت، پێش ئەوانی تر خەڵات دەکرێت. پێش ئەوانی تریش بەرهەمی بۆ زمانە بیانییەکان وەردەگێڕدرێت. تۆی خوێنەریش گەرەکە ئەم ڕاستییەت لە بەرچاو بێت. تۆیش کتێبەکانی بەسەر بکەوە.

تۆ ناتوانیت کتێبێکی دیاریکراوی دڵخوازی خۆت بەسەر کەسانی تردا بسەپێنیت. چونکە کاری وەها بەرهەمی نابێت و ئامانج ناپێکێت. بیرت بێت، ئەگەر تۆ پسپۆڕی بوارەکە نیت، بزانە، کە بەگشتی دەقی شانۆیی و سیناریۆی فیلم، بۆ خوێندنەوە دەست نادەن، بەتایبەتی بۆ کەسێکی وەک تۆی ئارەزوومەند. چونکە تۆ چێژێکی ئەوتۆیان لێ نابینیت. ڕەنگە هەر سەریشیان لێ دەرنەکەیت. بۆیە وا چاکە ئەو دەقانە لە فۆرمی شانۆیی و فیلمدا، لەسەر تەختی شانۆ و لە هۆڵی سینەماکاندا ببینیت.

پێش ڕاپەڕین لەسەر پێودانگی (کەوت دەوێ، ها سوێسکە، سوێسکەت

دەوێ، ها سـوێسکە)، تۆی خـوێنەر، بواری هەڵبـژاردنت لە پێشـدا نەبوو. کـتێبـەکـان هەر ئەوانە بوون، کـە ئاوەزی تەنگەچیکڵدانەی بەعس ڕێی پێ دابوون چاپ بکرێن، یان بۆ سـەر زمـانەکانی کوردی و عـەرەبی وەربگێڕدرێن. بوار بۆ دەرچوونی گۆوار و ڕۆژنامە سنووردار بوو. بڵاوکراوە کوردییەکانیش برێتی بوون لـە بەیان و ڕۆشنبـیری نـوێ و هەفتـەنامـەی هـاوکـاری. سـەرچاوە کلاسیکییەکانی مـارکسیزم قەدەغە کرابوون. سـەرچاوە ئاینییـەکانی ئۆلی شیعـەیش هەر قـەدەغە کرابوون، لە کاتێکدا عێراق وڵاتێکی زۆرینە شیعـەیە. کـتێبی هـاوردەیش، ئـەوانەی کـە لە وڵاتانی عـەرەبییـەوە دەهێنران، دیسـان سـانسۆریان لەسـەر دانرابوو. لەگەڵ ئەو حـاڵەیشدا، بەدەگمـەن دەگـەیشتنە لامـان. واتە پێش ڕاپەڕین لە پاڵ دۆڵپێچی ئابووریدا، هەرێمـە بەدبەختـەکـەی ئێمە دۆڵپێچی فەرهەنگیشی بەسەردا سەپابوو. واتە تۆی خوێنەر بۆت نەدەلوا بەئازادی کتێب هـەڵبژێریت. کەواتە ئازادیی نووسین و خـوێندنەوە سنووردار کرابوو. دەبوو هەم نووسـەر و هەمیش خوێنەر حیسابیان بۆ ئەو دۆخە ناجۆرە بکردایە.

وەلێ ئەمـڕۆ کـارەکـە پێچـەوانەیە. لە هەر بوارێکدا تۆ ئارەزووت لێی بێت کتێبی ئاست بەرز بۆ سەر زمانی کوردی وەردەگێڕدرێت. نووسـەران دەستیان کراوەیە و ئازادانە دەنووسن. ژمـارەی دەزگەکـانی چاپ تا دێت هەڵدەکشـێت. ژمارەی کتێبی چاپکراو و وەرگێڕدراویش تا دێت هەڵدەکشێن. دەڵێن ژمـارەی بڵاوکراوەکان، لە گۆوار و ڕۆژنامە و هەفتەنامـە، نزیکی (٨٥٠)ی کردووەتەوە. کـەواتـە ئێسـتا لەنێـو ئەم لێشـاوی کتـێب و بڵاڤـۆکەدا هەڵبـژاردنی دروست بووەتە کارێکی گران. کەسێک ئەگـەر لە خوێندنەوە بێت، فریای ئەوە ناکەوێت ڕۆژانە چاو بەو هەمـوو بڵاڤۆکانەدا بخشـێنێت. مـاڵپـەڕەکانی ئینتـەرنێتیش لەولاوە بوەستن.

لە کوردسـتـاندا، هەندێک دەسـتـە و هەتا لایەنیش هەن، ڕێکلام بۆ کـتـێبی وەها بێ پێز دەکەن، کە تێی ناهێنێت و شـیاوی ئەو پێداهەڵدانە نییە. کتێب هەیە بـەنایاب بەخـوێنەر دەناسـێنرێت، بێ ئەوەی شـایانی ئـەو پێـداهـەڵدان و

بەبالآبرینە بێت. ئەم دیاردە بیـژییـە تەنانـەت لە ولآتانی ڕۆئاوایشـدا هـەیە. کـاتێک دەزگـەکـانی ڕێکلام هەندێک کـتـێب زۆر بە زەقی پێـشــان دەدەن و دەیانهێننە پێشـەوە. لە کوردستـانیشـدا گەلێک کتێب هەن، کە لە بوارەکەی خۆیاندا دانسقـەن؛ کەچی بێ نموود کراون و ڕۆشناییـیـان ناخرێتـە سـەر. دەکـرێت بڵـێین، جیـاوازکـاری (تمییـز) لە نێـوان بەرهەمـەکانـدا لە ئارادایە. ئەمـەیش واتای ئەوە دەگەیێنێت، کە جیاوازکاری لە نێوان نووسـەرەکانیشـدا دەکرێت.

بەو واتایـەی، تۆ ئەگـەر نووسـەری حـزبێک نـەبیت ئیـتر دەفت دەنگ نادات. کتێبـەکانت بێ چەتر دەمێننەوە. بۆیە لە کوردستـاندا، دیاردەی خـۆڵ کردنە چاوی خـوێنەر، بەزەقی لە ئـارادایە. لەوێ گوێ بـەوە نادەن، کە ئەو نووسـەرە بەتوانا و هـێژایەی، لەبەر هـەر هـۆیـەک بێت، ئەوان سیـاسـەتی جیـاوازکاریی لەگەڵدا پیادە دەکەن، لە دواجاردا، بەشانازییەوە ناوی میللەتەکەی خۆی بەرز هەڵدەگرێت و پێی دەڵێن: فلآنە کەسی نووسەری گەورەی کورد.

کەواتە لە کوردستان هەڵبژاردنی کتێب بۆ خوێندنەوە، بەدروستی و لە جێی خۆیدا چێ نـابێت. بەسەدان کتێب وەرگێڕدراون، بەڵام زۆرێک لە وەرگێڕەکان فـریان بەسـەر زمـانی کـوردییـەوە نیـیە. ئەم دیاردەیە لە خـۆیدا کـارەسـاتە و کـەسـیش لێی بەدەنگ نایەت. ئەم دیـاردەیە واتای ئەوەیش دەگـەیێنێت، کـەس بەتەنگ زمـانی کـوردییـەوە نییـە. کـەس بەتـەنگ ئەو نەوە نوێیـەوە نیـیـە، کـە دەتوانێت تەنیا بـەزمانی کوردی بـخوێنێتـەوە. بەم پێیـە، ئەم خـوێنەرە نوێیە، هیچی ئەوتۆ لەو کتێبانەوە فێر نابێت و زمـانەکەیشی لە دەست دەدات. کەچی وەکــوتر بەبـەراورد لەگــەڵ ولآتانی ڕۆهـەلآتی نـاڤــیندا، ئازادیـی نووسـین و خوێندنەوە لە لووتکەدایە.

کـتـێب نێـوەنـدێکە هزر و زانیـاری لـە نووسـەرەوە بۆ خـوێنەر دەگوێزێتـەوە، تاکـو پێکەوە بەشـدارییـەکی ڕۆحی لەو گـواسـتنـەوە و ئاڵوگـۆڕەدا بکەن. تاک هـەیە، دەشـێ ناوی (خـوێنەری نـەرێنی)ی لێ بنێین. ئەو دەخـوێنێتـەوە؛ وەلێ بەشێک یان تەواوی تەمەنی شیرینی خۆی بەکتێبی پڕوپووچ و (غەیبییات)ەوە،

بەسەر بردووە. وەک خوێندنەوەی خەونامە و کەلووەکان (برجەکان). هەیانە لە نیوەی ڕێدا بەخۆیان دەزانن، کە ئەوان تەمەنی خۆیان لەگەڵ ئەو کتێبانەدا بەفیرۆ داوە و مێشکیان پڕ بووە لە بیرۆکە و هزری بێ بایەخ. بۆیە ڕێنوێنیکردنی توێژی لاوان، لە هەڵبژاردنی کتێبدا و ئاگەدارکردنەوەیان لە باشترین کتێبەکانی ساڵ، کارێکی سوودمەندە.

یەک لە باری لاوان، سێکس بابەتێکی ورووژێنەرە، جا لە هەر کۆوار و ڕۆژنامەیەک یان کتێبێکدا بێت. یان لە چیرۆک و ڕۆماندا، بۆ نموونە. بۆیە ئەو ڕۆمان و چیرۆکانەی، کە ورووژاندنی سێکس، واتە ئیرۆتیکیان کردووەتە بابەتی سەرەکیی خۆیان، لەلایەن توێژی لاوانەوە دەخوێنرێنەوە. بەتایبەت لە کۆمەڵێکدا، کە چەپاندن لە ئارادایە و تێکەڵبوونی هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ نەبووەتە باو، ئەوا ئیرۆتیکیش (تابو)ە و لە لزگی حەرامەکاندایە. کەواتە خوێنەریشی زۆرە.

لێرەدا جێی ڕامانە، هەر کاتێک دوو مرۆڤی کورد لە چایخانەدا، لە بەربەڕۆچکەدا، دادەنیشن و پێکەوە دەکەونە دەمەتەقێ، ئەوا زۆرجاران لە نێوان خۆیاندا باس و خواسی سێکسیش دەورووژێنن. تەنانەت زۆربەی نوکتەکانی ئێمەی کورد لەسەر بابەتی سێکس و ئیرۆتیکە. بۆ درۆ و ڕاستیی ئەم ڕایە، تۆ هەر بۆ نموونە، چاوێک بەقسە خۆشەکانی نێو هەشت بەرگەکەی (ڕشتەی مرواری) لەمەڕ زانای ئاینی عەلادین سەجادیدا بخشێنە. کەچی ئەگەر نووسەرێک لە جێی خۆیدا، وەک پێویستییەکی هونەری، ئەم پرسە لە سەمتی ڕۆمان یان چیرۆکدا بورووژێنێت، هەن لێی دەکەن بە هەرا و لێی نابڕنەوە.

ئەم دووفاقییەیش دیسانەکە یەکێکە لە نیشانەکانی کۆمەڵگەی بەجێماو. لە سەمتی ڕۆمانی (طفل الرمال)ی (الطاهر بن جلون)دا هاتووە: «لەسەر جادە و پەنا و پاسارەکاندا باس هەر باسی سێکسە، کەچی لە کتێبدا نابێت ناوی سێکس بێت.. ئاخۆ ئەمە نیفاق نییە؟» ئاخۆ ئەوانە لەو ڕاستییە ناحاڵین، کە ژیان بەبێ سێکس بەڕێوە ناچێت؟ دەکرێت بڵێین، یەک لە باری مرۆڤی

ساغڵەم و دروست، سێکسیش پرسێکی مرۆڤانەیە، ئیدی چلۆن لە ژانری چیرۆک و رۆماندا، (لە جێی خۆیدا) پشتگوێ بخرێت؟

کتێبی ئاینیش رەمێنی هەیە. جێی باسە زۆرێک لە کتێبە ئاینییەکان لە سەردەمی رژێمی بەعسدا قەدەغە کرابوون. بەفەرمانی سەرەوە، بەڕێوەبەرێتیی پەروەردە، لە کتێبخانەی قوتابخانەکانی وەردەگرتنەوە. جێی سەرنجە، کاربەدەستان خۆیان هەر کاتێک ناوی خەلیفەی چوارەم (علی بن أبی طالب)یان هێنابا، یەکسەر بەشوێنیدا دەیانگوت (رضي الله عنه)، کەچی لە کتێبخانەی قوتابخانەکاندا کتێب هەبوو لێکۆڵینەوەیەکی تەواو مەعقوول و بابەتییانە بوو لەسەر بیر و چالاکییەکانی ئیمامی عەلی، کەچی ئەوان دەیانکێشایەوە، تاکو خەڵکی نەیخوێننەوە.

لە ڕاستیدا هەر کاتێک ناسەقامگیری باڵی بەسەر کۆمەڵدا کێشا و تاک بڕوای بەئێستای خۆی نەما و ترسی زۆری لە داهاتووی خۆی پەیدا کرد، کە دیارە داهاتوویش لە خۆیدا نادیارە و بەئاسانی ناخوێنرێتەوە، ئەوا پەنا دەباتە بەر کەلووەکان و قاوە خوێندنەوە و کتێب گرتنەوە. بەپلەی یەکەمیش ئافرەتان پەنا بۆ ئەم جۆرە کتێبانە دەبەن. چونکە لە وەها کۆمەڵگەیەکدا ژمارەی قەیرەکچ هەڵدەکشێت و شیرازەی خێزان تێک دەچێت و مافەکانی ڕەگەزی مێ پێشێل دەکرێن.

ئەو کتێبانەی ڕەخنە لە هزری ئاینی دەگرن و وردەکارییەکانی دەوڵەتی خەلافەت دەخەنە ژێر پرسیارەوە، دیسان ڕەواجیان زۆرە. ئەم جۆرە کتێبانە بەتایبەت لەلایەن توێژی دەستەبژێری ڕۆشنبیرەوە دەخوێنرێنەوە. دەتوانم بێژم، رووناکبیران بە چرای ڕۆنگەرچەکەوە بەشوێن ئەم جۆرە کتێبانەدا دەگەڕێن، تاکو لە تافی (دیبەیت) و گوتوبێژدا توێشوویان بەرامبەر بەرەوتە ئیسلامییەکان پێ بێت. هەر کتێبێک ڕەخنەی لە ئاین تێدا بێت، لە هەر فۆرمێکدا بێت، ئەوان لە حەواوە دەیقۆزنەوە. بۆ نموونە ئایەتە شەیتانییەکانی لەمەڕ سەلمان ڕوشدی، لە کوردستان نزیکەی بیست هەزار دینار دەکات. واتە بە بەراورد لەگەڵ نرخی ڕشتەکانی تردا، برە پارەیەکی زۆر دەکات. وەلێ زۆر

خوێنەر هەن، ئەو برە پارەیەی پێ دەدەن.

جێی وتنە ئەم ڕۆمـانە وروژێنەرە، لەژێر مـێـزی کـتـێـبـخـانەکـانەوە لەنێـو کـیـسـێکی پلاسـتـیکیی ڕەشـدا دەفـرۆشـرا. جـێی سـەرنجـە، کـە بەزۆری لە هەرێمەکانی ڕۆهەڵاتی ناویندا، ڕەخنە لە ئاینی ئیسلام دەگیرێت. تاکو نەهۆ نەمدیوە لەوێ کتێبێکی ڕەخنەئامێز لەسەر ئاینەکانی مەسیحی، ئێزدی یان کاکەیی دەرچووبێت. جا ئەم کتێبانەش لەسەر بنەمای «هەمـوو قەدەغەکراوێک ڕمـێنـی لەسـەرە» بەژمـارەی زۆر لێـیـان دەفـرۆشـرێت. فـرۆشـیـاری زمـانی بازرگانیـزان، بەهەمـوو کڕیارێک دەڵێن: «بەسـەری تۆ، تەنیـا ئەم دانەیەم لەلا ماوە».

لە وڵاتانی ڕۆئاوادا، چاپی هەرزان و هـی گـرانی کـتـێب هەیە. یەکـەمـیـان دەکرێت پێی بڵێین، چاپی میللی. لە بەرگ و کاغەزدا برێک جیاوازییان هەیە و نرخی کـەمێک هەرزانتـرە. بەم شێـوەیە پەیداکـردنی کـتێب بۆ هـەمـوو چین و توێژێک لواوە و لە کڕین دێت.

لە ڕۆئاوادا، ئـامـۆژگـارییـەکی کـۆن سـەبارەت بـەکـتـێب خـوێندنـەوە هـەیە، دەڵێت: «ئەگەر ویستت ئەدەب بخوێنییەوە بە کلاسیک دەست پێ بکە، چونکە بەهـای دانابـەزێت، وەلێ ئـەگــەر ویســتت زانست بخــوێنیــیــەوە ئـەوا هـەرە نوێترینیان.»

لای خـۆتەوە، هەوڵ بدە لەگـەڵ کـەوتنە بـازاڕدا، لە هـەر ڕشـتـەیەکـدا بێت، کتێبە دانسقە و بەهادارەکان بکڕیت. چونکە ئەو جۆرە کتێبانە بەخێرایی لە بازاڕدا نامێنن. خۆ کتێب گوڵاڵە سوورە نییە بەهاران سەرهەڵبداتەوە. دەشێ ئەو کـتێـبـەی، کە ئـەمڕۆ چاپ بووە، جـارێکی تر نەکـەوێتـەوە بـازاڕەوە، بۆیە بیکڕە و لەلای خۆت دایانبنێ، تاکو هەر کاتێک بۆت لوا بتوانیت بیخوێنیتەوە و بچیتەوە سەری. با ماڵەکەت بێ کتێب نەبێت، چونکە وەک وتراوە: «ماڵی بێ کتێب، جەستـەی بێ ڕۆحە» تۆ هەروا کەمێک زەینی بدەرێ. چ کارەساتێکە، خـێـزانێکی لە ژن و مـێـردێکی دەرچووی زانکۆ پێکهـاتوو، هـیچ کـامـیـان

نەخوێنێتەوە و کتێب نەگاتە ئەو خێزانە.

کتێبیش هەیە، هەر لە یەکەم بینینەوە خوێنەر عاشقی دەبێت و دەخوازێت بیقۆزێتەوە. ئەمەیش لە ڕێی ڕەنگە گەرمەکانی کەڤاڵی سەر بەرگەکەیەوە، کە بەخێرایی سەرنجی بینەر ڕاو دەکات. یان بەهۆی دیزاینی جوانییەوە. یانژی بەهۆی ناونیشانە سەرنجڕاکێشەکەیەوە، کاریگەریی خێرا لەسەر زەینی بینەر دادەنێت. واتە بەفۆرمی جوانی خوێنەر بۆ لای خۆی کێش دەکات، نەک بەدیوی ناوەوەی.

## هەلومەرجەکانی خوێندنەوە

ئەو کەسەی بخوێنێتەوە، نە دەبێ برسی بێت و نە دەبێ زۆریش تێر بێت. باشترین خواردنێک، کە یارمەتیت بدات بۆ خوێندنەوەیەکی بەسوود میوەجاتە. دوای سەعاتێک لە نانخواردن ئەوجا بچۆ سەر خوێندنەوە. بۆ ئەوەی لەو ماوەیەدا خوێن بەگەدەتەوە خەریک بێت، چونکە هەرکە دەستت بەخوێندنەوە کرد، ئیدی خوێن بۆ مێشکت سەردەکەوێت و ناهێڵێ گەدە خواردنەکەی نێوی بەئاسانی هەرس بکات. گەرەکە شوێنی خوێندنەوەکەت هەوای پاکی پێ بگات.

ماندووبوونی جەستەیی دوژمنی چڕبوونەوەی (تەرکیز) زەینە. بڕی ئەو وزە گەرمییەی، کە بۆ خوێندنەوە پێویستە، یەکسانە بەبڕی ئەو وزە گەرمییەی کە بۆ وەرزشێکی سووک پێویستە. دەنگەدەنگ، ژاوەژاو لە تافی خوێندنەوەدا، ماوەت پێ نادەن زەینت چڕ بکەیت.

تۆ دەبێت لە تافی خوێندنەوەدا خۆت لە تووڕەبوون و نێربۆزی بەدوور بگریت. هەوڵ بدە بە ئارامی لەژێر ڕۆشنایییەکی تەواودا، لە کەشوهەوایەکی مامناوەندیدا بخوێنییەوە. لە شوێنێکدا مەخوێنەوە زەینت پەرت ببێت، وەک دانیشتن بەرانبەر بە تیڤی. چونکە تۆ یەک مێشکت هەیە. دەتوانێت بەیەکێکیانەوە خەریک بێت، یان بینینی تیڤی، یان خوێندنەوە. سەرمای زۆر و

گـەرمـای زۆر، دوژمنی چڕبوونەی زەینن. بەڵام تاکو ئێستای، لەبەر تایبەتمەندیی ئاووهەوا وپچڕانی لە ناکاوی وزەی کارەبا، مرۆڤ لە کوردستاندا ناتوانێت بەتەواوی کۆنترۆڵی پلەی گەرمای هۆڵ، یاخۆ شوێنی خوێندنەوە بکات.

لە وڵاتانی ڕۆژئاوادا، لەنێو پاسەکانی ڕێبوار گواستنەوە و ترەین و میترۆکانیشدا پلەی گەرمی بۆ خوێندنەوە تەواو لەبارە و کۆنترۆڵ کراوە. تەنانەت کاتێک ئەوان لەنێو لی دەم کەناری دەریاشدا ڕاکشاون و دەخوێننەوە، هیچ ئاستەنگیان نایەتە پێش. چونکە لێرەیشدا پلەی گەرمی بۆ خوێندنەوە ئاساییە. هەروەک تەواوی ئەم شوێنانە هێمن و ئارامن و بێ ژاوەژاون، بەڵام لە شارەکانی کوردستاندا، لە هەر شوێنێکدا بتەوێت بخوێنییەوە، ئاستی ژاوەژاو لە توانای مرۆڤ بەدەرە.

ئەگەر تازەکی دەستت دابێتە خوێندنەوە، خێرایی ئاسایی خوێندنەوە ئەوەیە، تۆ بتوانی لە ماوەی چرکەیەکدا چوار وشە بخوێنییەوە. چاکتر وایە لە سەرەتاوە کتێبی ئەستوور هەڵنەبژێریت، نەبادا لێی بێ تاقەت ببیت و لە نیوەی ڕێ لێی بکشێیتەوە.

## گەشە و پێشڤەچوونی خوێندنەوە

لەم سەردەمەدا، تۆڕی ئینتەرنێت، شۆڕشێکی نوێی لە بواری ئەمبارکردن و گەیاندنی خێرای زانیاریدا بەرپا کردووە. هاوکات گۆڕانی بنەڕەتیشی بەسەر واتا و چەمکی خوێندنەوەدا هێناوە. ئینتەرنێت چەمکی خوێندنەوەی گەلێک لە جاران بەرفراوانتر کردووە. ئەوسا خوێندنەوە، پرۆسەیەکی سنووردار بوو. زیاتر بە دەقی نێو کتێب و کۆوار و ڕۆژنامەوە پێوەست بوو. لەم سەردەمەدا، کە تۆڕی ئینتەرنێت هەموو دنیای بۆ هێناویتە ماڵەکەتەوە؛ ئێستا لەنێو تۆڕی جاڵجاڵۆکەییی ئینتەرنێتدا، موزیک، گۆرانی، سەما، ڤیدیۆکلیپ، کەڤاڵی شێوەکار، مانگرتنی کرێکاران و خۆپێشاندانی جەماوەر، شایی و زەماوەند و

فیلمی سینەما، ڕووداوی تری سەیروسەمەرە و دۆکیۆمێنت، تێکڕای ئەمانە بەدەق بوون و تۆی بینەر لە ماڵپەڕەکاندا وەک دەق مامەڵەیان لە تەکدا دەکەیت. واتە وەک ئەوەیە، تێکڕای ئەم فیگەرانە بخوێنییەوە.

گەمە ئەلیکترۆنییەکانی نێو تۆڕی ئینتەرنێتیش دیسانەکە بەخوێندنەوە دێنە ژماردن. ئاسانکارییەکانی ئەم بوارە جێی سەرسووڕمانن. دەکرێت بینەری ئینتەرنێت، بەچەند کرتەیەک لەسەر هەر کاڤاڵێک، گوتارێک، یانژی ڕۆمانێک ببێتە خاوەنی کۆپیی خۆی و ئەو دەقانە لەسەر سیدی یان فلاش دیسک بپارێزێت و هەر دەمێکیش مەیلی لێ بوو بگەڕێتەوە سەریان.

زاراوەی (خوێنەر) ئەگەرچی لەلای خۆمان هێشتا لە جێی خۆیەتی و بەواتا کۆنەکەی جارانی بەکار دێت، دیسانەکە گۆڕانی تەواوی بەسەردا هاتووە. ئێستا ڕۆشنبیرانی عەرەب، زیاتر وشەی (متلقي: وەرگر) لە بریی (خوێنەر)ی لەمەڕ خۆمان بەکار دەهێنن. چونکە مرۆڤی ئێستا، کاتێک دەست دەداتە کتێبێک، کۆوارێک، یان سەرنجی ماڵپەڕێک دەدات، ئەو تەنیا بەپرۆسەی خوێندنەوەی ڕووتدا ڕەت نابێت، بەڵکو ئەو دەچێتە نێو جیهانێکەوە، کە لەوێدا گوێ و چاویشی مژووڵن و لە کاردان. خەیاڵی لە کاردایە و مێشکیشی بۆ بیرکردنەوە و وەرگرتنی زانیارییە نوێیەکان بەکار دەهێنێت. بەوپەڕی توانای خۆیەوە لە دۆخی وەرگرتنی زانیاریی نوێدایە و دەرگەکانی گوێ، چاو و مێشکی خۆی ڤالا کردووە. خوێندنەوە بۆ ئەوەیە، تاکو مرۆڤ ئەوەی نایزانی و دەرکی پێ ناکات، لەو ڕێیەوە بیگاتێ و بیزانێت.

یەک لە باری کورد، گەشەسەندنی پرۆسەی خوێندنەوە پێوەندیی مکۆمی لەگەڵ نیشتەجێبووندا هەیە. ئەویش دوای داهێنانی ئامێری چاپ. چونکە میللەتانی کۆچەری و ڕەوەند لە توانایاندا نییە بەئاسانی فێرە خوێندەواری بن. خوێندن و خوێندەواری دیاردەیەکی شارستانییە و لەگەڵ نیشتەجێبوونی مرۆڤدا دەستی پێ کردووە؛ وەختێک دەستبەرداری کۆچی گەرمیان و کوێستان بووە. کاتێک لەژێر ڕەشماڵەوە هەواری گواستووەتەوە بۆ نێو خانووبەرە.

وەلێ دەکرێت ئێمەی کورد، مێژوو، یان دەستپێکی خوێندنەوە بگەڕێنینەوە بۆ سەروبەندی پەیدابوونی ئاین و کتێبە پیرۆزەکانی ئاینی زەردەشتی و کاکەیی و ئێزدی. ئەمەیش لە خۆیدا مانای وایە، کورد لە بواری خوێندن و نووسیندا بە چەندان سەدە پێش هەندێک لە گەلانی نێوچەکە کەوتووە. بەتایبەت ئەوانەیان، کە بۆ مێژوویەکی دوور و درێژ بتپەرست بوون.

وتاری ئاینیش بریتییە لە چیرۆکی خەڵق، ڕوانین بۆ چەمکەکانی ژیان و مردن، ئامۆژگاری و ڕاڤەکردنی دوانەی دۆزەخ و بەهەشت و بیری یەکتاپەرستی. حیکمەت وەرگرتن، چاکەکردن و دوورکەوتنەوە لە خراپە. خۆشەویستی و ڕێز بۆ یەکودوو، لەبۆ زێد و ژینگە و ئاژەڵ. هەروەها پرسی هاوسەرکاری، وەک پێوەندییەکی بەرز و بەڕێزی نێوان نێر و مێ. هەموو ئەمانەیش پرسی گرینگن و تا ئێستایش مرۆڤ لە تەواوی جیهاندا پێیانەوە سەرقاڵە. دەکرێت بڵێین ئاوێستا کتێبێکی گشتگرە و دەستوورێکیش بووە بۆ ژیان.

ئەم کتێبە، ڕێوڕەسمی ژیانێکی سەربەرزانەی بۆ مرۆڤی ئەو چاخانە دیاری کردووە. تژییە لە هێما، کە ڕاڤە و تەئویلی زۆر هەڵدەگرن. مرۆڤیان خستووەتە سەر ڕێی تێ فکرین و ڕامان لە دەوروبەری خۆی و لە نهێنییەکانی گەردوون. کەواتە دەتوانین بڵێین، یەک لە باری ئێمەی کورد، سەرەتای خوێندنەوەی جیدی، وابەستەی سەروبەندی سەرهەڵدانی زەردەشت و کتێبەکەیەتی، کە مێژوویەکی گەلێک کۆنی هەیە.

پەیدابوونی پیاوانی ئاینی، کە خوێندنەوە و نووسینیان زانیوە و ئاستی فەرهەنگیشیان لە تێکڕای خەڵک هەڵکشاوتر بووە، ئەڵقەی پێوەندیی نێوان خەڵک و ئاینەکە بوون، لە پاڵ نماز و خواپەرستیدا، ئەوانی تریشیان فێرە خوێندن و خوێندنەوە کردووە.

کاتێک تاک دەرکی پێ دەکات، کە تەنیا گوێگرتن لە دەوروبەر و خوێندنەوەی کتێبە باوەکان دەرد ناخۆن و تینوێتیی ئەو ناشکێنن. ئەوێک، کە

تەمـــاحی زیاتری بۆ تێگەیشتن و پێگەیشن هەیە، ئیـدی لەوێوە بە نیـازی فێـربوونی پتر و خـۆپەروەردەکردن و کات بەسـەربردن بەشـوێن سـەرچاوەدا دەگـەڕێت. لەم سـەردەمـەدا چیی تر ئـەو سـەرچاوانـە، بەتایبـەت ئاینییـەکـان تینـوێتـیـی تاک ناشکێنن و دەروەسـتی ئـەم زەمـانە نوێیـە نادەن، یان بەشی ئەمڕۆ ناکەن. ئیدی تاکی هۆشیار بەشوێن سەرچاوەی نوێی وەهادا دەگەڕێت، لەگەڵ ئەم سەردەمـەدا بێتەوە و بتوانێت بەشێوەیەکی کۆنکریتی ئێستای بۆ لێک بداتەوە.

## خوێندنەوەی بێدەنگ

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین: پرۆسـەی خوێندنەوە بـرێتییە لە ناسینی شـێوەی پیـتەکـانی زمـانی کـوردی، توانـای پێکەوە بەسـتنیـان و دەرهێنانی دەنگیان، لە پاڵ چێکردنی وشە لەو پیتانە و بنیاتنانی ڕستە لەو وشانە. واتە خـوێندنەوە برێتـیـیـە لە توانـای گـۆکـردن و نووسین پێکەوە. دەشـێ ئەمـە پێناسـەیەکی سـەرەتایی بێت بۆ پرۆسـێسی خوێندنەوە. وەلێ (بۆ سـوندبلاد و هاوڕێکانی) لە باسی (خوێندنەوە، وەک بەشێک لە پێوەندیی گرێدانی زمانی)، بەشێـوەیەکی تر باس لە پرۆسـەی خوێندنەوە دەکەن: «خـوێندنەوە ئـەوە نییـە مرۆڤ یەکە بەیەکەی پیتەکان بخوێنێتەوە، بیـانداتە پاڵ یەک، بیانکات بەوشە، پاشـان مرۆڤ تـێ بگات چی لە گـۆڕێیـە. هەرچۆنێک بێت، بە زۆری وەڵامـێکە مـرۆڤ وەری دەگرێت، بێ گوێدانە ئەوەی، کێ ئەم پرسـیـارەی کردووە: مرۆڤ چی دەکات کاتێک دەخوێنێتەوە؟.. بڕوانە: کتێبێک لەمەڕ گەشەی خوێندنەوە.. ل. ٧٧»

هـەر لە هەمـان لاپەڕەدا، ئەم نووسـەرانە دەڵێن: «خـوێندنەوە ئەوە نییـە، کە مـرۆڤ تا ئێسـتـا بڕوای پێی بووە. شـارەزاییـیـەکی سنووورداری تایبـەتە، وەک بەشـێک لە پێوەندیی گرێدانی زمانی پێکەوە پێوەست. فێربوونی خـوێندنەوە، بەشـێـوەی سـروشـتـی، بەردەوامـیـدانـە بەگـەشـەپێدانی توانای زمـانی.» ئەم کۆمـەڵە نووسـەرە لەم کتێبـەیاندا، فـێربوونی خـوێندنەوە لـەلای منداڵ تاوتوو

دەکـەن. وەلێ چەمکی خـوێندنـەوە، بەرفـراوانـە. بەپێی تـەمـەن و ئاسـتی هۆشیاریی تاک، لە واتا و مەبەستدا گۆڕانی بەسەردا دێت.

سەبارەت بەچەمکی خوێندنەوە و واتاکانی لە قۆناغە جیاوازەکانی تەمەندا، (کارۆلینە لیبیرگ) دەڵێت:

«دوای سێ ساڵان بەچڕیی خوێندنەوە لە قوتابخانەدا، کچۆڵەیەکی دە ساڵان بەدایکی دەڵێت: (دایە چیی تر ناخوێنمەوە، چونکە ئێستا دەتوانم بەباشی بخوێنمەوە) ئەو بەم قسانە، ئەوە ڕوون دەکاتەوە، کە ئەو ئێستا دەتوانێت بەرەوانی و سانایی بخوێنێتەوە. چیی تر پێویستی بەوە نابێت لەسەر وشەیەک ڕابوەستێت و حینجەی بکات. هەر هەمان کیژۆڵە، پاش دوو ساڵان دەڵێت: (ئەو نازانێت چۆنچۆنی دەتوانێت بەبێ خوێندنەوە تێ بگات.) لێرەدا، ئەوەی ئەم کیژۆڵەیە ئاماژەی پێ دەدات ئەوەیە کە، چەمکی خوێندنەوە چەندێک مانای فراوانی هەیە. بەم پێیە خوێندنەوە، دوو واتای جیاوازی لە دوو کاتی جیاوازدا گەیاند. لە تەمەنی دە ساڵیدا خوێندنەوە بەواتای ئەوە هات، ئەو لە پیتەکان وشە چێ بکات. بەڵام هەمان چەمکی خوێندنەوە لە تەمەنی دوازدە ساڵیدا، وەها وەسفی دەکات، بەئاسانی و بێ گرێ بەنێو دەقەکاندا بگەڕێت.. بڕوانە: ئاوا منداڵان فێرە خوێندنەوە و نووسین دەبن... ل١٧.»

دوو کەس نادۆزییەوە چوونیەک و بەیەک ئاستی تێگەیشتن بخوێننەوە. بۆ نموونە، ئەگەر ئێمە لای خۆمانەوە کتێبی (ئەدەبی کوردی) پۆلێکی قۆناغی دواناوەندی وەربگرین و بیکەینە پێوەرێک. ئەوا بێگومان بە، مامۆستایەک و خوێندکارێک وەک یەک ئەو کتێبە ناخوێننەوە. بگرە دوو خوێندنەوەی تەواو جیاوازیان بۆ دەقەکانی نێو ئەو کتێبە هەیە. ئەمەیش بۆ جیاوازیی ئاستی تێگەیشتن، پێگەیشتن، پسپۆڕی، ئەزموون، لێکدانەوە و تەئویلی ئەم دوو توێژە دەگەڕێتەوە. کەسێک بۆ کات بەسەربردن و یەکێکی تر بە نیازی نووسینی نامەیەکی زانستی بخوێنێتەوە، ئەم دوو کەسە، دوو خوێندنەوەی جیاوازیشیان بۆ بابەتی خوێنراوە دەبێت. منداڵ کاتێک سەرەتا دەخوێنێتەوە، سەری لە ڕێزمان دەرناچێت، کە زانینی گەلێک گرینگە بۆ فێربوونی هەر

زمانێک، بگرە ڕێزمان دواتر نۆرەی دێت.

وەلێ جووتە نووسەر (بیتر شفرد و گریگوری میتشل) لە کتێبی (القراءة السریعة)دا، بەم شێوەیە پێناسەی خوێندنەوە دەکەن: «وەرگێڕانی کۆمەڵێک هێمایە (رموز)، کە لەنێو خۆیاندا پێوەندییان بەیەکەوە هەیە. بە واتا و زانیاریی دیاریکراو پێکەوە بەستراون؛ هەروەها خوێندنەوە، پرۆسەی پێوەندیی گرێدانە، کە زنجیرەیەک کارامەیی (مهارات) پێویستە. پرۆسەکە بریتییە لە بیرکردنەوەی تەواو، نەک تەنیا ڕاهێنان لە جووڵەی چاودا... القراءة السریعة، ص ١١.»

پێویست بەوە ناکات کۆمەڵێک پێناسەی لەیەک جیاواز بۆ پرسی خوێندنەوە لێرەدا ڕیز بکەین، وەلێ جێی سەرنجە، پسپۆڕەکانی ئەم بوارە، هەریەکە پێناسەی تایبەت بەخۆیان هەیە.

(محمد أولحاج) لە توێژینەوەکەی خۆیدا بەناونیشانی «وضعیة القراءة والتعبیر في المنظومة التربویة»، بەچوار جۆری سەرەکی خوێندنەوە پۆلێن دەکات:

«١- خوێندنەوەی بلەز (فوري): لەسەر بنەمای چاوپێخشاندنی دەستبەجێ و بێدەنگ بۆ بابەتێکی دیاریکراو، بەڕێوە دەچێت. ئەم کردەیە زیاتر لە کەشفکردن و هەڵکۆڵینەوە نزیکترە تاکو خوێندنەوە.

٢- خوێندنەوەی بێدەنگ: خوێندنەوەیەکی نهێنییە، گۆکردنی تێدا نییە. لێرەدا لێو و زمان ناجووڵێن. بگرە پشت بەخوێندنەوەی زەینی دەبەستێت و بەهۆی بینینەوە جێبەجێ دەبێت.

٣- خوێندنەوەی دەنگدار: ئەمەیشیان خوێندنەوەیەکە پشت بەدەنگی بەرز و بیستراو دەبەستێت.

٤- خوێندنەوەی گوزارشتی (Expressive): بەدەنگی بەرز بەڕێوە دەچێت. خوێنەر دەچێتە کەوڵی نووسەری دەقەکەوە، لە تەواوی هەڵوێستەکاندا لاسایی ئەو دەکاتەوە. وەک: پرسیار، سەرسوڕمان، خەم، نائومێدی و

گەلێک هەڵچوونی تر، بەپێی واتا و ئاماژەی نێو ئەو دەقە... بڕوانە: مجلة فكر ونقد، العدد ٥٢»

ئەگەرچی خوێندنەوەی بێدەنگ مێژوویەکی کۆنی هەیە، بەڵام هەرگیز نەگەیشتە حوجرەی فەقێیەکانی کوردستان. تا ئەم دواییەش، کە هێشتا قوتابخانە ئاینییەکان چالاک بوون؛ هەر بەدەنگی بەرز دەیانخوێندەوە. فەقێ لێ ڕاهاتبوو، بەدانیشتنەوە، کتێبەکەی دەنایە سەر کورسییەکی نزمی تایبەتی، کە بۆ ئەم مەبەستە لە تەختە چێ کرابوو، بەدەنگی بەرز دەیخوێندەوە و هاوکات بۆ پێشەوە و بۆ دواوە لە نێوقەدی بەرەوژوور، جەستەی خۆی لە تەکدا دەلەنگاند و هەدادانی نەبوو. یان لەنێو سەوزەگیادا و لە حەوشەی دەم حوجرەکەیدا، بەدەم ڕێڕۆینێکی بڕێک خێراوە ئەمسەر و ئەوسەری دەکرد. ئاگای لە دەوروبەری خۆی دەبڕا و وشە نووسراوەکانی بۆ دەنگ دەگۆڕی و دەقەکانی لەبەر دەکرد. خۆیان بەم کۆشش و هاموشۆ خێرایەیان دەوت دەورکردنەوە.

هیچ لێکۆڵینەوەیەکی کوردی لەم بەستێنەدا لە بەردەستدا نییە، پشتی پێ ببەسترێت. ئەوەندە هەیە، ئەم جۆرە خوێندنەوەیە (بێدەنگ)، بەخێرایی بەڕێوە دەچێت. بێدەنگە. خوێنەر لێوی لەگەڵدا ناجوولێنێت و بەخێراییش لە بابەتەکە تێ دەگات. هەموو ئەو لێکۆڵینەوە مەیدانییانەی، کە بە زمانە بیانییەکان لەم بوارەدا ئەنجام دراون، ئەوە دەسەلمێنن، کە خوێندنەوەی بێدەنگ خێراتر بەڕێوە دەچێت و خوێنەر چاکتریش لە بابەتی خوێنراوە تێ دەگات و بەرهەمی پترە.

بوار بەقوتابی دەدات زەینی خۆی لە دەوری بابەتەکە چڕ بکات و باشتر لێی حاڵی ببێت. کەواتە لە چاو خوێندنەوەی دەنگداردا ڕەنجی کەمتری پێویستە. وێڕای ئەوەی ئەم تەرحە خوێندنەوەیە بۆ هەموو شوێن و مەقامێک گونجاوە، چونکە دەوروبەر بێزار ناکات. جووتە نووسەری کتێبی (القراءة السريعة) پێیان وایە:

«خــوێندنــەوەی بێــدەنگ لانی کــەم سێ جــاران لـە خــوێندنەوەی دەنگدار خێراترە... القراءة السريعة، ص ٣٠.»

تا ئەم دوایییــەیش قـوتابیـان بـەگـشـتـی بـەدەنگەوە دەیانخـوێندەوە. خـوێنەر کـێـشــەی بۆ خـوێنەرەکـانی دەوروبەری خـۆی دروست دەکرد. دیارە کـردەی خـوێندنەوە، لە ڕێی هـەسـتـی بینینەوە ئـەنجـام دەدرێت، وەلێ بـۆ دیتنـی ئەو ڕسـتـانە و بەرجـەسـتـەبوونیـان خـەیاڵ ڕۆڵـی خـۆی دەبینێت. وەک مـێـژوو باسـی لێوە دەکات، (ئەسکەندەری مەکەدۆنی)، کە لە سـەدەی چوارەمی بەر لە زایندا ژیاوە، بۆ یەکەم جار، کـاتێک نامەیەکی بەدەست گەیشـتـووە، یەکسـەر لە پێش چاوی ئامادەبووانی مەجلیسەکەیدا، کە پڕانی ئەوان شەڕوان بوون، بێدەنگ و بە چـاو نامــەکـەی خــوێندووەتەوە. ئەمــەیش بووەتـە جـێـی سـەرسـووڕمــانی جەنگاوەرەکانی.

وەلێ توێژەر (خـالد بن عـبـدالله الراشـد) لە توێژینەوەکـەیدا بـە سـەردێری (مـقـتـرح لتنمیـة مـهـارات القـراءة الصـامـتـة) نووسـیـوێتی: «سـەرەتاکـانی بەدیارکـەوتنی زاراوەی خـوێندنـەوەی بێـدەنگ، وەک چالاکـیـیـەک لە سـەدەی نۆزدەمدا بوو. کاتێک هەندێک هۆکار سەریان هەڵدا و بوونە مایەی گرینگیدان بەخوێندنەوەی بێدەنگ.

لەنێـو ئەو هـۆکـارانەدا بڵاوبوونەوەی بـزاڤی فـێـرکـردن (التـعلیـم) و، بە شــوێنیــدا زیادبوونی ژمــارەی خــوێنەران. لـە ئـەنجــامی ئـەو هۆکــارانەدا، خوێندنەوەی بێدەنگ وەک چالاکییەکی تایبـەت، تاک لە شـوێنی گـشـتی و لە کتێبخـانەکاندا پەیڕەوی دەکرد. هـەروەها لەو هۆیانەی یارمـەتیی دەرکـەوتنی خـوێندنەوەی بێـدەنگی دا، بەکـارهێنانی کـتێب بـوو بەمـەبەسـتی پەرەپێـدانی کـەسـیــەتیی تاک و چاککردنی دۆخی کـۆمـەڵایەتیی خـۆی، کـە لە ئـەنجـامی شۆڕشی پیشەسازیدا گرینگیی بەدیار کەوتبوو... ص ٢٠.»

## خوێندنەوەی بلەز "فوري"

ئێمە ئێستا لە سەردەمی لێشاوی زانیاری و شۆڕشی زانستی و پێوەندیی خێرادا دەژین. بڵاوکراوەی ئەلیکترۆنی و کاغەزی ئەمەندە زۆر بوون، تاکی کورد لە باشووری کوردستان بەئاسانی فریای خوێندنەوەیان ناکەوێت. بڵاوکراوە کاغەزییەکانی باشوور خۆیان دەدەن لە سنووری هەشت سەد و پەنجا دانە، لە نێوان ڕۆژنامە، هەفتەنامە و مانگنامەدا، وێڕای دەیان ماڵپەڕ.

لە دوامای سەدەی ڕابردوودا ساڵانە چەند دانەیەک کتێبی کوردی چاپ دەبوو. ئێستا چەندان دەزگە لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات کتێبی کوردی چاپ دەکەن و دەیخەنە بازاڕەوە. ئەم واقیعە نوێیە، بەسەر تاکی بەدەربەستیدا سەپاندووە ئاستی خوێندنەوەی خۆی خێراتر بکات و پەرەی پێ بدات، تاکو هیچ نەبێت فریای ئەوە بکەوێت ڕۆژانە چاو بە بەشێک لەو حەمکە چاپەمەنییەدا بخشێنێت. وەلێ مرۆڤ بوونەوەرێکە خاوەنی توانایەکی لەبن نەهاتووە. مێشکی مرۆڤ گەورەترین کۆمپیوتەری ناگاتێ. دەتوانێت هەم پەرە بەخێراییی خوێندنەوەی خۆی بدات و هەمیش توانای وەرگرتنی زانیاریی خۆی بەرزتر بکاتەوە.

لەم ڕووەوە (جین ماری ستاین) لە کتێبەکەیدا، بەنێوی (كيف تضاعف قدراتك الذهنية؟)؛ زۆر ڕێنوێنیی بەسوود دەخاتە ڕوو. ئەگەر خوێنەر پەیڕەویان بکات، ئەوا دەتوانێت خێرایی خۆی چەندان جار زیاد بکات. ئەم نووسەرە پێی وایە، خوێنەر لێ ڕاهاتووە، کۆمەڵێک خەدەی خراپ لە کاتی خوێندنەوەدا پەیڕەو بکات، گەرەکە هەوڵ بدات بەهۆی ڕاهێنانی بەردەوامەوە لێیان دوور بکەوێتەوە، وەک:

یەکەم: نابێ خوێنەر پیت و وشە و ڕستەکان بەدەنگی بەرز یان بە چپە بخوێنێتەوە.

دووەم: خوێندنەوەی وشە بەوشە ڕەت دەکاتەوە، چونکە دەبێتە هۆی

دواکەوتنی خوێنەر. ئەو پێی باشە خوێنەر ڕستە بەڕستە بخوێنێتەوە و چاو و زەین لەسەر وشەکان ڕانەگرێت.

سێیەم: خوێنەر نابێت بۆ جاری دووەم یان پتر بگەڕێتەوە سەر وشەیەک، چونکە ئەم خدەیە لە خوێندنەوە دوای دەخات و واتای ئەوەیش دەگەیێنێت، کە ئەو بڕوای بەخۆی نییە.

## ئەزبەرکردنی دەق

لەو سەردەمەدا، کە کتێب کاڵایەکی دەگمەن بوو، بەدەست دەنووسرایەوە. خەڵک پەنایان بۆ ئەزبەرکردنی دەق دەبرد. قورئان و تەواوی فەرموودەکان هەر بەم شێوەیە، لەم زارەوە بۆ ئەو گوێ پارێزراون. دواتر شیعر لە هەموو دەقێکی تر پتر ئەزبەر کراوە. ئەویش بەخوێندنەوەی چەند جارێک تا بەتەواوی (دەرخ) دەکرا. خێراییی ئەزبەرکردنیش بۆ زەینڕوونی و چالاکیی مێشکی خوێنەر دەگەڕێتەوە.

ئێستاش خەڵکی زەینڕوونی وەها هەن بەهەزاران دێرە شیعری کۆنیان لەبەرە. جێی باسە ئەوەی خوێندەواریش نەبێت هەر دەتوانێت دەق ئەزبەر بکات. لەو سۆنگەیەوە، کە شیعری نوێ، گوێ بە کێش و سەروا نادات. ئەم دوو تایبەتمەندییەیش یارمەتیدەری هەرە گرینگن بۆ ئەزبەرکردنی ژانری شیعر، بۆیە ئەمڕۆکە بەئاسانی شیعر ئەزبەر ناکرێت. وەلێ تەواوی ئەو دەقانەی، کە موسڵمانی کورد و گەلانی تری غەیرە عەرەب لە کاتی نوێژ ئەداکردندا دەیانخوێننەوە، بە زمانی عەرەبین و ئەزبەریشیان کردوون، ئەگەرچی ڕێژەیەکی بەرچاویان نەخوێندەوارن و لە واتای دەقەکانیش ناحاڵین.

ئەوەندە هەیە ئەم دەرکەوتەیە، پاڵنەری ئاینی و بەپیرۆزکردنی دەقەکان و فەرزبوونی نوێژی لە پشتەوەیە. سەبارەت بەو نابینایانەشی، کە لە کن خۆمان بە (حافز: حافظ) ناویان ڕۆیشتووە، زیاتر پاڵنەری ئابووریی لە پشتەوەیە. ئەوان ئەزبەرکردنی قورئانیان بەپیشە کردووە و لەسەری دەژین. دیارە

نابینای بلیمەتیش هەن، کە نابینایی نابێتە لەمپەر لە ڕێیاندا. هەیانە جێدەستی بە بزاڤی ڕووناکبیریی کوردەوە دیارە، وەک خوالێخۆشبوو (د. کامل البصیر)، کە خاوەنی چەندان دانراوی بەنرخە.

دیاردەیەکیش هەیە جێی سەرنجە، لە جێیە لێرەدا هەڵوێستەیەکی کورتی لەسەر بکەم. لای هەمووان زانراوە، کە قورئانی حەکیم دەقێکی ئاسان نییە. وەلێ زۆر تاکی کوردم دیوە لەوانەی قورئان دەخوێننەوە و دەوری دەکەنەوە. یان هەر لەبەر قورئان دەخوێننەوە. ئەمانە بەتەواوی دەنگی پیت و وشەکان دەردێنن. بێ کەم و زیادیش پەیڕەوی (ئیعراب) دەکەن و ناکەونە هەڵەی زمانەوە. کاتێکیش بەدەنگ و ئاوازەوە دەیخوێننەوە دیسان ناکەونە هەڵەی (تجوید)ەوە. بەڵام زۆرێک لەمانە نە بەدروستی لە واتای ئایەتەکان تێ دەگەن و نە بۆخۆیشیان دەتوانن چوار ڕستەی دروست بە زمانی عەرەبی بەرهەم بێنن. واتە سوودێکی ئەوتۆیان لەو ڕەنجەی خۆیان وەرنەگرتووە. لە ڕاستیدا ئەم جۆرە خوێندنەوەیە، بەدوای ناوێک، یان زاراوەیەکدا دەگەڕێت لێی بنرێت.

بەشی دووەم

# هەردەم کات بۆ خوێندنەوە هەیە

## ئەوسا و ئێستای خوێندنەوە

لە کۆتاییی حەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە تا بە ڕووخانی بەغدا دەگات، وەک ئەمڕۆی سەرەتای هەزارەی سێیەم، کتێب لە هەموو ڕشتە و بابەتێک لە ئارادا نەبوو. ئەوسا کتێب بەنێو فیلتەری سانسۆردا تێ دەپەڕی ئەوجا دەگەیییە دەست خوێنەر. بیری نوێ و فەلسەفەی نوێ و تیۆرە نوێیەکانی ئەدەب و هونەر، وەک پێویست نەدەگەیشتنە عێراق. واتە دەوڵەت بۆ خۆی ئابڵووقەیەکی فەرهەنگیی لەسەر هاووڵاتییانی خۆی دانابوو. لەگەڵ ئەوەیشدا دەتوانم بڵێم، لەو سەردەمەدا خوێندنەوە وەک چالاکییەکی هزری و کردەیەکی جەماوەری، بەهەند گیرابوو.

ئەگەر کتێبێکی دانسقە، بەوانەشیانەوە، کە لە چیا چاپ دەکران، بەنهێنی بکەوتایەتە نێوەندەکەوە، ئەوانەی تینووی زانیاریی نوێ و هزری نوێ بوون سەرەیان بۆ دەگرت. لەنێو خوێنەرە بەدەربەستەکاندا دەستاودەستی دەکرد. ئەوەندە هەبوو بەمەبەستی شاردنەوەی لە چاوی بەدکار، بەرگی تێ دەگیرا. لەگەڵ سەختیی سەردەمەکەیشدا هەستت پێ دەکرد توێژێک لاو هەن لەگەڵ زەماندا لە پێشبڕکێدان و لە هەڵپەی خۆڕۆشنبیرکردندان. گوێت لێیان دەبوو، ئەو کتێبەی خوێندوویانەتەوە بەگەرمی گوتوبێژی لەسەر دەکەن. لەو سەردەمەدا نووسەر وەک ڕابەر، یان وەک کەسێکی ئەفسوونباز تەماشا دەکرا. چاوەڕوانی ئەوەی لێ دەکرا چارەسەری بۆ کێشە بەگرێوگۆڵەکانیش

لەلا دەست بکەوێت.

چارەنووسی کورد بەکوێ دەگات؟ ئەمە پرسیاری هەرە گرینگی ئەو سەروبەندە بوو، وێڕای خوێندنەوە، بەدوای وەڵامی ئەم پرسیارەدا، بە لێشاو بۆ کۆڕە ئەدەبییەکانی نووسەران دەهاتن، بەڵکو لە بندێری شیعرێک، چیرۆکێکدا گوێیان لە وەڵامێکی دڵخۆشکەری ئەم پرسیارە ببێت. ڕوویان لە هۆڵی شانۆ دەکرد، بەڵکو لەسەر تەختەی شانۆ، لە گوتوبێژی نێوان ئەکتەرەکاندا وەڵامی ئەو پرسیارە ببیستن. تەنانەت زۆرێک لەو لاوانە هەر بەو نیازە سەری پێشانگەکانی هونەری شێوەکاریشیان دەدا، تاکو لە فیگەری تابلۆیەکدا وەڵامێکی خێریان دەست بکەوێت، کە شارێکی وەک سلێمانی پێشانگەی شێوەکاریی لێ نەدەبڕا.

لەنێو ماڵاندا، لە کونجی لاپەڕ و نێو خوێندنگە و لە کەوالیسی کۆلێجەکاندا، لە شەوانە مێزی کۆڕی یاراندا باسی هزر و بندێری ئەو کتێبانە دەکرا، کە دەهاتنە بازاڕەوە. ئەوان بەدڵگەرمییەوە لەسەر ئەو دەقانە دەدوان. پرسیاریان لە دەوری ئەو دەقانە دەورووژاند و بە دەقەکانی پێش خۆیان بەراوردیان دەکردن، تاکو بگەنە وەڵام و ئەنجامگریی ڕاست و دروست. نووسەری ئەو کتێبانە ئافەرین دەکران. بەڵام ئێستا، وەک ئەو توێژانە پرسیاری مەزنیان پێ نەمابێت تا ئاراستەی نووسەرانی بکەن و لاپەڕەی کتێبەکانیانی بەشوێندا بگەڕێن، زۆر کەس هەن ڕەنج و شەونخوونیی ئەو نووسەرانە بە پوولێک ناکڕن. ئێستا زۆرێک لەو توێژانەی خەڵک، کاتێک سەربەیەکدا دەکەن، زیاتر باس لە دەفتەرە دۆلار و مۆدیلی ئۆتۆمۆبێلەکانیان دەکەن.

وا پێ دەچێت (لەم عەسرەی باشووری کوردستاندا) شاعیر بۆ شاعیران و چیرۆکنووس بۆ چیرۆکنووسان بنووسن و شانۆکار بۆ خۆیان و شێوەکار بۆ خۆیان پێشکێشی دەق و کەڤاڵەکانیان بکەن و دڵی خۆیانی پێ بدەنەوە. وا پێ دەچێت ڕشتەکانی ئەدەب و هونەر جەماوەریان لە دەست دابێت. بۆ خۆم وەک خوێنەرێک، لە حەفتاکان و هەشتاکاندا هەر کتێبێکم کڕیبا یەکسەر بەرگم تێ

دەگرت نەبادا بەرگە ئەسڵییەکەی خۆی بژاکێت و دیکۆری دەرەوەی کتێبەکە لە درەوشانەوە بکەوێت. وەک پارچە خشڵێک بۆ کتێبم دەڕوانی. ڕووناکبیر هەبوون، کاتێک لە بەغدا پێشانگەی ساڵانەی کتێب دەکرایەوە، بەمەبەستی کڕینی کتێبی نوێ، سەردانی بەغدایان دەکرد و بەبندەستە کتێبەوە دەگەڕانەوە. دوای خۆیان، لوتفیان پێشان دەدا و دەیاندایە هاوەڵەکانیشیان.

بەبەراورد لە چاو ئێستادا، خەڵکێکی زۆر هەبوون بەدوای ئەدەبی جوان و هونەری جوان و هزری جواندا دەگەڕان و چێژیان لێ دەبینی. لە دووی ئەوە بوون بەردەوام ئاستی فەرهەنگی و چێژی هونەریی خۆیان بەرزتر بکەنەوە. وەلێ دوای ڕاپەڕین لە تەنگدەستیدا زۆر نووسەر کتێبخانەکانی خۆیان بەخۆراک گۆڕییەوە. مەسوولی نەخوێندەوار هەبوون لێیان دەکڕین و وەک دیکۆر لە پشت نووسینگەکانی خۆیانەوە، لەنێو کتێبخانەی بەنرخدا ڕیزیان دەکردن، تاکو لە پەردەی تەلەڤزیۆنەوە وەها خۆیان پێشانی جەماوەر بدەن، کە ئەوان هەر بەتەنیا تفەنگچیباشی نین، بەڵکو پاشخانێکی فەرهەنگیی دەوڵەمەندیشیان هەیە. ئەوان هاوکات ئەهلی قەڵەم و ئەهلی چەکیشن.

زاراوەی (بینەری ماتۆڕی)م لە سەردەمی حەفتاکاندا، لە هونەرمەندێکی شێوەکار بیستووە. ئەو مەبەستی پێ ئەو جۆرە بینەرانە بوو، کە بەخێرایی بەلای کەڤاڵەکانیدا تێ دەپەڕین. باییی ئەوەندە لە کەڤاڵەکان ورد نەدەبوونەوە، تاکو شتێکیان لێ هەڵبکرێنن، یان چێژیان لێ ببینن. ئەوان بۆ مەبەستێکی تر دەهاتنە پێشانگەکەی، نەک بۆ چێژوەرگرتن لە هونەر. ئێستا بەنزیکەی هەمووان بوونەتە خوێنەر و بینەری ماتۆڕی. ئێستا وەک ئەوەی ڕێژەی نەخوێندەواری هەڵکشابێت، خەڵک لەوسا کەمتر دەخوێننەوە. وەک ئەوەی پارە و مۆدیلی ئۆتۆمۆبێل هەموو شتە جوانەکانی تری لە بیر بردبنەوە. وەک ئەوەی کتێب (هەوێ)ی بۆ پەیدا بووبێت.

خۆ لە کوردستان ئینتەرنێت بەو بەربڵاوی و خێراییە نییە تاکو بووبێتە بڕێتیی کتێب و جێی گرتبێتەوە. ئەگەرچی کورد لە چاو میللەتانی تردا کەمترین کتێبی لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت هەیە. ئەدی ئەو هەموو بڵاڤۆکە چییە،

کە ڕۆژانە لەسەر پیادەڕەوی شەقامەکان دادەنرێن؟ ئەگەر ناخوێنرێنەوە، لە پای چی پارەیان تێدا خەرج دەکرێت. ئاخۆ ئەوانەی پێیانەوە خەریکن بەتاڵەی دەمامکدارن و کاریان بۆ دۆزراوەتەوە؟ خۆ زۆرێک لەو بڵاڤۆکانە (مەلاخۆرەن) و خوێنەری بواری تەنکاویش، یان با بڵێین خوێنەری ماتۆڕیش لێیان تێ دەگەن! وەلێ ئەو بڵاڤۆکانە ناتوانن باری کەوتووی فەرهەنگ ڕاست بکەنەوە.

## لە ستایشی کتێبدا

وەک ڕێزدانان بۆ ڕەنج و کۆششی نووسەران و بۆ بەهای کتێب، ڕێکخراوی یونسکۆ، (٢٣ی نیسان)ی هەموو ساڵێکی بە ڕۆژێکی ڕەمزی بۆ ئاهەنگگێڕان بە یادی ڕۆژی جیهانیی کتێب ناوزەد کردووە. ئەم ڕۆژە ڕێککەوتی هاتنە دنیا و کۆچی دوایی ژمارەیەک لە نووسەرە بەنێوبانگەکانی دنیا دەکات. وەک شانۆنووسی ناوداری ئینگلیز ولیەم شەکسپیر، کە لەم ڕۆژەدا و لە ساڵی (١٦١٦ز)دا، کۆچی دوایی کردووە. بەڵام ساڵانە ئەم یادە بەخامۆشی بەسەر کوردستاندا تێ دەپەڕێت.

کوردیش لەو میللەتانەیە، کە لە مێژوویەکی کۆنەوە سەروساختیی لەگەڵ کتێبدا پەیدا کردووە. خاوەنی سێ کتێبی پیرۆزیشە. لە ڕاستیدا لە دەرێی جیهانی کتێب و پرۆسێسی نووسین و خوێندنەوەدا، شتێک نییە ناوی شارستانییەت و ژیار بێت. بە سەرێکی تر، ئێمە ئێستا لە دنیایەکدا ژیان بەسەر دەبەین، لەمێژە سەردەمی دەرکەوتنی پێغەمبەرانی تێپەڕاندووە. چیی تر پێغەمبەر لەلایەن خواوەندەوە ڕەوانە ناکرێت، تاکو یەزدان بە جوبرەئیلی فریشتەدا سرووشی بۆ بنێرێ، فێری بکات و لە پەستدا زانیاریی پێ بدات. تۆ دەبێت خۆت مشوور بخۆیت و خۆت فێر بکەیت. بەهیوای ئەوەیش مەبە ببیە پەیامبەر. کەواتە هەرچی زووتر ببیت بەدۆستی کتێب دەها باشترە.

کتێب زانیاریت پێ دەدات و زانیارییش هێزە. فەرهەنگ لە خۆیدا کاریگەرترین چەکی ئەم سەردەمەیە. قسەیەکی پەندئامێز هەیە دەڵێت: «ئەگەر

بتەوێت کەسێک بەباشی بناسیت، برۆ کتێبخانەکەی بگەڕێ» ئەوەیش بزانە خوێندنەوەی هەر کتێبێک، بەتایبەتی ئەدەبی، وەک ڕۆمان و چیرۆک، بەمکۆمی خوێنەر بەو سەردەم و چاخەوە گرێ دەدات، کە تێیدا نووسراوە و بەرهەم هاتووە، بەتەواوی بیرۆکە و قارەمانەکانیەوە. هەروەها بەو کۆمەڵگەیەشەوە، کە لەو کتێبەدا باسی هاتووە. فرانسیس بیکۆن دەڵێت: «خوێندنەوە مرۆڤی کامڵ دروست دەکات»

چونکە تۆی خوێنەر، لە ڕێی خوێندنەوەی ئەم کتێبانەوە، بەجیهانبینی و بۆچوونی ژمارەیەک لە خەڵکانی سەر بە چین و توێژە جیاوازەکانی ئەو سەروەختە ئاشنا دەبیت. بەچاوی خەیاڵ دەیانبینیت چلۆن دەجووڵێن و دەپەیڤن و لەگەڵ کێشەکانی خۆیاندا دەژین. چلۆن لە دووی چارەسەر دەگەڕێن، هەڵدەچن و بەیەکدا هەڵدەپژێن. ئیدی تۆیش لەلای خۆتەوە هەڵوێست لەمەڕ ئەو پێشهاتانە وەردەگریت و دەبیتە خاوەنی ڕای خۆت لەسەر تەواوی ئەو کێشانەی، کە لەوێدا خراونەتە ڕوو. هەر لێرەیشەوە دەبییە کەسێکی خەمخۆر و بەمشوور و بەتەنگ کێشەی خەڵکەوەبوو. وەلێ ئەو تاکەی، کە نایئاوزێت بخوێنێتەوە، کەسێکی گۆشەگیر و لاتەریکە. تەنانەت لەو سەردەمەیش، کە تێیدا دەژی بێ ئاگا و ناحاڵییە.

داخۆ ئەگەر ئەحمەدی خانی، دە دانە کتێبی تری هاوشانی دەقی مەم و زینی بنووسیایە، پێی نەدەبوو بە شەکسپیری ڕۆهەڵات؟ ئەوەتا ئێمە و گشت جیهان، دوای تێپەڕینی نزیکەی بیست و پێنج سەدە، هێشتا ئەوەندە بەدەقی شانۆیینووس و فیلۆسۆفەکانی گریک سەرسامین؛ لە بانیژەی بەرهەمەکانی ئەوانەوە یۆنانی ئێستاش دەبینین و دەناسین. خۆ چاوت هالێ، چلۆن کتێب پێوەری زەین و مێنتاڵی (عقل) هەر میللەتێکە. کتێب هێمای سەرکەوتنە بەسەر بەجێمان و دووانەی نەخوێندەواریی فەرهەنگی و ژیاریشدا. سێیەم سەرۆکی ئەمەریکا جێفەرسن دەڵێت: «تەنیا ئەوانە ئازادن، کە دەخوێننەوە. چونکە خوێندنەوە، جەهل و خورافە قاو دەدات. ئەو دووانەش سەرسەختترین دوژمنی ئازادین.»

کتێب کۆگەی هزر و زانست و زانیارییە. جا ئەو هزرە بۆ هەڵکشانی ئاستی ئاوەز و زەینی مرۆڤ بێت، یان بەرهەمی مادی و تەکنۆلۆجیی لێ بکەوێتەوە، کە دیسان بۆ خۆشگوزەرانیی مرۆڤە. هەتا ئەو هزر و زانیارییانە وزەیان تێدا بێت؛ بەرگەی ڕۆژگار بگرن و مرۆڤ وەک سەرچاوە پشتیان پێ ببەستێت و پێویستی پێیان بێت، ئەوا ئەو کتێبەیش بەزیندوویی دەمێنێتەوە. کتێب هەیە لەسەری نووسراوە چاپی دەیەم و پتریش. هەموو کات مرۆڤە کامڵەکان، بە ڕێزەوە بۆ کەسانی خاوەن هزر دەڕوانن. سارتەر دەڵێت: «دەستپێکی ژیانم لەنێو کتێبدا بەڕێوە چوو، بێگومان هەر لەنێو کتێبیشدا کۆتاییی پێ دێنم».

تەمەنی کتێب وەک تەمەنی هیچ کاڵایەکی تر نییە. کاڵا هەیە بەشی چەند جارێک بەکارهێنان دەکات و پاشان وادەی بەسەر دەچێت و کۆمپانیای بەرهەمهێن وادەی بەسەرچوونی لەسەر دیاری کردووە. وەلێ کتێب هەیە وەک تەمەن و مێژوو، بۆ چەندان سەدەی بەر لە زاین دەگەڕێتەوە، کەچی هێشتا قسەی لەسەر دەکرێت و بایەخی خۆی لە دەست نەداوە. چونکە هزرێکی هێندە قووڵ و گرینگی لە دوو توێی خۆیدا هەڵگرتووە کۆن نابێت و بەسەر ناچێت. ئێستایش هەر جێی ڕامانە و مرۆڤی ئەمێستاشی سەراسیمە کردووە؛ وەک گلگامێش، کە لە دەوری مەرگ و نەمری دەسووڕێتەوە. یانژی وەک شانۆییی ئۆدیب بەپادشایی، کە پرسی قەدەر و چارەنووسی کردووەتە بابەتی خۆی.

مرۆڤ وەک بەئاوەزترین بوونەوەری ئەم گەردوونە، بێ داهاتووە و دەمرێت، کەچی کتێب، کە بەرهەمی مرۆڤە دەمێنێت. کێ مێژووی ڕاستەقینەی کتێبی ئاوێستا دەزانێت؟ کەچی تاکو ئێستایش مگێزی نووسەران دەجووڵێنێت و بەشەوقەوە لەسەری دەنووسن. کتێبی هەزارویەکشەوە سەری بگری و بنی بگری، کۆهەقایەتێکی خەیاڵبزوێنە، هەقایەتەکانی ئەم کتێبە حیکمەتیان تێدایە، کەچی بۆ هەموو زمانە زیندووەکان وەرگێڕدراوە و زێدەگۆیی نییە ئەگەر بڵێم بەملیۆن لاپەڕەشی لەسەر نووسراوە.

جیاوازیی گرینگ و کاربڕ لە نێوان کتێب و کاڵاکانی تر لەوەدایە، هیچ کتێبێک بڕێتی و قەرەبووی کتێبێکی تر نییە. بۆ نموونە کتێب وەک دەرمان نییە؛ ئەگەر لە بازاڕدا دەست نەکەوێت، ئەوا نوژدار لە بریی ئەوە دەرمانێکی تر بۆ نەخۆش دەنووسێت.

کتێبی پیرۆزی ئاینەکان، ڕۆمانەکان و چیرۆکەکان، شتاقیان کوتومت لە شتاقیان ناچێت. لەم ڕووەوە دەکرێت بڵێین، گەرەکە وەک کاڵایەکی بێ وێنە (Unparalleled) حیسابی بۆ کتێب بکەین. ئەگەر تۆ لە دووی زمانی جوان وێڵی، بڕۆ کتێبەکانی بۆ بگەڕێ، لەوێدا دەیدۆزییەوە.

هەندێک جاران، ئەو زانیارییانەی، کە تەنیا کتێبێک لە وادەی هەفتەیەکدا بە تۆی خوێنەری دەدا، مامۆستایەک لە ساڵێکدا ناتوانێت فێرت بکات. سەبارەت بەستایش و پێناسەی کتێبیش ناودار و فەیلەسووفەکان وتەی جوانیان هەیە. تۆمای ئەکوینی وتوویەتی: «سڵ لە کەسێک بکەوە تەنیا کتێبێکی خوێندبێتەوە، چونکە فەرهەنگێکی سنووورداری هەیە» ئەناتول فرانس ١٨٤٤–١٩٢٤ دەڵێت: «کارێکی ئەفسوون ئامێزە، وێنە و تارماییی لێ دێتە دەر، نهێنییەکانی دەروون دەهەژێنێت و دڵی مرۆڤ دەگۆڕێت»

ئارنست هەمەنگوای ١٨٩٩–١٩٦١، لەبارەی کتێبەوە وتوویەتی: «هەموو کتێبەکان لەیەک دەچن، کاتێک لە خوێندنەوەیان دەبیتەوە، وا هەست دەکەیت بوون بە بەشێک لە خۆت» ڕەسووڵ هەمزاتۆڤ دەڵێت: «پێویستە مێژوو بکەین بە دوو بەشەوە، پێش دەرکەوتنی کتێب و دوای دەرکەوتنی کتێب. بەشی یەکەم شەوە و بەشی دووەم ڕۆژێکی درەوشاوە. یەکەم دۆڵێکی تەنگەبەر و تاریکە، دووەم پادەشتێکی فراوان، یان ترۆپکی چیایە» ڤیکتۆر هۆگۆیش دەڵێت: «کتێبگەل هاوڕێی هێمن و ئەمینن»

پێشتریش هەر سەبارەت بەکتێب، شاعیری بەنێوبانگی عەرەب (أبوالطيب المتنبي ٩١٥–٩٦٥ زاینی) پێی وایە: بەشکۆترین جێ سەر زینی ئەسپە و چاکترین هاونشینیش کتێبە:

أعز مكان في الدني سرج سابح
وخير جليس في الزمان كتاب
أنا من بدل بالكتب الصــحــابا
لم أجـد لي وافـيــا الا الكتــابا

## سێ خدەی سەیر لە کوردستان !

یەکەم:

تاکی کورد، ئەگەر برێک پارە، هێلکەکێک ئارد، ساجێک، یاخۆ هەر شتێکی تری لێ قەرد کردیت، ئەوا بە زۆری، بە ئەمانەتەوە بۆتی دەگێڕێتەوە. بەڵام ئەگەر بەمەبەستی خوێندنەوە، کتێبی لێ خواستی ئەوا بە زۆری بەتەمای مەبە و دەستی لێ بشۆ. هەندێک هەن لە سروشتی مشکدان، کتێب دەخۆن.

ئەم خدەیەیش لە خۆیدا نیشانەی بێ بەها سەرنجدانی کتێبە. لە باشووری کوردستاندا، بەبەراورد لەگەڵ جیهان و دەوروبەریشدا نرخی کتێب هەرزانە و لە کڕین دێت. زۆربەی ئەوانەشی وا کتێب لە ناسیاو و دۆستەکانیان قەرد دەکەن دەتوانن بەئاسانی هەمان کتێب لە بازاڕدا بکڕن، یان لە کتێبخانەی گشتیی شارەکەیان بیخوازن. بەڵام لە سۆنگەی بەهەندنەگرتنی کتێبەوە، پێیان ئەغزە بڕە پارەیەکی کەمیشی پێ بدەن، یان بەلایانەوە سەختە ئەوەندە ئەرک بکێشن، هەتا کتێبخانەی گشتی بچن و لەوێندەرێ بیخوازن. وێڕای ئەوەی، (خواردنی) کتێب لە کتێبخانەی گشتی ڕەنگە برێک لێپێچینەوەی تێ بکەوێت.

دووەم:

لە پرۆسەی خوێندنەوەدا هیچ جیاوازییەک لە نێوان نێرینە و مێیینەدا نییە. وەک چۆن گەڕان لە دووی زانست و مەعریفە نێر و مێی بۆ نییە. ئەمە بەکردەوە لە دنیادا وەهایە. بەڵام لە کوردستاندا وەها بەدیار دەکەوێت، کە

خـوێندنەوە گەمـەیەکی کـوتومت کـوڕانە، یان نێـرانە بێت. یەک لەباری خـۆم، بەرچاوم نەکەوتووە جارێک لە جاران کیژۆڵەیەک، کاتێک گەیشتبێتە ئاستی کـتێـبفـرۆشـیـیـەکـانی سـەرشـۆسـتـەکان، بۆ چەند هەناسـەیەک لای دابێت، هەڵوەسـتـەیەکی بەدیاریانەوە کـردبێت و سـەرێکی بەلای ئەو کـتـێـبـانەدا لار کردبێتەوە. یان چاوێکی پێدا خشاندبن.

کـەچی وەک دیاردەیەکی پارادۆکـسـاڵ، هەر لەم سـەردەمـەدا، ژمـارەیەکی بەرچاو ژنە کـوردی وریا و سـەنگین هـەن، دەکـرێت لە ڕیزی نووسـەرە هەرە چالاکـەکـاندا حـیـسـابـیـان بۆ بکرێت. وا پێ دەچێت ژنانی کـورد، بەگـشـتی بەرهـەمی نووسـەرانی مـێـیـینەی کـورد نەخـوێننەوە. باوەڕ ناکـەم کـاتێک خـاتوونێکی کورد بۆ کرینی پێویسـتـییـەکـانی مـاڵەکەی، ڕوو دەکـاتە بازاڕ، جـارێک لە جـاران لـە تەک سـڵـق و باینجـان و تـەمـاتەدا، دەسـتی بردبێت ڕۆژنامەیەکیشی خستبێتە نێو توورەکە نایلۆنەکەی دەستییەوە.

بۆیە زۆرینەی ژنانی کورد، پێی سەغڵەت دەبن، کاتێک دەبینن پیـاوەکانیـان بەخـوێندنەوەوە خـەریکن. ڕەنگە ئەم ئاکـارەی ژنی کـورد لەو هـەسـتـەوە سـەرچاوەی گـرتبـێت، کـە ئەوان وای بەپێـویست دەزانن ئەو پیـاوانە کـاتی زێڕینی خۆیان تەنیا لەگەڵ ژنەکانیاندا بەسـەربەرن، نەک لە تەک کتێبدا. چێژ و لەزەتیش تەنیا لە ژنەکانیـان وەربگرن نەک لە کتێب. زێدەگۆییی تێدا نییە ئەگـەر بڵـێم، هەندێک لە ژنانی کـورد، کـتـێب بەهەوێی خـۆیان دەزانن. لەم ڕووەوە مگێـزیان لە مگێـزی حکوومـەتە شـمـوولیـیـەکـانی نـاوچەکـە دەچێت. ئەوانیش خۆزیا و بریایانە سـەراپای ڕەشـوڕووتی بن دەسـتـیـان نەخوێندەوار بوونایە.

سێیەم:

کاتێک نووسـەر کتێبـێک چاپ دەکات، دۆست و برادەرانی، لەبریی ئەوەی دەستپێشخـەر بن. وەک هاندان، لێ ببڕێن دەست بەباخـەڵیاندا بکەن و سەرو کـۆپیی لێ بکرن، کـەچی چاویان لەوەیە نووسـەر وەک دیاری پێـشکێـشیـانی

بکات و بەدەستخەتی خۆی، چەند وشەیەکیشیان بۆ لەسەر بنووسێت. دیاردەی وەها لەنێو گەلانی زیندوودا بەرچاو ناکەوێت. کەچی کاتێک ئاشنایەکمان خانوو دروست دەکات، ئێمە دیاریی بۆ دەبەین. ڕەنگە ئەم هەڵوێستەی برادەرەکانی نووسەرەکە، لەو سۆنگەیەوە بێت، هێشتا لای خۆمان کتێب بەتەواوی بەکاڵا نەبووە. زۆرجاریش ئەو برادەر و ناسیاوانە بەهایەک بۆ ئەو دیارییەی نووسەر دانانێن. ڕەنگە زۆرتان سەرنجتان دابێت، کتێبی کوردی، بە پێشکێش و ئیمزای نووسەرەکەیەوە، بێ ناز لەسەر پیادەڕەوی شەقامی شارەکان، بۆ فرۆشتن دانراون، بێ ئەوەی ڕێز بۆ ئیمزای کاکی نووسەر دانرابێت.

## کتێب لە خوێندنگە ئاینییەکاندا

لەبەر هۆیەکی ساکار، تەواوی شاعیرانی کلاسیک دەرچووی قوتابخانە ئاینییەکان بوون. چونکە ئەو دەمانە، قوتابخانە بەم شێوەیەی ئێستا لە ناوچەکەی ئێمەدا نەبووە. کتێبەکانی ئەوسایش بەزمانی کوردی نەنووسرابوون. بگرە بە زۆری بەزمانی عەرەبی و بەپلەی دووەم فارسی و تورکی بوون. جێی سەرنجە، هیچ کام لەو شاعیرانە بەزمانی دایکی خۆیان نەیانخوێندووە، کەچی بەو زمانە کوردییە پاراوە شیعریشیان نووسیوە، کە ئەمڕۆکە بووەتە بناغە بۆ زمانی ستانداردی کورد.

ئەوان لە خوێندنگەکانی خۆیاندا کتێبی بەدەستخەت نووسراویان پەیدا کردووە، کە بە زۆری بەمەرەکەبی چینی، یان بە مەرەکەبی خۆماڵی نووسرابوون، بۆ ئەوەی بەرگەی شێ و تەڕوتووشی بگرن. ڕەحمەتی نەجمەدین مەلای خاوەنی کتێبخانەی کەشتیی نوح لە شەقامی سابوونکەرانی شاری سلێمانی، بەدەستخەتی خۆی دەیان دانەی لە دیوانی شاعیرە کلاسیکییەکانی لەمەڕ خۆمانی بۆ ئەدەبدۆستان ڕەنووس کردبوو.

سەبارەت بەکتێبی قوتابخانە ئاینییەکان، کە بەدەست دەنووسران. هەندێک

جاران، بە چواردەوری لاپەڕەکانیدا، یان لە پەڕاوێزدا، بە ڕەنگی سوور و بڕێک وردتر پەڕاوێزیان بۆ نووسرابوو. وەک تەواوی مەدرەسەکانی ناوچەکەی ئێمە لەسەر ئەو پرۆگرامە کۆک بووبن، ئەوان یەک پرۆگرامیان پەیڕەو دەکرد، کە بریتی بوو لە چەند ڕشتەیەکی دیاریکراو. لێی کەم و زیاد نەدەکرا.

ئەم خوێندنگانە توانیویانە بە هیمەتی خۆیان و بەهاوکاریی خێرخوازان، ژمارەیەک کتێب لە شێوەی کتێبخانەدا بۆ مەدرەسەکانیان کۆ بکەنەوە. بەتایبەت خوێندنگە بەنێوبانگەکان. بۆ نموونە خوێندنگەی (ئەحمەدییەی حەڵەب) کە تەنیا بۆ خوێندکاری کورد تەرخان بووە. بەتایبەتی کوردانی سایەی میرنشینی بابان. ئەم مەدرەسەیە، بەکردە و کۆششی بنەماڵە دامەزرێنەرەکەی، «خاوەنی کتێبخانەی ڕەسمیی خۆی بووە، کە لە سێ هەزار کتێبی بەنرخی ئەو سەردەمەدا خۆی بینیوەتەوە. وێڕای ئامێرە فەلەکییەکان. ئەم کتێبخانەیە خزمەتی پێشکێش بەخەڵکانی دەرەوەی ئامۆژگەکەیش کردووە و ئەمیندارێک، بەڕێکوپێکی بەڕێوەی بردووە... بڕوانە: هێمن و بۆنی غەریبی، محەمەد فەریق حەسەن، ل. ١٤» جێی ئاماژەپێدانە، کە پاشماوەی کتێبەکانی ئەم کتێبخانەیە، تاکو ئێستایش لە کتێبخانەی (الاسد)دا، لە دیمەشق پارێزراوە.

## وشە، خاوەنی وزەیە

بەلای دەسەڵاتە شموولییەکانەوە، مەترسیی کتێب، هیچی وای لە مەترسیی بارووت کەمتر نییە. ئەوان حیسابی ورد بۆ تاکی هۆشیار دەکەن، چونکە تاکێکە بەمەعریفە چەکدارە. لە ئەحواڵی دنیا تێ دەگات و وەک دەڵێن کاغەزی سپی دەخوێنێتەوە. خەڵکیش هەن گوێی لێ دەگرن و پرسی پێ دەکەن. دەشێ ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەم چەکی مەعریفەیە لە دژی دەسەڵات بخاتە کار.

نووسەرانی کتێبی (لماذا تقرأ؟) دەڵێن: «پاراستنی یەکەمین کتێبخانە لە وڵاتی میسر، بەخواوەندەکان سپێردرابوو. لەسەر دەرگەکەیشی نووسرابوو:

«ئا لێرەدا خۆراکی ڕۆح و نوژداریی ئاوەز هەیە.» بەم پێیە، لە کۆندا کتێبخانە پێگەیەکی پیرۆزی هەبووە. کەچی لە سایەی حکوومەتە لە دوای یەکەکانی عێراقدا، کتێب سووتاندن و قەدەغەکردنی کتێب مێژوویەکی ڕەشی، لەم پاژەی کوردستاندا هەیە. لەسەر پارچە کاغەزێکی نووسراو بەسەدان لاو بێ سەروشوێن کراون.

وشەی نووسراو چونکە خوێنەری هەیە؛ لەنێو خەڵکدا دەبێتە هێز. وشە لە کۆنیشدا چەکی دەستی پیاوچاک و پێغەمبەران بووە. وشە، لە توانایدا هەیە یەکمان بخات و جۆشمان بدات. وەکوتر، هەر سیستمێکی تۆتالیتاری بگریت، لای خۆیەوە دەزگەیەکی بەنێوی سانسۆری چاپەمەنییەوە داناوە، بێ سڵەمینەوە، ڕاست و چەپ بەسەر دەیان بابەتدا دەهێنێت، کە بەدڵی خۆی نەبێت. ئەم دەزگەیە، هەندێک جاران سانسۆر دەخاتە سەر تاکە وشەیەک، یان چەند وشەیەک و ناهێڵێ لە هیچ شوێنێکدا بڵاو ببێتەوە. وەک وشەی (کوردستان) لە وڵاتی تورکیا، کە دەسەڵات دووچاری فۆبیا دەکات. مێژوو پێمان دەڵێت: کاتێک هۆلاکۆ خان بەغدای داگیر کرد، مەرەکەبی ئەو کتێبانەی، کە سوپاکەی ئەو دانی بەدەم ئاوەوە، ڕووباری دیجلەی ڕەنگ کرد. لە ئەڵمانیاش هیتلەر کتێبی نەیارانی خۆی دەسووتاند. وەلێ مێژوو هەموو ئەو دوژمن بەکتێبانەی بەپەند کرد. ئەم کارەشیان ڕەنگدانەوەی هزری خۆیان و کارکردی کتێب بوو.

لە جێیە نموونەیەک، کە لە خۆم ڕووی داوە، ئا لێرەدا بیگێڕمەوە. لە ساڵی ١٩٧٩دا، کۆچیرۆکی (ڕستێک زەنگیانەی ئاوی)م بەرەوڕووی بەڕێوەبەرێتیی (سانسۆری چاپەمەنی: رقابة المطبوعات) لە شاری بەغدا کردەوە. کاتێک دوای نزیکەی مانگێک بۆ وەرگرتنەوەی سەری هەمان دەزگەم دایەوە، پەیماننامەیەکیان پێ مۆر کردم، کە دەبێت پابەندی مەرجەکانی سانسۆر بم. وەختایێ چاوم بەدەستنووسەکەمدا خشاندەوە، دیتم کاکی سانسۆر هێڵی سووری بەسەر وشەی (خوێن)دا هێنابوو. چەند جاران وشەی (خوێن) لە چیرۆکی (لاوکی سوارە)دا هاتبوو، سانسۆر کردبوونی بە(شوێن) واتە دەبوو

(تینوون به خوێن)م بۆ (تینوون به شوێن) بگۆڕیایه.

بەم شێوەیە، سانسۆر لزگێک پێشمەرجی بۆ دانابووم. دەبوو جێبەجێیان بکەم، دەنا چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێبی ناوبراو قەدەغە دەکرا. مەرجەکان ئەمانە بوون: دەبێت خوێنەکان بکرێن بەشوێن و ناونیشانی کۆچیرۆکەکەم لە (جێگەی غەریبان کووچە و کەنارە)ەوە بگۆڕم بۆ ناوی یەکێک لە چیرۆکەکان و لە ماوەی شەش مانگیشدا دەستنووسەکەم چاپ بکەم. منیش بەناچاری ناوی کتێبەکەم بە (ڕستێک زەنگیانەی ئاوی) گۆڕی، کە ناونیشانی یەکێک لە چیرۆکەکان بوو. لە ماوەی شەش مانگیشدا بەچاپم گەیاند. وەلێ تاکە وشەیەکیشم لە چیرۆکی لاوکی سوارە نەگۆڕی. بۆیە هەتا ماوەیەکیش دڵخوردی ئەوە بووم ڕۆژێک لەسەر ئەم لاسارییە، لێپێچینەوەم لە تەکدا بکەن، یان هەر نەبێت کتێبەکەم قەدەغە بکەن. بەڵام کاری وەها ڕووی نەدا. لێرەوە دیارە، کە سانسۆری ئەو سەردەمە (١٩٧٩) کەیفیان بەوشەی خوێن نەهاتووە. یان لەلای خۆیانەوە قەدەغەیان خستبووە سەر. وایان پێ باش بووە، لە چیرۆکدا ناوی خوێن نەهێنرێت.

هەتا پەنجاکانی سەدەی بیستەمیش، یان دروستتر هەتا پێش شۆڕشی چواردەی تەمووزیش. ئاغا و شێخەدێ هەبوون، بەهەموو هێزیانەوە لە دژی کردنەوەی قوتابخانە لە گوندەکانیاندا دەوەستانەوە. ئەم هەڵوێستەشیان لەو سۆنگەیەوە بوو، نەبادا وەچەی پاڵە و جووتیاری ئەو گوندانە چاویان بکرێتەوە و هۆشیاری لە نێوەندەکەیاندا، پەرە بسێنێت، بە ڕووی بێدادیدا ڕابن و داوای مافەکانی خۆیان بکەن. ئەم خدەیەی شێخەدێ، یان سەرخێڵ و دەرەبەگی کورد، تەواو لە خدەی خاوەن کۆیلەکانی ئەمەریکا دەچوو. ئەوانیش بەهەمان مەبەست، خوێندنیان لە کۆیلە ڕەشپێستەکان، کە لە کیشوەری ئەفریقاوە بەزۆر هێنرابوون قەدەغە کردبوو. لەوێندەرێ، چوونە بەرخوێندن بۆ مرۆڤی کۆیلە، سزای قورسی لەسەر بوو.

جێی باسە ئەم سەرخێڵ و دەرەبەگە کوردانە، یەک لەباری خوێندن و خوێندنگەی ئاینی، بەربەرەکانی و دژایەتییان پێشان نەدەدا. سەرنج بدە

لێرەدا دەستڕۆیشتووەکان گرینگیی پرۆسەی خوێندن و خوێندنەوە پێ دەزانن. خوێندن و خوێندنەوە، چەکێکە، یانژی ڕێگەیەکە بۆ ڕزگاربوون لە کۆیلایەتی و چەوساندنەوە، جا هەر جۆرێکیان بێت، چینایەتی، نەتەوایەتی یان مەزهەبی.

وشە خاوەنی وزەیە، داگیرکەر و خۆسەپێن سڵی لێ دەکەنەوە. نەخوێندەوار بەدەست دەسەڵاتەوە مێگەلن، جا هەر جۆرە دەسەڵاتێک بێت. پرۆسەی خوێندن و خوێندنەوە، ئازادیان دەکات و هۆشیارییان پێ دەدا. بەجۆرێک چیی تر گوێڕایەڵیان نابن. بەڵکو دەکەونە شوێن دەستەبەرکردنی ئازادییەکان. خوێندنەوە مرۆڤ بەزانست و زانیاری دەوڵەمەند دەکات. دیارە ئەوەی هیچ نەخوێنێتەوە هیچیش نازانێت.

## هەردەم کات بۆ خوێندنەوە هەیە

هەر تاکێکی کورد بگریت، چەندە سەریشی قاڵ بێت، هێشتا هەر بەشی ئەوە کاتی بەدەستەوە دەمێنێت کتێبی تێدا بخوێنێتەوە. ئەوەتا ئەوروپاییەکان بەدەم ڕێوە بۆ شوێنی کار، لەنێو پاسی گواستنەوەدا، لەنێو ترەین و میترۆدا، بەئاسمانەوە لەنێو باڵەفڕەدا، هەتا دەگەنە جێ دەخوێننەوە. یاخۆ کاتێک ئەوان بۆ مەلە دەچن، یان بۆ خۆدانە بەرخۆر لەنێو چیمەن و لە کەناری دەریاکاندا ڕادەکشێن، دەخوێننەوە. خۆ هەر یەکێک لەوانە دەبێت ڕۆژانە لانی کەم حەوت سەعات کار بکات و بە زۆری شوێنی کاریشیان لە ماڵی خۆیانەوە دوورە.

بەڵام ڕێژەیەکی زۆر کەم لە کوردان دەخوێننەوە. هەن بەهەنجەتی ئەوەی پڕ کارن، سەریان قاڵە و نایانپەرژێت، وەک پێویست بخوێننەوە. هەن دەڵێن، ئێمە خێزاندارین و جێی گونجاومان بۆ ئەم مەبەستە دەست ناکەوێت و هەردەم ماڵمان پڕ لە ژاوەژاوە. بەڵام ئەوەی مەبەستی بێت و لێ ببڕێت، ئەم هەنجەتانە لە وەهم بەولاوە هیچی تر نین. مەرج نییە تۆ لەسەر کتێبێک

سەرومڕ دابنیشیت هەتا تەواوی دەکەیت. دەکرێت هەر ڕۆژە و تەنیا دە خولەک بۆ خوێندنەوە تەرخان بکەیت، کە لە مانگێکدا دەکاتە سێ سەد خولەک، واتە دەکاتە پێنج سەعات. تۆ دەتوانی لە ماوەی پێنج سەعاتدا کتێبێکی تا ڕادەیەک ئەستوور یان دوو کتێبی گچکە بخوێنییەوە.

بەم پێیە دەتوانیت لە ساڵێکدا دوازدە کتێب بخوێنییەوە. ئەوەش بزانە ئەگەر برادەرەکەت ساڵی کتێبێک بخوێنێتەوە و تۆ ساڵی دوازدە کتێب بخوێنییەوە، مانای وایە سەرمایەی ڕووناکبیریی تۆ دوازدە ئەوەندەی هاوڕێیەکەتە. ئەگەر ماڵەکەت بەمنداڵ و میوانیش جەنجاڵ بێت، ئەوا تۆ دەتوانیت دوای ئەوەی منداڵەکانت شەوانە دەچنە نێو جێوە ئەوجا چەند خولەکێک بخوێنییەوە. خۆ کتێب خوێندنەوە جگەرەکێشان نییە. تۆ بۆت هەیە لە زۆر جێ بخوێنیتەوە، بێ ئەوەی هیچ لەمپەرێکت بێتە پێش. دیارە هەتا زۆر بخوێنییەوە و لەسەری بەردەوام بیت، ئەوا خێراییشت هەڵدەکشێت.

لاوان لە کوردستان ئامادەن، هەتا درەنگانی شەو لە گوێ شەقامەکان هەڵبتووتێن و دەم بەقوتەوە بگرن و چاو ببڕنە بۆشایی، کەچی ئامادە نین بەتەنگ ئەو تەمەنە ئازیزەی خۆیانەوە بن، ڕۆژانە تاوێک خۆیان بەخوێندنەوەوە خەریک بکەن.

ئێمە لە ڕێی میدیاکانەوە بەئاستی نزمیی ئەو خەڵکە، بەتایبەتی دەرچووانی کۆلێج و پەیمانگەکان ئاشنا دەبین، کاتێک لە هەندێک بەرنامەدا دەیانبینین، بەدەست پرسیاری وەهاوە دۆش داماون و سەری لێ دەرناکەن، کە لە ئاستی قوتابیی ناوەندیی جاراندایە، کەچی ئەوان هەر بەلاشیدا ناچن.

## ڕۆڵی تەلەڤزیۆن

لە کوردستانیشدا، وەک زۆرێک لە وڵاتانی ڕۆژهەڵات تەلەڤزیۆن ڕۆڵی حیکایەتخوان دەگێڕێت و لەوەدایە جارێکی تر فەرهەنگ بەرەو ئاقاری زارەکی بەرێت. چونکە خەڵکێکی زۆر، لە ماڵەکانیاندا وەک گوێگری زەمانی حیکایەت،

بێـدەنگ و جـوولە بەرانبـەری دادەنیـشن و بـەتاکـە سـەرچاوەی زانست و زانیـاریی خـۆیانی دەزانن، بەڕادەیەک تیـڤی بووەتە مـەرجـەع بۆ زۆرینە. لەگـەڵ ئەوەیشـدا، هـەردەم کۆمـەڵێک ئاسـتـەنگ بەرەوڕووی بینەری تـیـڤی دەبێـتـەوە، وەک: بینەر نـاتوانێت بگەڕێتـەوە سـەر ئەو زانیـارییـانەی، کـە تیـڤی سـاڵانێک پێشکێشـی کردوون. چونکە زانیارییـەکان لەگەڵ بڵاوکردنەوەیاندا بـا دەیانبات و تۆمـار نابن، واتە ناکـرێت تیـڤی بەسـەرچاوە حیـسـاب بکەیت و پشـتی پێ ببەستی، چونکە تۆ ناتوانیت لە کاتی پێویستدا بگەڕێیتەوە سەری.

تیـڤی زیاتر پشـت بەفـەرهـەنگی وێنە دەبەسـتێت هـەر ئەمـەیشـە جەمـاوەری بەخـۆیـەوە گـرێ داوە و تـەمـبـەڵی کـردوون. نەخـوێندەوار، خـوێندەوار و ڕۆشنبـیـری لە یەک ڕیز و لە یەک ئاسـتی بینین و گوێگرتندا بەدیار خـۆیەوە قـەتیس کردووە. ئیـدی ئەم سێ دەسـتـەیە، لـەو ڕووەوە وەک یەکیـان لێ هـاتووە. واتە هیچ کـامیـان توخنـی کتێب ناکـەون. (بە زۆری) پێیـان وایە سـەیرکـردنی تیـڤی سـەروزیادیانە و پێویستییـان بەسـەرچاوەی تر بۆ مەعریفە نییە. گوایە ئەم ئـامـێـرە ئـەفـسـانـەییـیـە، لەسـەر سـینیـیـەک گـشـت جـۆرە زانست و مـەعـریفـەیەکـیـان بۆ دەهێنێتـە مـاڵەوە. لە کـاتێکدا تیـڤی لە توانایدا نیـیـە زانیـارییـەکـان چڕ بکاتەوە و بۆ پاژ و لاپەڕە و پەرەگـراف دابەشـیـان بکات و بەدرێژی بچێتە بنج و بناوانیان. بینەریش فریا ناکەوێت ئەو زانیارییانە لەلای خـۆی ئەمبـار بکات، چونکە ئەو ناتوانێت باسـەکان کورت بکاتەوە و لە چەند خاڵێکدا دایناپرێژێت و لەلای خۆی چڕیان بکاتەوە و هەڵیان بگرێت.

هـەروەک تـیـڤی نـاتوانێت کـورتەی باس یـان ئەنجـامگری لە کـۆتاییـی هـەر بابەتێکدا پێشکێش بەبینەرانی خۆی بکات. شتێکی نوێشمـان نەوتووە ئەگەر بڵـێـین، تیـڤی بـە زۆری پشت بـەبینینی وێنـەی لقلـڤـۆک دەبەسـتـێت نـەک بە خـوێندنەوە. واتە ڕایەکی نەشیـاوە، ئەگـەر ئێمـە تەلەڤـزیۆن بخـەینە بڕێتـیی کتێب. کەچی لە ڕۆهـەڵات بەجارێک سـاتـەکانی ژیانی خەڵکی داگیرکردووە، لە کـاتێکدا لـە ڕۆئاوادا بەو ڕادەیە بەهـەژمـوون نیـیـە. بەو بەڵگـەیەی تیـراژی ڕۆژنامـەی خـۆڕایی تا دێت ڕوو لە زیادبوونە. خـەڵک زیاتر دەخـوێننـەوە هـەتا

ئەوەی بینەری تەلەڤزیۆن بن.

تەلەڤزیۆن دەتوانێت بینەر لە هەواڵەکانی ڕۆژ ئاگەدار بکات. دەشێ بینەر کاتی خۆی لەگەڵ بەرنامەکانی وەک: کێ ملیۆن دەباتەوە؟ یان من جیاوازمی لەمەڕ زاگرۆس تیڤی و گۆرانی و فیلمی شەو و وەرزش بەریتە سەر. وەلێ تیڤی ناتوانێت ئاستی فەرهەنگیی تاک پەرە پێ بدات. بەڵکو تەمبەڵی دەکات؛ بۆیە زیاد لە پێویست بەدیارییەوە دانیشتن و خدە پێوەگرتنی بەزیانی بینەر دەشکێتەوە. (د. أحمد زیاد محبک) لە باسەکەیدا بە سەردێری (ثقافة الكلمة وثقافة الصورة) دەڵێت:

«کردەی خوێندنەوە سەختە، چونکە پێویستی بەئەرکی دیتەنی (بصري)، ئەرکی زەینی، ئەرکی دەمارەکی (عصبي) دەبێت و تاک بەخۆیەوە ماندوو دەکات. گومانی تێدا نییە، وێنە پشتەوانی لە کردەی خوێندنەوە دەکات، بەڵام بەتەنیا بەس نییە، چونکە وێنە زیاتر دەورووژێنێت و هەستەکان بەئاگا دێنێت و غەریزەکان دەجووڵێنێت لەوەی ئاوەز بدوێنێت.»

یەکێک لە نووسەرانی کتێبی (لماذا تقرأ؟) دەڵێ: «لە سەردەمی تەلەڤزیۆندا ئێمە بووینەتە هاوڕێی هەمیشەییی ئەم ئامێرە، کە لە هەمان کاتدا ڕۆڵی باوک و برا و برادەریش دەبینێت... ل. ٩» ڕاستە تەلەڤزیۆن بۆ هەموو جۆرە تەمەنێک پرۆگرامی تێدایە، هەر لە فیلمی کارتۆنەوە بیگرە هەتا دەگاتە فیلمی شەو. لەم سەردەمەدا، لە ڕووی باندۆرەوە، سەبارەت بەپەروەردەی منداڵ، تیڤی بە کەسی سێیەم، دوای باوک و دایک دادەنرێت، وەک هەندێک لە شارەزایانی بواری ڕاگەیاندن دەڵێن. کاریگەریی تەلەڤزیۆن لەسەر زەینی بینەر لەو سۆنگەیەوە دێت، کە تیڤی ڕاستەوخۆ گفتوگۆ، یان کۆنتاکت لەگەڵ چاو و گوێ و دڵی بینەردا دەکات و زانیارییەکانی وەک هێلکەی پاککراو دەخاتە بەردەست. وێڕای ئەوەی زمانەکانی وێنە و دەنگ و وشەی لەنێو خۆیدا کۆ کردووەتەوە.

بێگومان ئێستاکە زەمانی وێنەی جووڵاو و ڕەنگاوڕەنگە، کە بینەر بەدیار

خۆیەوە ئەوق دەکات. لەمێژە چینییەکان وتوویانە (وێنەیەک بە هەزار وشە دەچێت)، چ جای ئەوەی نەق وێنە ڕەنگییەکان بە بەرجەستەیی لە پێش چاوماندا دەجووڵێن و قسەمان لەگەڵدا دەکەن. وەلێ هەرچی کتێبە، بێ جووڵە و بێدەنگە، ڕاستەوخۆ هیچت بۆ ناگێڕێتەوە. تۆ دەبێت خۆت وشەکان بدەیتە دەم یەک و خۆت بەشوێن واتاکانی نێویدا بگەڕێیت، کە لەوێدا ئەمبار کراون. لەگەڵ ئەوەیشدا سەرچاوەی سەرەکی بۆ فەرهەنگی منداڵان، بریتییە لە کۆوار و کتێبی منداڵان. لە تیڤیدا قووڵبوونەوە نییە، چونکە بابەتەکان هەمەڕەنگ و گشتین. بۆ ئەوەی لە هەر ڕشتەیەکدا قووڵ ببینەوە، ئێمە دەبێت کتێب بەدۆست و هاوڕێی خۆمان قەبووڵ بکەین.

لە ڕۆئاوادا، هەر ماڵێک دەیان کەناڵی سەتەلایتی هەیە. لە پاڵ دەیان ڕۆژنامەی بەربڵاو و هەفتەنامەی لۆکالدا، کە هەندێکیان بەخۆڕایین لە بەردەستدان. وێڕای دەیان کۆواری پسپۆڕ لە هەموو بوارەکاندا. کەچی هێشتا کتێب یەکەمین سەرچاوەی مەعریفەیە. لە گرینگیدا، سەرچاوەکانی تر دوای کتێب دێن.

تەلەڤزێۆن تاکی ئەم سەردەمەی بەجارێک تەمبەڵ کردووە، کاتێک مرۆڤ دوای گەڕانەوەی لە شوێنی کار، لەبان قەنەفەیەک بەرانبەری دادەنیشێت و چاو دەبڕێتە بەرنامە بێ تامەکانی، ئیتر خۆی و هەموو دنیاشی لە بیر دەچێتەوە. مرۆڤی کوردیش زۆرینەی کاتی خۆی بەتەماشای تیڤییەوە بەسەر دەبات.

ئەگەر تۆ لە خوێندنەوە بیت، ئەوا سەتەلایت ناتوانێت ڕێت لێ بگرێت، بەڵام دەتوانێت بڕێک لەو ساتانە بخوات، کە تۆ لای خۆتەوە بۆ خوێندنەوە تەرخانت کردبوون. وەلێ یەک لەباری منداڵ هەندێک بەرنامەی تەلەڤزیۆن هەن، باندۆری خراپ لەسەر زەینی منداڵان دادەنێن. (وفیق صفوت مختار)، لە کتێبەکەیدا، «مشكلات الأطفال السلوكية» دەڵێت:

«ئەگەر منداڵ بۆ ماوەیەکی درێژ بینەری ئەو جۆرە بەرنامانە بێت، کە تاوان

و توندوتیـژییـان تێـدایە، ئەوا لە سـاڵەکـانی سـەرەتای تەمـەنیـیـەوە هەوڵی لاسـاییکردنەوەیان دەدات، چونکە بینینی توندوتیـژی لە پەردەی تەلەڤزیۆنەوە، بۆی هەیە ڕەفتـاری توندوتیژی لـەلای منداڵ پتر بکات، هـەروەهـا دەشێ دیتنی دیمەنی پـتری ئەم جـۆرە بەرنـامـانـە، کـە شـەڕەنگێزی و دڵڕەقـیـیـان تێـدایە، کـارکـردیان بۆ سـەر مـگێـزی منداڵان هەبێت و بیـانخـاتـە سـەر ئەو ڕێیـەی، دڵڕەقـی و توندوتیـژی وەک هۆکـارێکی پەسند و کـارا بـۆ چارەسـەری زۆر کێشەی نێوان تاکەکان ببینن... مشكلات الأطفال السلوكية، ص. ٧١»

لە بەرنامـەکانی تیڤیدا، تێبینیی ئەوە بکە، بەشدارانی کورد، کە بە زۆری ڕواڵن، ئەوان دەتوانن تەنیـا وەڵامی ئەو پرسـیـارانە بـەدروسـتی بدەنـەوە کـە پێوەندییان بەپەندی پێشینان و مـەتەڵی کوردەوارییەوە هەیە. بەمەیشدا بۆمان دەردەکەوێت، کە ئەو ئازیزانە ناخوێننەوە. ئەم پەند و مەتەڵانەیشیـان لە نەنک و باپیـر و مـام و خـاڵیـانەوە، زارەکی گـوێ لـێ بووە. واتە وەک فـۆلکلۆر، لەم زارەوە بۆ ئەو گوێ فێری بوون.

ڕوونتـر بڵـێم، هـێـشـتـا ئـێمـەی تـاکی کـورد، زیاتر خـاوەنی فـەرهـەنگێکی زارەکی و گۆکراوین نەک نووسراو. ئەو ئازیزانەیش، کە وەڵامی پرسیـارەکانی تیڤی دەدەنەوە، ناخـوێننەوە. بەڵکو دەستووری بەر لە داهـێنانی نووسین، تەنیا گوێ دەگرن. هەڵبەتە تۆیش سەرنجت داوە، کاتێک کتێبێکت بەدەسـتەوە بووە و گرینگیت پێ داوە، ناسیاو و کەسە نزیکەکانت لێیان پرسیویت: ئەو کتێبەی دەسـتت بـاسـی چی دەکـات؟ واتـە ئەو ئازیزانـە داوایان لێ کـردوویت، لەسـەر شـێـوەی بەیت و هـەقـایەتی جـاران بۆیان بگێڕیتـەوە. دیارە ئەمـەیش کـارێکی ناشۆیە. کتێب ناگێڕدرێتەوە، بەڵکو دەبێت بخوێنرێتەوە.

وەلێ لەلای ئێـمـە پشـتگوێخـسـتنی کـتـێب، بەتـایبـەت کـتـێـبـە بەنێـوەڕۆک دەوڵەمـەنـدەکـان، جـا لە هـەر بوارێکی مـەعـریفـەدا بن، لـەلایەن کـەناڵـەکـانی ڕاگەیاندنـەوە بەتایبەتی تەلەڤزیۆن، گەورەترین غـەدرێکە ئەم کەناڵانە لە کتێب و نووسـەر و خـوێنەریشی دەکـەن. چونکە ئەم کـەنـاڵانە جـەمـاوەرین و بێ لێگێڕانەوەی پێشوەختە، لە هـەموو ماڵێکدا میوانی لای سەرەوەن. دەبووایە و

ئەرکی ئەم کەناڵانەیە، کتێبە نوێیەکان بەبینەران بناسێنن. واتە بەرنامەیان هەبێت، لانی کەم هەر هەفتەیەک کتێبێک پێشان بدەن. دەبوو کادیری شارەزایان هەبووایە کەمێک لەسەر نێوەڕۆکی ئەم کتێبانە بدوێت، کە بەردەوام فرێ دەدرێنە نێو بازاڕی کتێبەوە. کەچی وەک کتێب کاڵایەکی قەدەغە بێت، یان شتێکی زیانبەخش بێت. لێفەیان پێدا دەدرێت. پێشاندان و ناساندنی کتێب لە میدیای بینراو و بیستراوەوە، سەرنجی منداڵ و گەورە بەلای خۆیدا ڕادەکێشێت و بەرەواجی دەکات.

لە جێیەکی تریشدا ئاماژەم بەو ڕاستییە داوە، کە بەپێودانگی ئەمڕۆی دنیای فەرهەنگ، ئەو کتێبەی ئەگەر بۆ تەنیا خولەکێکیش بێت، کەناڵێکی تەلەڤزیۆن بەبینەرانی نەناسێنێت، ئەوا ئەگەر شاکاریش بێت، ئەو کتێبە بەمردوو حیسابە. وێڕای ئەوەی چاپکردنی کتێبێکی نایاب لەلای خۆیەوە بەهەواڵ دێتە ژماردن. چاپبوونی هەر کتێبێکی بەنرخ لە خۆیدا هەواڵێکی فەرهەنگییە. وەلێ ئەوان لە کوردستان فەرامۆشی دەکەن، یان ئەم حەقیقەتەی باسم لێوە کرد نازانن. پرۆسێسی خوێندنەوە، کە یەکسانە بەپرسی مەعریفە، نەبووەتە خەم و خولیای ئەو دەزگەیانە.

پێم وایە لە ئێستای باشووری کوردستاندا هەر پێشاندانێک، یان ڕێکلامێک بۆ کتێب لە ڕۆژنامە و کۆوارەکاندا بکرێت بەفیڕۆ دەچێت، چونکە خەڵکەکە ناخوێننەوە، کەواتە ئەو ڕێکلام و نووسینانەشیان بەرچاو ناکەوێت. بۆیە پێم وایە، دوای تەلەڤزیۆن، باشترین شوێنێک بۆ ڕێکلامکردن، یان دیبەیت لەسەر کتێبە تازە چاپکراوەکان ڕادیۆیە، چونکە وەک پێشتر باسم کرد، تاکو ئێستایش فەرهەنگی گەلی کورد بەگشتی زارەکییە. خەڵک گوێ دەگرن وەلێ ناخوێننەوە.

## ڕۆڵی تۆڕی ئینتەرنێت

ئەوەی لە ڕۆئاوادا ژیابێت، پێ دەزانێت، کە تۆڕی جاڵجاڵۆکەییی ئینتەرنێت لە هەموو کۆلانێکدا هەیە. وەلێ هاوکات لە هەموو ماڵێکیشدا کتێبیش هەیە. لە ڕاستیدا یەک لە باری پرسی خوێندنەوە، ئێمە لە سەردەمێکی زێڕیندا دەژین. تۆ لەوەی گەڕێ، کە ماڵپەڕە کوردییەکان هەژارن و هەندێکیشیان بەربادن. بەزۆری بەکەڵکی گەورە و منداڵانیش نایەن و سوودی ئەوتۆیان لێ نابینرێت. وەلێ ئەگەر ئێمە بتوانین بەدەر لە زمانی دایک، بەزمانێکی تری جیهانی بخوێنینەوە، ئەوا ئینتەرنێت پێگەیەکی تەواو لەبارە بۆ خوێندنەوە. تۆ هەر لەو ماڵپەڕانەوە دەتوانیت چیت بوێ لە کتێب بیکڕیت و بۆت بێتە ماڵەکەتەوە، یان بێتە نێو کۆمپیوتەرەکەتەوە.

وەلێ لە کوردستاندا ئینتەرنێت ئەوەندە خاوە، سەبری ئەیووبی دەوێت و بینەر بەدیارییەوە خەو دەیباتەوە. هەرچی ماڵپەڕە کوردییەکانیشە ئەوەندە هەژارن توێشووی ئەوتۆیان بۆ خوێنەری هۆشیار پێ نییە. بەڵکو بێ زێدەگۆیی، هەندێک لەوانەی لە ماڵپەڕەکاندا دەنووسن لەوە دەچێت تازەکی قۆناغی نەهێشتنی نەخوێندەوارییان بڕیبێت و لە (الأمية الأبجدية) ڕزگاریان بووبێت. نە زمان دەزانن تاکو پێی بنووسن، نە ئیتیکی ڕۆژنامەوانی. نە مەعریفەیان پێیە تا بیدەن بەخەڵک و نە فەرهەنگ. بەڵام هەندێکیان لە جمێندا دەستانێکیان هەیە.

وەلێ باوەڕ ناکەم ئەم دۆخی پاشاگەردانییە هەتا سەر درێژە بکێشێت. ڕۆژێک دێت ڕۆشنبیران ڕۆڵی بەرچاو لەم تۆڕە ئەفسانەییەدا ببینن، کە دەکارێت گەلێک ئاسانکاری پێشکێش بەتاکەکان بکات.

ئەگەر تۆ زمانێکی تری جیهانی بزانیت، ئەوا لە ڕاستیدا تۆڕەکانی ئینتەرنێت ڕووبەری خوێندنەوەیان لە پێش خەڵکیدا، گەلێک لە جاران فراوانتر کردووە. یەک لەباری خوێنەر، گرینگ ئەوەیە بە هۆشیارییەوە لێیان بەهرەمەند ببێت و هەڵبژێرێت. خوێندنەوە هەر هەمان پرۆسەیە، ئەگەر لە ڕێی

کتێبی ئەلیکترۆنییەوە بێت یان لە ڕێی کتێبی کاغەزییەوە.

بگرە تۆڕی ئینتەرنێت کارئاسانیی زۆری پێشکێش بە خوێنەری ئەم سەردەمە کردووە. تۆی خوێنەر لە بریی ئەوەی ڕەفەی کتێبخانە گشتییەکان و کتێبفرۆشییەکان بەشوێن کتێبدا بگەڕێیت، کتێبەکان بۆ خۆیان لە ڕێی تۆڕی ئینتەرنێتەوە دێنە سەر پەردەی کۆمپیوتەرەکەت. لەو تافەدا کۆمپیوتەرەکەت دەبێتە کتێبخانەیەکی گەڕۆک. تۆ دەتوانیت بۆ هەر کوێیەک بچیت لە تەک خۆتدا بیبەیت و لەوێوە ئەو بابەت و کتێبانەی پێویستن بیانخوێنییەوە. کەواتە ئینتەرنێت هەم سەرچاوەت دەخاتە بەردەست، هەمیش بۆت دەکاتە خۆڕایی، یان نیوە نرخ. دوای ئەوەیش ئامانج لە پشت پرۆسەی خوێندنەوە کۆکردنەوەی مەعریفە و هەڵکشانی ئاستی فەرهەنگییە، جا لە هەر ڕێیەکەوە مسۆگەر بکرێت، جیاوازییەکی نییە.

تۆی خوێنەر ئێستا لە تۆڕەکانی ئینتەرنێتەوە، شیعرت، بەبەرجەستەیی، بەدەنگی خاوەنەکەی و بەپارچە موسیکەوە گوێ لێ دەبێت، کە گەلێک زیندووترە تاکو ئەوەی لە کتێبدا بیخوێنییەوە، چێژ و تەشویقی پتریشی تێدایە. ئەمەیان لە دەست کتێبی کاغەزین نایەت. دەشێ و بەدووریشی مەزانە، کە لە داهاتوویەکی نزیکدا، ڕۆماننووسانیش وەک شاعیرەکان، بیکەن بە باو، لە ڕێی تۆڕی ئینتەرنێتەوە خۆیان، تەواوی ڕۆمانەکانی خۆیان بخوێننەوە. واتە دەشێ تۆی بەکاربەری ئینتەرنێت، گوێ بەکار بەریت بۆ خوێندنەوەی ڕۆمان، لە بریی چاو.

بۆ ئەوەی لە تۆڕەکانی ئینتەرنێتدا کارا بیت، بتوانیت بێ منەت لەوێندەرێ بنووسیت و بخوێنییەوە و ئەسپی خۆت تاو بدەیت. پێویستیت بەدووبارە شیاندن (تأهیل) و فێربوون و ڕاهێنان هەیە. وەک ئەوەی تازەکی چوویتە بەرخوێندن، یان وەک ئەوەی دوای دوورکەوتنەوەیەکی زۆر، دووبارە گەڕابیتەوە سەر پیشە کۆنەکەت؛ پێویستیت بە بەرزکردنەوەی ئاستی شارەزایی و کارامەیی خۆت هەیە لەم بوارەدا، کە بەتۆ نوێیە. چونکە لەو جیهانە نوێیەدا،

گەڕان، لە دووی سەرچاوە و نووسین و خوێندنەوە، وەک گەڕان و نووسین و خوێندنەوەی دوای داهێنانی ئامێری چاپ لەلایەن گوتێنبێرگەوە نییە. بۆیە تۆ دەبێت لە نوێ فێری نووسین و خوێندنەوە ببیت و خولی تایبەت ببینیت. ئەوجا دەتوانیت لەگەڵ ئەم جیهانە نوێیەدا خۆت ڕابهێنیت.. بۆ نموونە، (محمد سالم)، لە نووسینەکەی خۆیدا پێی وایە: «وێنە و فیگەرە ئەلیکترۆنییەکان بە بەشێک لە دەق حیساب دەکرێن، کەچی بابەتی تەواوکەرن کاتێک تێکەڵ بە نووسینی نەریتیی باو دەبن... بڕوانە: الأنترنيت تعيد تعريف القراءة والكتابة»

دەقی ئەلیکترۆنی گەلێک لە دەقی نەریتیی باو زیندووتریشە. یەکەمیان هەردەم دەتوانیت بەئاسانی پێیدا بچییەوە، دەستی پێدا بهێنیت و لێی زیاد و کەم بکەیت. یان بەمەبەستی دەوڵەمەندکردن و ڕوونکردنەوەی زیاتر، بەئاسانی لەملا و لەولاوە، وێنەی نوێی بۆ پەیدا بکەیت، یان خۆت وێنەی نوێی بۆ بکێشیت، ئەگەرچی تۆ دەستی وێنەکێشانیشت نەبێت، چونکە کۆمپیوتەرەکەت خۆی ئەو توانایەی هەیە. دەشێ بڵێین: بەئەلیکترۆنیبوونی دەق، سنووری لە نێوان نووسین و وێنەکێشاندا سڕیوەتەوە. وێڕای ئەوەی هەموومانی کردووە بەخۆشنووس و وێنەکێش؛ کەچی دەقی نەریتیی باو نەگۆڕە و بەئاسانی دەستکاری قەبووڵ ناکات.

وەکوتر لە جیهانی پێشکەوتووی ئەمڕۆدا، ڕۆڵی (کتێبی قوتابخانە) لە قۆناغەکانی خوێندندا، بەتایبەتی لە قۆناغی بنەڕەتی بەرەوژوور، تەواو کەم بووەتەوە. لە بریی کتێبەکانی جاران، خوێندکاران بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکی ڕۆژانەی ماڵەوەیان، دەچنە سەر ماڵپەڕی خوێندنگەکەیان، کە لەوێدا، لەلایەن مامۆستای وانەوە، ئەرکەکانیان بۆ دابەزیوە. واتە خوێندکار ئەگەر ئەو ڕۆژە ئامادەی خوێندنگەیش نەبووبێت، زیانێکی ئەوتۆی نەکردووە و بەشێوەیەکی دیکە ئەو ئامادەنەبوونەی بۆ قەرەبوو کراوەتەوە و لەلایەکی ترەوە بەشدار دەبێت.

بەسەرێکی تر، زۆرینەی وانەکانیان، گەرماوگەرم، ئەو ڕۆژە، لەلایەن مامۆستاوە، لە ماڵپەڕەکانەوە بۆ فۆتۆ دەکرێت و دەخرێتە بەردەستیان. واتە

خوێندکار پێویستی بەوە نابێت، ڕۆژانە سەفتەیەک کتێب بەکۆڵیدا بدات بۆ قوتابخانە. دەتوانین ڕوونتر بڵێین، لەمڕۆدا کتێبەکان لە کاغەزییەوە بەرەو ئەلیکترۆنی هەنگاوی گورج هەڵدەگرن.

بەشی سێیەم

# منداڵ و پرسی خوێندنەوە

## گەورەکان لە فەرهەنگی منداڵ بەرپرسیارن

قۆناغی منداڵی دەکرێت بەچەند بەشێکەوە. هەر بەشە خولیا و ئاستی جیاوازی بۆ فێربوون و تێگەیشتن هەیە. بەم پێیە پێداویستییەکانی هەر بەشێکیش جیاوازە. نووسەران ئەگەر بۆ خۆیشیان ڕەچاوی جیاوازیی تەمەنی منداڵ نەکەن، ئەوا لە کتێبخانە گشتییەکاندا بەرهەمەکانیان پۆلێن دەکرێن و ئەوان لەوێ ڕەچاوی ئەم جیاوازییە دەکەن. زۆرێک لە کتێبخانەکان، لە تەک باسکردنی پوختەیەکی کتێبەکەدا، بە یەک دوو ڕستەی کورت، ئاماژە بەوەیش دەدەن داخۆ ئەو چیرۆکە بۆ کام تەمەنە شیاوە. ئاستی منداڵیش بە گشتی، لە وڵاتێکەوە بۆ ئەوی تر دەگۆڕێ. وەلێ لە هەر کوێیەک بن، ئەوە فەرهەنگە، کە منداڵ دەکاتە خاوەنی (ئەوێتی: هویة)ی خۆی. هێشتا نەک هەر لەلای ئێمەی کورد، بەڵکو لە زۆر وڵاتی ڕۆهەڵاتی نێوەڕاستیشدا، زۆرینەی ئەو توێژینەوانەی، کە فەرهەنگی منداڵیان کردووەتە تەوەر، بەژمارە کەم و بەنێوەرۆکیش بێ دەرەتانن.

پرۆسێسی خوێندنەوە بەهەنجەتی هەڵکشانی تەمەن سنووردار ناکرێت. بگرە خوێندنەوە تا مردن درێژە دەکێشێت. وەلێ بەردی بناغەی فەرهەنگ لە تافی منداڵیدا دادەنرێت. تافی منداڵی بۆ هەر مرۆڤێک، قۆناغێکی هەستیار و چارەنووسسازیشە. وەلێ منداڵ لە هەر کوێیەکی ئەم دنیایەدا بژی، خۆی هۆشیاری بەرهەم ناهێنێت. بەڵکو منداڵ هۆشیاری لە ماڵ و قوتابخانە و

دەوروبەری خـۆی وەردەگرێت. دەشێ بەشـێـوەیەکی تر ئەم ڕاسـتـیـیە بلـێین، منداڵ ئەگەر تەندروست بێت لە هۆکاری جێمانی خۆی بەرپرسیار نییە. بەڵکو ئەوە ژینگەکەیەتی، کە دەستـی دەگرێت و پێشی دەخات، یان بەپێچەوانەوە. چونکە تەواوی فەرهەنگی منداڵ، لە بەرهەمی هزری گەورەکانە.

ئەوانن شـەقڵ و مـۆرکـی ئـیدیولۆگـیا و هزری خـۆیان لەسـەر ئەو بەرهەمانە دادەنێن، کە بۆ منداڵ نووسـراون. گەورەکانن کـتێب، گەمە، فیلم و شانۆیی بۆ منداڵان ڕۆ دەنێن و بەرهەم دێن. منداڵ تەنیا وەرگرە، یاخۆ بینەر و بیستەرە. لەو بابەتانـەوە، کـە ڕۆژانە وەریان دەگرێت فـەرهەنگی منداڵ شکڵگیر دەبێت. لەوێوە فێری زمان، داوونەریت و ئـیتیک و ئاکار دەبێت. توێژینەوەکان ئەوەیان بەدیار خستووە، کە منداڵ لە هەر تەمەنێکدا بێت، ئارەزووی لێیە، دەوروبەری حیکایەتی بۆ بگێڕنەوە، یانژی بۆی بخـوێننەوە. (د. کلودیا شمعون أبی نادر)، لە وتارێکدا بە سەردێری (القراءة شغف یتقاسمە الکبار والصغار). سەبارەت بەو ڕایەی، پێویستـە کتێب بدرێتـە دەست منداڵی تـەمەن نێوان (دوو سـاڵ تا شەش ساڵان)، دەپرسێت:

«یەک لەباری منداڵ گـرینگیی کـتـێب چییـە، بۆچی پێـویسـتـە لـەسـەرمـان کتێبـیـان بدەینێ؟ وەڵامـەکەی سـادەیە. زۆر شـتـی جـۆراوجـۆر و گـرینـگ فـێر دەبێت و هیچ مەترسیشی تێدا نییە. وەک گرتنی شتە زبرەکان یان نەرمەکان، ئـەو دەنگانەی لـە هەڵگێـڕانـەوەی پەڕەکـانـەوە، تـەنانـەت لە دڕاندنیـانـەوە دەیانبیستێت، ڕەنگەکان، شێوەکان، بۆنەکان. کتێب هەستی چرکردنەوەی دیتـەنی (بصري) و هزریی منداڵ گەشـە پێ دەدا. پشکداری لە ئاسـانکاریی فـێـربوونی زمـاندا دەکـات. زارۆ لە گـرینگتـرین چاودێرەکـانە. ئەگـەر لە چواردەوری خـۆی کـەسـانێکی بینی، بـەوردی و بە ڕێزێکی مـەیلـەو پیـرۆزەوە دەخـوێننەوە، ئـەوا بێگومـان لاسـاییـیـان دەکـاتەوە. ئەگـەرهاتوو پەڕەیەکی کـتـێـبـەکـەی دڕاند، نـابێ لێی تووڕە ببین، یان لێی بدەین، چونکە ئـەو لە پەرچەکرداری ئێـمـە حاڵی نابێت و ئیدی لە نائاگاییی خۆیدا ڕکی لە کتێب دەبێتـەوە. تەنیـا بە پشـوودرێژییـەوە تێبـینیی دەدەینێ. منداڵ وردە وردە لە

داهاتوودا بەتەواوی فێر دەبێت چلۆن مامەڵە لە تەک کتێبدا بکات.»

خوێندنەوەی داهێنەرانەیش بەوە دێتە دی، کە خوێنەر لەم پرۆسە زەینییەدا بتوانێت دەست بخاتە سەر بیرۆکە ناکۆکەکانی نێو دەق و بڕێتییان بۆ بدۆزێتەوە، نەک ڕاگوزەر بەسەریاندا تێپەڕێت.. (د. برکات محمد) دەڵێت: «پێویستە وا مامەڵە لە تەک منداڵەکانماندا بکەین، وەک ئەوەی هەموویان چریسکەی بلیمەتییان تێدا بێت.»

پێم وایە منداڵ ئەگەر لە ڕووی زەینییەوە ساغڵەم بێت، ئەوا هەر دەبێت توانای داهێنەرانەی تێدا بێت. وەلێ گرینگ ئەوەیە دایک و باب و قوتابخانە ئەو توانایە، کە ڕەنگە سەرەتا زۆر ئاشکرا نەبێت، بدۆزنەوە و گەشەی پێ بدەن. لەو بوارەدا مەشقی پتری پێ بکەن و سەرچاوەی بخەنە بەردەست.

لە جێیە لە ئەزموونی خۆمەوە نموونە بهێنمەوە. ڕێک کەوتووە قوتابیم هەبووە لە وانەکەی بەندەدا لە دوا بووە و تێی نەهێناوە. یان نەیتوانیوە نمرەی پێویست بۆ دەرچوون مسۆگەر بکات. بەڵام لە پێش دەرهێنانی تێکڕای سالانەدا مامۆستای پەروەردەی هونەری، بەشێنەیی هاتووەتە پاڵمەوە پێی وتووم: «تۆ دەزانی ئەو منداڵەی لە وانەکەی تۆدا ئاوا کوڵە، پارەکە خەڵاتی پێشانگەی منداڵانی لە یابان وەرگرتووە؟» یان جار هەبووە مامۆستای وەرزش بەگوێیدا چرپاندووم: «تۆ دەزانی بەهیوام ئەم منداڵەی، کە لەلای تۆ کەوتووە، لە فلانە یاریدا، سەری قوتابخانەکەمان بەرز بکاتەوە و لەسەر ئاستی پارێزگە پلەی یەکەم بەدەست بێنێت؟»

منداڵ هەیە لە وانەکانیدا لە دوایە، بەڵام وەختایێ لە ئاهەنگ و بۆنەکاندا گوێت لێی دەبێت، دەنگێکی پێوەیە دەڵێی زەنگوڵەیە دەزرنگێت. هەشیانە قسەی ڕەواجی هەیە و کەسیەتییەکی ئەفسانەییی بەهێزی ئەوتۆی هەیە، بەئاسانی دەتوانێت تەواوی قوتابیانی پۆلەکە لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە و بەئارەزووی خۆی هەڵیانسووڕێنێت، کەسیشیان لە قسەی دەرناچن. هەیانە کتومت وەک خۆیان لاساییی مامۆستاکانی، یان هەر کەسیەتییەکی ناسراوت بۆیێ دەکاتەوە.

ئەمەیش مانای وایە توانای نواندنی تێدا بەهێزە. لێرەشەوە دەگەینە ئەو بەرەنجامەی، کە منداڵ بەگشتی خاوەن بەهرەن، بەڵام ئێمە لە ماڵ و قوتابخانەدا، وەک پێویست خەمیان ناخۆین و لە کاتی گونجاودا بەدەنگیانەوە ناچین. دەنا دەکرێت ئێمە هاوکاری منداڵ بین. کارێک بکەین، ئەو چریسکەیەی تێیدایە کڵپە بسێنێ. دەشێ ئەو منداڵەی وا لاسایی دەکردەوە بخەینە سەر ڕێی هونەر، تاکو ببێتە ئەکتەرێکی داهێنەر.

## گەمە ئەلیکترۆنییەکان

هەموو کات فەرهەنگ و کولتووری باوی کۆمەڵ، شەقڵ، ڕووگە و خولیا، یان ئارەزووەکانی تاکی ئەو کۆمەڵگەیە بەتوێژی منداڵانیشەوە دیاری و شکڵگیری دەکات. تاکو ئێستاش کۆمەڵی کوردەواری گیرۆدەی فەرهەنگی زاڵ و باوی توندوتیژییە. پەیداکردنی پارچەیەک چەکی سووک، گەلێک لە پەیداکردنی کتێبخانەی ماڵ لە پێشترە. ئەوەتا لە کوردستان، وەک دیارییەکی بەنرخ، بۆ ڕاکێشانی دەنگی دەنگدەر و ڕاگرتنی دڵی خەڵکی، پێش پرۆسەی هەڵبژاردن لایەنێک (دەمانچە) دەبەخشێتەوە. لە دۆخی وەهادا منداڵانیش حەزیان دەچێتە سەر ئەو یارییە ئەلیکترۆنییانەی کە بە زۆری برێتین لە گەمەی شەڕ.

زۆر منداڵ لەسەر ئەم یارییانە (موعتاد) بوون. هەتا خەو نەیانباتەوە دەستی لێ هەڵناگرن. بەم پێیە، ئەو گەمە ئەلیکترۆنییانە بەشێک لە ژیانی منداڵانیان داگیر کردووە. منداڵانیش وەک گەورەکان، حەزیان لێیە سەرباز بکوژن و تانک تێک بشکێنن و باڵەفڕە بەربدەنەوە. ئەگەر بەدرۆیش بێت، دەخوازن خۆیان قارەمانی مەیدان بن و لە بواری شەڕدا تاکایەتیی خۆیان بسەلمێنن. کاتێکیش منداڵان لەسەر ئەو گەمانە هەڵدەسن، بەشی ئەوەندەیان بڕست و وزە پێ نەماوە دەست بدەنە کتێبێک و بابەتێک بخوێننەوە.

ئەم یارییە ئەلیکترۆنییانە لە جیهاندا گەمەی باوی سەردەمن، وێڕای ئەوەی کۆمەڵێک نەخۆشیی جەستەییان بەدواوەیە. منداڵیان لە خێزان دابڕیوە. ئەم

گەمەیە گەرمـوگوڕیی کۆبوونەوە و دەمەتەقێی نێوان ئەندامانی خێزانی، وەک جاری جاران نەهێشتووە و سنوورداری کردووە. ئەم گەمەیە، کە ورووژاندنی زۆری بۆ گـەورە و گـچکە تێدایە، کـاتێکی ئەوتۆیشی بۆ خـوێندنەوە و خۆڕۆشنبیرکردن نەهێشتووەتەوە. یەکێکیش لە تایبەتمەندییەکانی خێزانی کوردەواری ئەوەیە، بە بەرنامە کار ناکات. فێری ئەوە نەبووە هەر چالاکییەک و چەند سەعاتێکی دیاریکراوی بۆ تەرخان بکات.

## قۆناغەکانی خوێندنەوە

پێش هەموو شتێک زۆر گرینگە ئاستی زمانی کوردی لەلای منداڵ لەوپەڕیدا بێت. بەو واتایەی منداڵ بتوانێت بەجوانی بنووسێت و بخوێنێتەوە. گەرەکە زمانەکەی خۆی لە زمانە بیانییەکان خۆشتر بوێت تاکو مەیلی بچێتە سەر خوێندنەوە بە زمـانی دایک. ئەگـەر منداڵێک شـانازی بەزمـانی دایکیـیەوە نەکات، ئەوە دیاردەیەکی پڕ مەترسـییە، چونکە بەو واتایە دێت ئەوی منداڵ شانازی بە ئەوێتیی خۆیەوە (شوناس) ناکات. وێڕای ئەوەی پێویستە هەردەم پسپۆڕی زمان بەکتێبی منداڵدا بچێتەوە، نەبادا هەڵەی تێ بکەوێت. چونکە ئەو هەڵەیەی لەلای منداڵ چەسپی بەئاسانی ڕاست ناکرێتەوە.

پرۆسـەی خوێندنەوە لە خۆیدا ئامانج نییە، بەڵکو هۆیەکە بۆ وەرگرتنی زانست و تێکەڵبوون بەهزری مرۆڤایەتی. تەقاندنەوەی کانی بەهرەیە لەلای منداڵ. گەرەکە منداڵ بخوێنێتەوە تاکو بەرەنجی خۆی بگاتە ڕاستییەکان و خۆی گرێکوێرەکان بکاتەوە. تاکو زمانەکەی خۆی خۆشتر بوێت، چونکە بۆ چنینەوەی بیر و مەعریفە، ناسینی مێژوو و نهێنییەکانی گەردوون، باشترین یارمەتیدەر زمانەکەی خۆیەتی. دەشێ خوێندنەوە بەسەر چوار قۆناغدا دابەش بکەین:

قۆناغی یەکەم:

پێش تەمەنی چوونە قوتابخانەیە، واتە لە باخچەی ساوایانەوە دەست پێ دەکات. لەم قۆناغەدا منداڵ بەکتێبی تایبەت بەوێنەی ڕەنگاوڕەنگ ئاشنا دەبێت. زنجیرەی وێنەکان پێوەندییان بەیەکەوە هەیە و پێکەوە چیرۆکێک دەگێڕنەوە. هەروەها کتێب هەن بۆ ناسینی شێوە و ئەدگار و بۆ فێربوونی ناوی گیاندار و باڵندەکانە. بۆ ئەوەیە قاموسی زمانی منداڵی پێ دەوڵەمەند ببێت. واتە بەو مەبەستە ڕۆنراوە، منداڵ بەژمارەیەکی زۆر لەو وشانە ئاشنا ببێت، کە لە ژیانی ڕۆژانەیدا پێویستی پێیان دەبێت. زانیاری بەمنداڵ دەدەن و ئاوەزی منداڵ لەسەر وەرگرتنی زانیاری ڕادەهێنن.

لەم قۆناغەدا (پێدەگۆ)، یان باوک و دایکی بەمشوور و زانا دەتوانن درەوشانەوەی بەهرە و بلیمەتی لە چاوی منداڵەکانیاندا بخوێننەوە. یەکێک لە نیشانەکانی منداڵی بلیمەتیش ئەوەیە، بەر لەوەی بەفەرمی بچێتە بەر خوێندن، زۆری حەز لە خۆپێگەیاندن و فێربوونە. مەیلی بەلای کتێبدا زۆرە و هەردەم زار بەپرسیارە. دەتوانێت گەمە بەوشەکان بکات. بەئاسانی ڕستەیان لێ دروست بکات و زەمانی فرمانەکانیش بگۆڕێت.

قۆناغی دووەم:

قۆناغی کتێبی چاپ کراوە، لێرەدا منداڵ لەسەر ئەوە ڕادێت دەقی کورت کورت بخوێنێتەوە. لەو دەمەدا، کە دەقەکە دەخوێنێتەوە بیریش دەکاتەوە، تاکو وردە وردە وەهای لێ دێت بڕوا بەخۆی پەیدا دەکات و دەتوانێت بەبێ یارمەتی دەوروبەرەکەی بخوێنێتەوە.

قۆناغی سێیەم:

لێرەدا خێرایی منداڵ لە خوێندنەوەدا هەڵدەکشێت و دەتوانێت بێدەنگ بخوێنێتەوە. ئەوەی کە دەیخوێنێتەوە تێیشی دەگات و دەتوانێت دەقی بڕێک درێژیش، هەتا سنووری دوو هەزار وشە بخوێنێتەوە. هەروەها توانای

وتاربێژی و قسەکردنی هەڵدەکشێت. لێرەوە ئارەزووی کۆکردنەوەی زانیاری لەلای منداڵ پەرە دەسێنێت.

قۆناغی چوارەم:

لەم قۆناغەدا زیاتر گرینگی بەپرسی خوێندنەوە دەدات و چێژی لێ دەبینێت. پەرە بەتواناکانی خۆی دەدات. مێشکی دەکرێتەوە و قامووسی زمان لەلای بەرفراوان دەبێت. دەتوانێت شرۆڤە بکات و دەقیش هەڵبسەنگێنێت. ئەوەیشی وا دەیخوێنێتەوە، لە ژیانی ڕۆژانەیدا ڕەنگ دەداتەوە و کەڵکی لێ دەبینێت.

(ڕۆزا کلبی) دەڵێت، نووسین بۆ منداڵان، بە بەدیهێنانی دوو مەرج ئامانجی خۆی دەپێکێت: «ئەگەر بتوانێت بەئاسانی بیخوێنێتەوە و بەشێوەیەکی مەعقوولیش لە تەواوی ماناکانی تێ بگات.»

منداڵان سەرەتا مەیلیان بۆ کتێبی وێنەداری ڕەنگاوڕەنگی ئاژەڵ و باڵندە هەیە. ئەوان زۆر بەشەوقەوە سەرنجی وێنەکانی نێوی دەدەن. دواتر حیکایەتی گیاندارانیان ڕا لێیە. بەر لەوەی منداڵ فێری خوێندنەوە ببێت، دایک و باوک چیرۆک بۆ منداڵی خۆیان دەخوێننەوە. یان دەشێ لە کتێبخانەی تایبەت بەمنداڵاندا، پسپۆڕی بواری کتێبخانە ئەرکی خوێندنەوە بۆ منداڵان بگرێتە ئەستۆ.

کاتێکیش گەیشتنە سونعی مێرمنداڵی، حەزیان لە خوێندنەوەی چیرۆکی سەرەڕۆیی و سەرچڵی و کەشفکردن و ناسینی جیهان هەیە. دواتر کچان زیاتر مەیلیان دەچێتە سەر خوێندنەوەی ڕۆمان و چیرۆکی خۆشەویستی. وەک وتراوە: «مرۆڤ سەرەتا فێر دەبێت بخوێنێتەوە، بەڵام دواتر دەخوێنێتەوە بۆ ئەوەی فێر ببێت... خوێندنەوەیش یەکەمین مامۆستای جەماوەرە.. لماذا تقرأ؟، ص. ٨٤»

هەرچۆنێک بێت، مەرج نییە منداڵ ڕۆژانە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ بخوێنێتەوە. چەندی ئارەزوو کرد با بەپێی ویستی ئەو بێت.. چەند دەتوانیت

کتێب، کۆوار و ڕۆژنامە لە جێیەک دابنێ دەستی منداڵیان پێ بگات. باشتر وایە لە شوێنی ئاشکرا و دیاردا دانرابن، تاکو منداڵەکەت بەئاسانی بیانبینێت.. هەوڵ بدە خۆت لە پێش چاوی منداڵەکەت بخوێنیتەوە، تاکو ئەویش چاوت لێ بکات.

خوێندنەوە لە پێناوی خوێندنەوەدا نییە، واتە بەو مەبەستە نییە منداڵ مژووڵ و خجڵ بێت، بێدەنگ دابنیشێت و بڕایەوە. بگرە بەمەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری و مەعریفەیە، لەوەیش گرینگتر ئەوەیە، بۆ خۆیشی بتوانێت بەرهەم بهێنێ. ئەمەیان بەرزترین ئامانجی خوێندنەوەیە. دەشێ مامۆستا لە قوتابخانەدا و دایک و باوک لە ماڵدا، منداڵەکانیان هان بدەن، لەبارەی هەر دیاردەیەکەوە کە خۆیان ئارەزووویان لێیە بنووسن. دەکرێت لەبارەی سەردانی ماڵێکەوە بێت، کە پێکەوە کردوویانە، یان لەبارەی سەیرانێکەوە، یان لەبارەی بولبولەکەی یان سەگەکەیەوە، چەند دێرێک بنووسێت. دەشێ منداڵ لەبەر دەرگە دابنیشێت و هەر دیمەنێکی بەرچاو کەوت ئازادانە لەسەری بنووسێت.

لێرەدا ئەوەیان گرینگ نییە داخۆ ئەو منداڵە دەستخەتی چەندێک ڕێک و جوانە. یان چەندی هەڵەی ڕێنووس، یان هەڵەی ڕێزمان کردووە. بگرە لێرەدا گرینگ ئەوەیە، ئەوی منداڵ پرکێشی نووسین دەکات. بڕوای بەخۆی هەیە و دەتوانێت بەرهەم بهێنێ. ئەوی منداڵ ئازادانە بیر دەکاتەوە. سەرنجی خۆی لەسەر ژیان و ژینگەکەی دەردەبڕێت. گرینگ ئەوەیە ئەو منداڵە، تاکێکە دوور لە چاودێریی گەورەکان، تاکێتیی خۆی پیادە دەکات. دەتوانێت پیتەکان بخاتە پاڵ یەک و وشەیان لێ بڕسکێنێت، وشەکان بداتە دەم یەک و ڕستەیان لێ چێ بکات. دواتر دەتوانێت لەم ڕستانەش بیرۆکەیەک بەرهەم بهێنێ. ئەم پرۆسەیە بڕوابەخۆبوون لەلای منداڵ چێ دەکات.

## باب و دایکی منداڵی کورد کەمتەرخەمن

ئەوی ڕاستی بێت، زۆرێک لە دایکان و باوکانی کورد خەمساردی دەنوێنن و وەک پێویست هانی منداڵەکانیان نادەن بۆ ئەوەی بخوێننەوە. ئەمەیش لەو سۆنگەیەوەیە، کە ئەوان گرینگیی ڕۆڵی خوێندنەوە پێ نازانن و لە سوودەکانی خوێندنەوە بۆ منداڵ ناحاڵین. ئەوان تەنیا هانی منداڵەکانیان دەدەن بۆ ئەوەی تووتی ئاسا وانەکانی قوتابخانە ئەزبەر بکەن و ئەرکی ماڵەوەیان جێبەجێ بکەن، نەبادا لە خوێندن دوا بکەون. لەم ڕووەوە زۆرێک لە دایکان و باوکان هاوکاری مامۆستا و قوتابخانەن.

ئەزبەرکردنی تووتییانەی دەقیش کارێکی بێ کەڵکە و کات بەفیڕۆدانە. مێژووی بۆ سەردەمی حوجرە و قوتابخانە ئاینییەکان دەگەڕێتەوە. ئەم میتۆدە بوار بۆ خەیاڵی داهێنەرانە و بەشداریکردنی منداڵ لە بەرهەمهێنانی واتا و زانیاریدا ناهێڵێتەوە. بواریش بۆ منداڵ ناهێڵێتەوە تاکو لەلای خۆیەوە وەک پێویست بیر بکاتەوە. لە ڕاستیدا منداڵ خۆی لە ئەزبەرکردنی تووتییانەی دەق، کە سیستمی قوتابخانە بەسەریدا دەسەپێنێت تەواو بێزارە. بەم پێیە، زۆرجار منداڵ کەسێکی وەها لێزان و کارامە گومان نابات بیخاتە سەر ڕاستەڕێی خوێندنەوە. زانیاری ئاخنینە مێشکی منداڵ، لە ڕێی لەبەرکردنی تووتییانەوە، کارێک دەکات، منداڵ لە خوێندنەوەیش تەوەلا ببێت و کەیفی بەکتێب نەیەت.

ئێمە لێرەدا، یەک لەباری منداڵ، خوێندنەوە بەواتای توێژینەوە و لێکۆڵینەوە بەکار ناهێنین و بەو ڕادەیە قووڵی ناکەینەوە. سەبارەت بەوەرگرتنی زانست و مەعریفە، ئاستی منداڵی کوردیش، وەک ئاستی هەموو منداڵانی جیهان وایە، بەمەرجێک زگماک کێشەی بینین و بیستن و ئاوەزی لەگەڵدا نەبێت. بەڵام گەرەکە بەپێی تەمەن و ئارەزووی خۆی، لەلایەن باوک و دایک و مامۆستاکانیەوە، کتێبی شیاوی بۆ دەستەبەر بکرێت.

بەسەرێکی تر، کردەی خوێندنەوە ناکاتە ئەوەی، منداڵ بتوانێت حینجەی

وشـەكان بكات و بەخێراییيەكی ئاسایی بیانداتە دەم یەک و بیـانخـوێنێتـەوە. بگرە پرۆســەیەكی برێک ئاڵۆزیشــە، پێــوەندیی مكۆمی بە ئیــدراک، ئاوەز، تێگەیـشـتنی مـانای وشـە و ڕسـتـەكانیـشـەوە هەیە. منداڵ دەبێت هەوڵ بدات زانیـاری لەو ڕسـتـانـەوە هەڵێنجێت. خـوێندنەوە كـردەیەكی مـیكانیكی نیـیـە، بەڵكو زەینییـە. بۆیە مـەرجـە ئەوەی وا دەقێک دەخوێنێتـەوە، تەواو لێیـشـی تێ بگات و لە داهـاتوودا و لە واری پراكتیكدا، بتوانێت بـەكردەوە لێی بەهرەمـەند ببێت.

لەگەڵ پێـشـڤـەچوونی تەمـەندا، مـنداڵ نەک هـەر پێـویسـتـە لە واتای دەق تێ بگات، بگرە دەبێ بتـوانێت تەئویلیـشی بكات. لەلای خۆیەوە بڕیاریشـی لەسـەر بدات و شـیی بكاتەوە و بیبـاتەوە بۆ سـەر ڕەگەزە بنچینەیییەكانی. جا ئەگـەر ئەو دەقـە سـتـوونی ڕۆژنـامـە بێت، یان دەقی شـیـعـر و چیـرۆک. واتە ئەگـەر دەقـەكە خـەیاڵ یان ناخـەیاڵیش بێت. لە ڕۆژئاوادا منداڵ لە قۆنـاغی بنـەڕەتیدا فـێرە كـۆمـێنتـار دەبێت و بۆ (دیبـەیت)یش دەسـتـی دەگرن و دەیخـەنە سـەر ڕاستەڕێ.

پێم باشـە منداڵی كورد، وەک منداڵانی ڕۆژئاوا، دەقی خۆماڵیی وەک چیـرۆک و حیكایەتی میللی بخوێننەوە. چونكە ئەم جـۆرە دەقانە، لە نێوەڕۆكی خۆیاندا كـۆمـەڵێک بەهایان هەڵگرتووە و گـوزارشت لە كـەشـوهـەوای وڵاتی خـۆیان دەكەن. بـاس لە مـێژوو و جـوگرافـیـای وڵاتی خـۆیان دەكەن. بەمـەیش منداڵ سـۆزبەندی و پێوەندیی بەخـاک و مـێـژووی خـۆیەوە بەهێـزتر دەبێت. وێڕای ئەوەی ئەم دەقانە خـەیاڵی منداڵ فراوان دەكەن و بەرەو بیـركردنەوە و داهێنان دەستی دەگرن.

دایک و باوكی كورد، ئەگەر فەرمـانبـەر بن، چاویان لەوەیە خێـرا بگەڕێنەوە مـاڵ، بۆ پێش تەلەڤـزیۆن، یان بـچن بۆ سـەردانـی خـزم و دۆسـتـانیـان. ئیـدی بەشی ئەوەندە كـات گل نـادەنەوە تێیــدا بخـوێننـەوە، یان بۆ مـنداڵەكـانیــانی تەرخان بكەن و لەسەر خوێندنەوە ڕایان بهێنن. بگرە ئەوان برێ جاران ئەركی سەرشانی خۆیشیان بەكۆڵی منداڵەكانیاندا دەدەن.

خـوێندنەوە ئەقـڵانیـتـرین کـارێکە، کـە مـرۆڤ دەیگرێتـە ئەسـتـۆ. چونکە ئیـمـاژەیەکی بەهێـزە بۆ گـەڕان و بەشـوێنداچوونی مـەعـریفە. ئاخـۆ دەکرێت وێنای زانکۆیەک، قوتابخانەیەک، یان هەر دامەزراوەیەکی تری زانستی لەودیو سنووری کتێبەوە بکەین؟ ئەوەیش لەولاوە بوەستێت، کە گەرەکە دایک و باب، منداڵەکـانیـان بەداهێنـەرانی سـەردەم ئاشنا بکەن. هـەروەک گـەرەکـە، هـەر میللەتێک ڕێزی ڕۆشنبیـرەکـانی خـۆی بگرێت، کـە یەک لـەباری کـورد ئەوەندە کەمینەن، دەتوانیت بەئاسانی بیانژمێریت.

دەشێ لەلایەن دەزگەکانی پەروەردەوە، خولی کورت بۆ فێربوون، بۆ باوکان و دایکان بکرێتەوە. لەوێدا باوکان و دایکان فێر بکرێن و لەسەر نوێترین ڕێگە ڕابهێنرێن چلۆن دەسـتی نەوەکانیان بگرن و بەرەو ڕاسـتەڕێی خـوێندنەوەیان ببەن. هەروەها لە جێیە خولی تایبەتیش بۆ مامۆستایانی زمان لە قۆناغەکانی بنەڕەتی و دواناوەندیدا بەهەمان مەبەست بکرێتەوە.

منداڵ لەنێو خێزانەکەی خۆیدا و لە ڕێی دایک و باوک و گەورەکانی ترەوە، بۆ یەکەم جار فـێری خوێندنەوە دەبێت و کـتێبی لەلا شیرین دەبێت. سروشتی منداڵ وەها هەڵکەوتووە لاسـاییی گەورەکان دەکاتەوە. ئەگەر کـتێبی بەدەست گـەورەکـانەوە بینی ئەوا ئەویش مـەیلی دەچێـتـە سـەر. دوای ئەوەیش ئەرکی سـەرشانی دایک و بـابە لە تەمەنی یەک ساڵی و کـەمـتریشـەوە کتێب پێشـانی منداڵەکەیان بدەن، تاکو هیچ نەبێت سەرنجی بدات و بۆنی بکات و بڕێکیش لە وێنەکانی نێـوی ڕابمێنێ. منداڵ زۆری کـەیفی بە چیـرۆک دێت و بەتاسـوقـەوە گـوێی بۆ شل دەکـات، وەختـایێ دایک و باوکی بـۆی دەگێـڕنـەوە. ئەو منداڵە بۆ خۆیشی دەبێتە بەشێک لەو چیرۆکە و دەچێتە پۆستی قارەمانەکانیەوە. یان وەک ئەوەی ئەویش لە فۆرمـەلەکردنی ڕووداو و بەسـەرهـاتەکانیدا شـایەتحـاڵ، یان بەشدارێکی کارامە بێت.

## منداڵ و کتێبی منداڵان

لە ڕاستیدا کتێبی منداڵ بریتییە لەو بەرهەمانەی، کە گەورەکان بەتایبەکاری بۆ منداڵانی دەنووسن. وەک چیرۆک و شیعر و دەقی شانۆیی و کتێبی وێنەدار. بەڵام دەتوانین بڵێین، هەر کتێبێک، کە منداڵ ئارەزووی بچێتە سەر و بەشەوقەوە بیخوێنێتەوە، کەواتە بۆ تەمەنی منداڵ گونجاوە و لێی بەهرەمەند دەبێت. زۆر کتێب هەن، ئەگەرچی لە بناغەدا بۆ توێژی منداڵانیش نەنووسراون کەچی ئەوان دەیخوێننەوە و چێژی لێ دەبینن، وەک تەواوی ئەفسانە و کۆهەقایەتەکانی دنیا. کەواتە دەتوانین بڵێین، زۆربەی هەقایەتەکانی دنیا بۆ منداڵان گونجاون. وەک شارەزایانی بوارەکە باسی لێوە دەکەن، منداڵی ساوایش بەتاسوقەوە گوێ بۆ خوێندنەوەی کتێب شل دەکات و مەیلی تەماشای وێنە ڕەنگییەکانی نێو کتێبیشی هەیە.

(د. لطفیة حسین الكندري) دەڵێ: «ئامادەکردنی منداڵ بۆ خوێندنەوە بەتەمەنێکی ساواوە، بەبێ زۆرلێکردن و زیادەڕۆیی، بەهەنگاوێکی سەرەتای گرینگتر لە خودی کردەی فێرکردن دادەنرێت. منداڵ لەو دەمەوە، کە گوێی لە زمان و گۆرانییەکانی دایەنگە دەبێت، ئیدی چەمکەکانی پێشوازیکردن لە خوێندنەوە قەبووڵ دەکات. دەرک بەوەیش دەکات، کە کتێب و کۆوار و ڕۆژنامەکان پەرەیان هەیە و هەر دەبێت بەهێمنی هەڵبدرێنەوە. بەڵکو خۆی دەتوانێت کتێبەکە بەدەستەوە بگرێت و بیکاتەوە و چێژ لە سەیرکردنی وێنەکانی و گوێگرتن لەو زمانە زارەکییەیش وەربگرێت، کە هاوشانە لەگەڵ زمانە نووسراوەکەدا... بڕوانە: تشجیع القراءة، ص. ٩٧»

خوێندنەوەی ئازاد، واتە خوێندنەوە لە دەرێی پرۆگرامی خوێندن، کە پشتەوانی قوتابی دەکات و هاوکاریی دەکات لە وانەکانیدا سەرکەوتووتر بێت. دەشێ بڵێین تەواوکەری بەرنامەکانی خوێندنگەیە. هەر لێرەیشەوە، بەبەراورد لە تەک هاوپۆلەکانیدا چاوکراوەتر دەبێت. لە ڕێی خوێندنەوەیشەوە بەژینگەکەی ئاشنا دەبێت و نیشتمانەکەی باشتر دەناسێت. بەشێوەیەکی

ئەرێنیش هاوکاری لە ڕسکاندن و چێکردنی کەسیەتیی منداڵدا دەکات. یارمەتیی دەدات لە ژیاندا کەسیەتییەکی سەرکەوتوو بێت. لە ڕووی باری دەروونی و لە هەڵسوکەوتی ڕۆژانەیدا تاکێکی ساغلەم و ئاسایی بێت و بتوانێت خۆی لەنێو هەراوهوریای کۆمەڵدا بگونجێنێ. بەگشتی، منداڵ بەکاریگەریی خوێندنەوە، گۆڕانی چلۆنایەتیی بەسەردا دێت و توانا متبووەکانی بەئاگا دێن و چالاک دەبن. خوێندنەوەی کتێب لەلایەن باوک و دایکەوە بۆ جگەرگۆشەکانیان، ڕێز، هاوسۆزی و سۆزبەندیی نێوانیان بەهێزتر دەکات.

گومانی تێدا نییە منداڵان بەرینترین توێژی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵی کوردەواری پێک دێنن. خێزانی کورد بەگشتی نەوەی زۆر دەخەنەوە. وەلێ ئەگەر وەک ڕێژە سەرنجی بدەین، کەمترین جۆری کتێب لە کتێبخانەکاندا ئەوەیانە، کە بۆ منداڵان نووسراون، یان وەرگێڕدراون.

منداڵ بەو مەبەستە دەخوێنێتەوە تاکو بیر بکاتەوە و لە واتای ژیان تێ بگات و لەگەڵیدا هەڵبکات. بگاتە ئەنجامگری. کاتێکی بەسوود بەسەربەرێت. ئەرکی مامۆستای زمانی کوردییە، منداڵ فێرە زمانپاراوی بکات و سامانی منداڵ لە وشەی کوردی سەربخات و خوێندنەوە لەلای منداڵان بکاتە خدەیەکی شیرین. بەڵام گەلێک جاران منداڵی کورد قۆناغی منداڵی تێ دەپەڕێنێت، بێ ئەوەی ڕێگەی کتێبخانەی گشتی پێ بزانێت. بێ ئەوەی بەدەر لە پرۆگرامی وشکیی قوتابخانە، کتێبێکی تری بەسوودی خوێندبێتەوە.

جێی باسە، کتێبی منداڵانیش نووسینی گەلێک سەختە، کەچی لە کن ئێمە، بێ ئەزموونەکان بۆ منداڵان دەنووسن. لە کاتێکدا دەبوو نووسەرە بەئەزموونەکان ئەم کارەیان لە ئەستۆ گرتبا. تۆ هەروا سەرنج بدە، (تۆلستۆی) بەو هەموو ئەزموونەی خۆیەوە بۆ منداڵانی نووسیوە. گەرەکە کتێبی منداڵ وێنەی لەگەڵدا بێت و وێنەکانیش ڕەنگاوڕەنگ بن. کتێبی چیرۆکی منداڵان لانی کەم پەنجا لە سەدی پشت بەوێنە دەبەستێت. ئەو نیوەکەی تریشی برێتییە لە دەق. هەندێک جاران دەبینی وێنەکێشەکە، بۆ هەر

ڕستەیەکی دەقەکە کەڤاڵێکی کێشاوە.

جێی وتنە لە ئەورووپا، زۆرێک لە نووسەرانی چیرۆکی منداڵان خۆیان کەسانی دەستڕەنگینن و هەر بۆ خۆیشیان وێنە بۆ دەقەکانیان دەکێشن. دیارە نووسەر ئەگەر هاوکات هونەرمەندی شێوەکاریش بوو، ئەوا خۆی شیاوترین کەسە بۆ ئەوەی دەقەکەی خۆی بەوێنەی گونجاو بڕازێنێتەوە. ئەو هونەرمەندانەشی، کە توانای کێشانی کەڤاڵیان بۆ کتێبی منداڵان هەیە، دیسان دەگمەنن.

دەکرێت باوک و دایکان بەهاوکاریی ئەو وێنانە، چیرۆک بۆ منداڵەکانیان بخوێننەوە. بەتایبەت ئەو منداڵانەی هێشتا فێری خوێندنەوە و نووسین نەبوون. یان ئەو منداڵە کوردانەی، کە لە هەندەران دەژین و زمانی دایکی خۆیان بەچاکی نازانن. دەکرێت سیدی و فلاش دیسک بۆ ئەم مەبەستەیش بەکار بێنن. واتە دەکرێت لە ڕێی گوێگرتن لە دەق و هاوکات بینینی وێنەکانەوە چیرۆک بۆ منداڵان بگێڕینەوە. باب و دایک ڕاستەوخۆ چیرۆک لەنێو کتێبەکەوە بۆ منداڵی خۆیان دەخوێننەوە. منداڵەکەیش پەنجە لەسەر وێنەکان دادەنێت و ئاماژەیان بۆ دەکات.

بۆ منداڵ وەها چاکترە، سەرەتا بەدەنگی برێک بەرز بخوێنیتەوە، بۆ ئەوەی بڕوا بەخۆی و بەتوانای خۆی پەیدا بکات. چونکە دەنگیش بەشێکە لە کەسیەتیی ئەو منداڵە. کاتێک منداڵ گوێی لە دەنگی خۆی بوو، لەو دەمەدا، کە کارێکی بەسوود ڕادەپەڕێنێ، پێی دڵشاد دەبێت و چێژیشی لێ دەبینێت. (سوزان ئی. گۆتلیب)، لە کتێبەکەیدا بەناوی «الأسلوب الأمثل لتربية الطفل بعد عامه الثالث» دەڵێت:

«خوێندنەوە کلیلی گەشەکردنی کەسیەتی و سەرکەوتنی ئەکادیمییە. بەشداریکردنی ئەرێیانەی خوێندنەوە لە منداڵییەوە دەست پێ دەکات. ئەو چیرۆکانە نموونەی ئەرێنی دەخەنە پێش منداڵ بۆ لاساییکردنەوە. لەو چیرۆکانەوە فێری بیرۆکەی وەها دەبن، لە ژیانی شەخسیی خۆیاندا چاری

هەڵوێستی هاوشێوەی پێ بکەن. هەروەها فێر دەبن و دەزانن، کە لە بەرەوڕووبوونەوەی هەڵوێستە سەختەکاندا بەتەنیا نین... ص. ١٢١»

تۆیش منداڵەکەت لەگەڵ خۆتدا بۆ کتێبخانەی گشتی ببە. بەشی زارۆی پێشان بدە، تاکو لەوێ، لە نزیکەوە ئەو جەماوەرە ببینێت، کە بێدەنگ سەرگەرمی خوێندنەوەن، تاکو خوێندنەوەی لەلا شیرین ببێت. هەروەها لە تەک خۆتدا بیبە بۆ دوکانی کتێبفرۆشییەکان. لێی گەڕێ با بەئارەزووی خۆی کۆوار و کتێبی منداڵ هەڵبژێرێت. هەروەها بۆ هەمان مەبەست، بیبە بۆ پێشانگەی ساڵانەی کتێب، کاتێک لە شارەکەتدا دەکرێتەوە.

باشتر وایە کتێبخانەیەکی گچکە لە ژووری نووستنی منداڵدا هەبێت. بۆ ئەوەی کتێبەکانی خۆی تێدا بپارێزێت، تاکو فێر ببێت کتێب کۆ بکاتەوە و کاتێک گەورەیش بوو، ئولفەت بەکتێب و کتێبخانەوە بگرێت. ڕێز لە کتێب بگرێت. بەخاوێنی ڕایان بگرێت و پشت نەکاتە خوێندنەوە.

فێری بکە، لە ساڵوەگەڕی لەدایکبوونی هاوڕێکانیدا، هەروەها بەبۆنەی دەرچوونیانەوە لە قۆناغەکانی خوێندندا بە ڕێزەوە، بەئیمزای خۆی کتێبیان پێشکەش بکات. کاتێک منداڵەکەت چالاکییەک دەنوێنێت، یان لە کارێکدا سەرکەوتن بەدەست دێنێت، وەک دیاری کتێبی پێشکێش بکە. یان بەبۆنەی جەژنەکان و یادی لەدایکبوونیەوە، لە پاڵ دیارییەکانی تردا، با کتێبیشیان لەگەڵدا بێت.

خوێندنەوە ئاوەزی منداڵ فراوانتر دەکات. بەمێژووی میللەتەکەی خۆیەوە دەیبەستێتەوە. ئاسۆی تێگەیشتنی بۆ داهاتوویش لە پێشدا واڵا دەکات. دەتوانێت ئەو زانیارییانەی کە لە ڕێی خوێندنەوەوە بەدەستیان دێنێت، مۆنتاجیان بکات و پێکیانەوە گرێ بدات و بەهۆی ئەو زانیاریانەوە گەلێک دیاردەی کۆمەڵایەتی بخوێنێتەوە. وەلێ گرینگترین شتێک ئەوەیە، منداڵ بتوانێت لەو بوارەدا، کە خۆی ئارەزووی لێیەتی قووڵ ببێتەوە داهێنانی تێدا بکات.

بەشداریی ناو بەناوی خولی فێربوونی کۆمپیوتەر و چۆنێتیی مامەڵەکردن لەگەڵ تۆڕەکانی ئینتەرنێتدا، بەسوودی منداڵ دەشکێتەوە. لەوێدا فێر دەبێت بەشوێن سەرچاوەی زانیاریدا و بەشوێن کتێبدا بگەڕێت و لێیان سوودمەند ببێت.

خوێندنەوەی داهێنەرانەیش ئەوەیە، منداڵ بتوانێت تێبینی و سەرنجی خۆی، جا ئەرێنی بێت یان نەرێنی، لەسەر ئەو دەقەی دەیخوێنێتەوە لەلا دروست ببێت. بتوانێت ڕەخنە لە دەقی نووسراو بگرێت. پێشنیازی باشتر و ڕێگەچارەی گونجاوتری لەلا بێت لەوەی، کە لەو دەقەدا هاتووە. یان منداڵ بتوانێت لە تەرەفی خۆیەوە زانیاریی پتر بخاتە سەر ئەو دەقەی، کە دەیخوێنێتەوە. لەو ئاستەدا بێت بیرۆکەی نوێ بئەفرێنێت. یان کۆمێنتاری لەسەر دەقەکە هەبێت. چونکە ئێمە دەبێ خوێنەرێک بخولقێنین تەنیا وەرگر و بەکاربەر نەبێ. بگرە بۆ خۆیشی بتوانێت دەق بەرهەم بهێنێت.

بۆ نموونە ئەگەر چیرۆکێکی خوێندەوە لەوانەی کۆتاییی کراوەیان هەیە، ئەم بتوانێت پێشنیازی کۆتاییەک یاخۆ پتری بۆ بکات و پاساویشی بۆ ئەو کۆتایی پێهێنانەی لەمەڕ خۆی هەبێت. خۆ ئەگەر بتوانێت چیرۆکێکی تری لەو جۆرە بئەفرێنێت، ئەوە نیشانەی داهێنان و سوودوەرگرتنیشە لە پرۆسێسی خوێندنەوە. لە ڕاستیدا بەبێ خوێندنەوە و بەشوێنداچوون، لە هیچ بوارێکی مەعریفەدا داهێنان بەرپا ناکرێت.

## تەکنیکی کتێبی منداڵان

لە ڕووی تەکنیکەوە کتێبی منداڵان پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە. نەهۆ ئەو تەکنیکە، هەستەکانی بینین و بیستن و بەرکەوتن (لەمس)ی منداڵ، بەچڕی پێکەوە گرێ دەدات. پێکەوەیش بەشداریی پرۆسەی خوێندنەوە دەکەن و چێژی لێ دەبینن.. هەندێک کتێب موزیکی تێکەڵ بووە. کاتێک منداڵ لاپەڕەکانی هەڵدەداتەوە و لێی دەڕوانێت، ئاوازێکی خۆشی بۆ دەژەنێت، کە

دڵی منداڵ دەکـاتەوە ئارەزووی بۆ خـوێندنەوەی کـتـێب دەجـوولێنێت. هەندێک کتێب (ڕیلیف)ی قۆقزی لەسەر بەرگ و لاپەڕەکانی چـێ کراوە و وێنەکان وەک پەیکەر، بەرجەستە بەدیار دەخەن.

کـاتێک منداڵ بەشـێنەیی دەسـتی پێدا دەهـێنێت، هەست دەکـات، بەو چاڵوچۆڵییانە تابلۆیەکی ڕەنگی چێ بووە. ئەمـەیشیان چاوی خوێنەری منداڵی پێ دەگـەشـێتـەوە. دەکـرێت (بۆن)یش بۆ کـتـێبی منداڵان زیاد بکرێت تاکـو هەستی بۆنکردنیشی بێتە پاڵ. هەندێک کتێب دەجووڵێت و بەرجەستە دەبێت. ئەوە نییـە هەر بە تەنیا، تەنێکی وەسـتاوی بێ گیـان بێت. لێرەدا ئاشنایەتی و ئامێتەبوونێکی ڕۆحی لە نێوان منداڵ و کتێبدا دێتە گۆڕێ. ئـەو کتێبە دەبێتە نەختینەیەکی هونەریی جوان و بـەنرخ، منداڵ دنە دەدات لەلای خۆی بیپارێزێت و لەناوی نـەبات. گـرینگە کـتـێبی منداڵ لە ڕووی دەرهـێنانەوە لەوپەڕیدا بێت. دەسـتگیرۆیی لە جۆری کاغـەزدا نەکرێت و بـەجوانـترین شـێوە چاپ بکرێت و وێنەکانیشی ڕەنگاوڕەنگ بێت، تاکو منداڵ بەشەوقەوە بەپیریەوە بچێت.

## کتێبخانەی ماڵ

وەک چۆن قـوتابخـانە لە پرسی خـوێندن و لە هـاندانی منداڵ بۆ خـوێندن و خوێندنـەوە بەرپرسیارە، بەر لـە تەمەنی قوتابخـانەیش، ماڵ ئەرکی دەسـتگرتن و ڕێنوێنیی و هـاندانی منداڵی خـۆی لەم بەسـتینەدا لە ئەسـتۆیە. بگرە یەکەم ڕێنیشاندەری منداڵ بـۆ خوێندنەوە دایک و باوکە. (د. جبريل حسن العريشي) لە کتێبـەکەی خۆیدا بەناونیشـانی (ما هي أسباب هجر القراءة، خاصة لدى الصغار؟) لە لاپەڕە ٢٩دا دەنووسێت:

«مـاڵ ئەرکێکی تری لەسـەرە، ئـەویش دامـەزراندنی کتێبـخـانەی مـاڵە، هـەر یەکـسـەر دوای ئەوەی منداڵیـان بـوو. دەورەدانی منداڵ بـە کـتـێب وا دەکـات لەگەڵیدا ڕابێت و خدەی پێوە بگرێت. بزانێت چلۆن مامەڵەی لە تەکدا دەکات و لە تەمەنی ساوایەتییـەوە ڕێزی لێ دەگرێت.» دواتر نووسـەری ناوبراو هەندێک

پێشنیازی گرینگ سەبارەت بەدامەزراندنی کتێبخانەی ماڵ ڕیز دەکات، کە ئەمانەن:

«١- کتێبەکان دەکرێن بە دوو بەشەوە. بەشێک گرانبەها و ئەوانی تر هەرزان. با لانی کەم، لە ماوەی سالانی سەرەتای تەمەنی منداڵەکەدا کتێبە گرانبەهاکان لە بان ڕەفە بەرزەکان دابنرێن. کتێبە هەرزانەکانیش لە بان ڕەفە نزمەکان بن.

٢- کتێبەکان بەشێوەیەکی ئەوتۆ دابنرێن، منداڵ بتوانێت بەرگەکانیان ببینێ. بەمەیش فزوولی منداڵ دەجووڵێت.

٣- با مامەڵەکردن لەگەڵ کتێبدا وەک مامەڵەی هاوڕێ، بەخۆشەویستییەوە بێت. لە ڕووی بایەخدان بەکتێبەوە، خێزان دەبێتە پێشەنگ بۆ منداڵ.

٤- هانی منداڵان بدرێت کتێب لەگەڵ خۆیاندا بۆ شوێنە جیاوازەکان ببەن. وەک چۆن یارییەکانیان لە تەک خۆیاندا دەبەن.»

## منداڵ و چیرۆک

ئێمە زۆرجاران باس لە ژانری چیرۆک دەکەین و پێشنیازی ئەوەیش دەکەین با منداڵان چیرۆک بخوێننەوە. لە ڕاستیدا ئەم ڕایە ستاندارێکی باوی جیهانییە. وێڕای ئەوەی زمانی منداڵی پێ گەشە دەکات و قاموسی زمانی پێ دەوڵەمەند دەبێت، هەر چیرۆکێکیش بگریت، لەلای خۆیەوە کێشەیەک دەوروژێنێت. قارەمانی چیرۆکەکە، دوای سەرکەوتن بەسەر زنجیرەیەک کۆسپ و تەگەرەدا، ئەوجا دەگاتە چارەسەرێکی شیاو بۆ کێشەکە، یان ئەوەتا کۆتایی و چارەسەر بۆ خوێنەر جێ دەهێڵێت. ئەم پرۆسەیەش، بەلایەک دروستکردنی تەنگژەیە، بەلایەکی تر لە هەوڵی تێپەڕاندنی ئەو تەنگژەیەدایە. بە نیازیشە چارەسەری گونجاوی بۆ بدۆزێتەوە.

(د. مرقت محمد کامل) لە کتێبەکەیدا بەناوی (مدخل الی صحافة الاطفال)، وەک زۆرێک لە توێژەران پێی وایە: «لەبارترین هۆیەک بۆ گەیشتن بە منداڵ و

خولیاکانی چیرۆکە. لە ڕێی چیرۆکەوە منداڵ خێر و شەڕ لە ژیاندا جیا دەکاتەوە. لێرەشەوە ناڕاستەوخۆ منداڵ بەلای لایەنی خێردا ڕادەکێشێت و لە شەڕیش دووری دەخاتەوە. منداڵ بەهۆی چیرۆکەوە زانیاریی تەواوی دەست دەکەوێت. تێ دەگات کامە ڕاستە و کامە چەوتە... بڕوانە: ل. ٨٨»

ئەو منداڵەی دەخوێنێتەوە وەک خدەیەک لەسەری ڕاهاتووە، بەزوویی لە وانەکانی قوتابخانەی تێ دەگات و ئەرکەکانی ماڵەوەیشی بەئاسانی ڕادەپەڕێنێت. ئەگەر لە دەرێی ماڵیشدا تووشی هەر گرفت و کێشەیەک هات، دەستەوستان دانامێنێت، بەڵکو ئەو دەتوانێت بەئاسانی چارەسەری گونجاوی بۆ بدۆزێتەوە، چونکە ئەو دەتوانێت سوود لەو ئەزموونانە وەربگرێت کە لە ڕێی خوێندنەوەوە، لەلای خۆی کۆی کردوونەتەوە. ئەو دەبێتە تاکێکی پشوودرێژی ئەوتۆ، بتوانێت لە کاتی خۆیدا بێتە گۆ و بێتە دەست و بەبێ دوودڵییش، بڕیاری ڕاست و دروستی خۆی بدات. چونکە ئەو تاکێکە بەتەمەن منداڵە، وەلێ بەئەزمـوون دەوڵەمەندە. (د. أحمد زیاد محبک)، لە وتارەکەیدا بەناونیشانی (ثقافة الكلمة وثقافة الصورة) نووسیویێتی:

«ئەوە کردەی خوێندنەوەیە، کە مێشک بەهێز دەکات و توانای ئاوەز لەسەر بیرگۆڕکێ و گەنگەشە بەرز دەکاتەوە. چونکە سامانی مەعریفە و زمان بەئاوەز دەدات، تا وای لێ دێت چاکتر توانای بەسەر گوتوبێژدا بشکێت، چونکە ئێمە بە زمان بیر دەکەینەوە و زمانیشە هەڵچوون دەورووژێنێت و هۆش بە ئاگا دێنێت و هەستەکانیش ئاگەدار دەکاتەوە.»

کەواتە منداڵ بەخوێندنەوەی سەرومڕی ژانری چیرۆک لە تەک کەشوهەوای تەنگژەدا ڕادێت. بەدۆزینەوەی چارەسەری گونجاویش بۆ ئەم تەنگژانە، ئەزموونێکی زۆری لەلا کەڵەکە دەبێت. بەم پێیە هەر کاتێکیش لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیدا دووچاری هەر تەنگژەیەک هات، ئەوا لێبڕاوانە بەرەوڕووی دەبێتەوە و وەک پێشهاتێکی ئاسایی وەری دەگرێت. ئەو حەلە دەیشتوانێت بەئاسانیش خەیاڵی داهێنەرانەی خۆی بجووڵێنێت، ڕێگەچارە بۆ کێشەکانی خۆی بدۆزێتەوە و بەسەرکەوتوویش لێیان دەربچێت.

گرینگییەکی تری چیرۆک خوێندنەوە بۆ منداڵ ئەوەیە، تێگەیشتن لە چیرۆک کارێکی زێدە ئاسانە و دەکرێت منداڵ لە پۆلە بەراییەکانی خوێندنیشدا، بەبێ هاوکاریی باب و دایک، یان مامۆستا ڕای بپەڕێنێت. تێگەیشتنیش لە چیرۆک بەبەراورد لەگەڵ ڕشتە زانستییەکاندا، ئاسانترە، منداڵ لێی وەڕس نابێت. تەنانەت لە خوێندنەوەی کتێبی وشکوبرینگی ڕێزمانیش باشتر بۆ فێربوونی زمان هاریکاریی منداڵ دەکات، جا هەر زمانێک بێت؛ چونکە ڕستەکانی چیرۆک هەم ئاسان و هەمیش ڕەوانن. بۆیە منداڵ لە ئەنجامی خوێندنەوەی بەردەوامی ژانری چیرۆکدا، لەسەر ڕستەدارشتن و زمانپاراوی ڕادێت.

مەیلی منداڵ بۆ جۆری چیرۆک بەپێی تەمەن گۆڕانی بەسەردا دێت. وەلێ بەگشتی و بەپێی بۆچوونی (د. مرڤت محمد کامل)، گرینگترینی ئەو جۆرە چیرۆکانەی منداڵ ئارەزووی لێیانە ئەمانەن:

١- چیرۆکی میللی: واتە حیکایەتی فۆلکلۆر، کە گوزارشت لەو کات و شوێنە دەکات ڕووداوەکانی تێدا بەڕێوە چووە و کەسمان پێ نازانین کەی بووە و خاوەنی دیاریکراوی نییە. چیرۆکی میللی بەزۆری کۆتاییی شادی هەیە و تیمەیەکی هەیە بەنیازە وەک دەرسێک بیگەیێنێتە گوێگر یان خوێنەر.

٢- چیرۆکی مرۆڤی لە توانابەدەر (الخارق): ئەم جۆرە چیرۆکانە دەچنەوە سەر خورافە. لەوێدا قارەمان کاری کەسنەکردە و لە ڕادەبەدەری ئەوتۆ ڕادەپەڕێنێت، لە دەسەڵاتی مرۆڤی ئاساییدا نییە، وەک سوپەرمان و تەرەزان.

٣- چیرۆکی سەرچڵی و سەرەڕۆیی (قصص المغامرات): وەک چیرۆکی پۆلیسی، تاوان و جاسووسی و خۆشەویستی.

٤- چیرۆکی مێژوویی: ئامانج لێی خەیاڵکردنەوەیە لە ڕابردوو، یان بینینی ڕابردووە بەچاوی خەیاڵ... بڕوانە: ل، ٨٩.»

لە هەموو جیهاندا، لە پێشترین ژانر بۆ منداڵ، هەقایەت و چیرۆکە، لە پاڵ

بینینی فیلمی منداڵدا، کە ئەویش هەمان پێکهاتەی هەیە و پڕە لە سەرەڕۆیی. گرینگیی ئەم ژانرانەیش لەوەدایە، قارەمانانی ئەم فیلم و هەقایەت و چیرۆکانە، دوای هەوڵ و تێکۆشانی زۆر، لە ئەنجامدا بەسەلامەتی و لە جاران بەهێزتر و پڕ ئەزموونتر لەو تەنگژانەی تێی کەوتبوون ڕزگاریان دەبێت. (د.سوزان ئی. گۆتلیب) پێی وایە:

«لە ڕێی خوێندنەوەوە، بیرەوەریی منداڵ فراوان دەبێت. دوای تەمەنی سێ ساڵی، لەوانەیە منداڵ بتوانێت ئەو کتێبەی دڵخوازێتی لەبەر بیگێڕێتەوە. ئەگەر باوک و دایکی هەوڵیان دا وشەیەکی لێ بگۆڕن، یان لاپەڕەیەکی لێ بپەڕێنن، ئەوا ئەو منداڵە لێیان دەکات بە هەرا. منداڵان لەو تەمەنەدا، پێیان خۆشە گەورەکان بەهەڵەوە بگرن و لەسەریانی بکەن بە ماڵ... ص. ١٢٢»

جێی ئاماژەپێدانە، لەگەڵ گۆڕانی جیهان و هاتنەپێشەوەی سەدەیەکی نوێشدا، کە هۆیەکانی گەیاندن و کات بەسەربردن زۆر بوون. وەک دەڵێن جیهان بچووک بووەتەوە، هێشتا هەر ئارەزووی خەڵک بۆ چیرۆک، جا نووسراو بێت یان بینراو لە ڕێی وێنەی وەستاو، یان جووڵاوەوە وەک درامای تیڤی و فیلمی سینەماوە، یان لە ڕێی گێڕانەوەوە، لە جێی خۆیەتی، بگرە ئەم مەیل و ئارەزووە زیادی کردووە. خەڵک لە جاران پەرۆشتر چیرۆک و ڕۆمان دەخوێننەوە. لە جاران زیاتر، بەپشووی درێژەوە، بەدیار زنجیرە درامییەکانەوە دادەنیشن و بەفزوولییێکی زۆرەوە ئەم گەو دەدەنە دەم ئەو گەو، تا کۆتاییی چیرۆکە وێنەگیراوەکە بەشوێنیدا دەچن. منداڵیش وەک گەورەکان، بگرە پتریش ئەڵهای گوێگرتن لە چیرۆک و خوێندنەوەی چیرۆک دەکەن.

چیرۆک و هەقایەت خەیاڵی منداڵ دەوروژێنن و فراوانتری دەکەن. هەموو داهێنانێکیش پێویستیی بەخەیاڵفراوانی هەیە. ئەم ژانرانە منداڵ تووشی سەرسامی دەکەن، کە بۆ هەر داهێنانێک، جا زانستی بێت یان هونەری و ئەدەبی، بناغە و پاڵنەریشە. ئەوەیش بزانە، کە منداڵ لە گوێگرتنی چیرۆک وەڕس نابێت. لەم ڕووەوە. (د. گۆتلیب) دەڵێت: «بیرت بێت منداڵان حەزیان لە دووبارەکردنەوەیە. سروشتییە ئەگەر ئەوان، چەند جارێک داوای خوێندنەوەی

هەمان کتێب بکەن. ئەوان پتر هەست بەئاسایش دەکەن کاتێک گوێیان لە هەمان وشەکانی پێشوو دەبێتەوە. هەست بەدڵنیایی دەکەن، کە هەموو جارێک، لە کۆتاییدا دەبیستن، قارەمانانی چیرۆکەکە بە ژیانی بەختیاری شاد دەبن... ل ١٢٣.»

دەشێ گێڕانەوەی چیرۆک لەلایەن دایک و باوکەوە بۆ نەوەکانیان تا تەمەنی سێزدە چواردە ساڵی درێژە بکێشێت. چونکە مەردم لە هەر تەمەنێکدا بێت حەزی لێیە دەوروبەری چیرۆکی بۆ بگێڕنەوە. ئەدی ئەوە نییە ئێمە تەمەنمان سەروو پەنجا ساڵیشە، کەچی بەپەرۆشەوە بەدیار چیرۆکی ڕادیۆ و درامای تیڤی و فیلمی سینەماوە دادەنیشین و چێژیشیان لێ دەبینین؟

خوێندنەوەی هەقایەتی کوردەواری، گوێڕایەڵی بۆ نیشتمان لەلای منداڵ بەهێز و ڕەگاژو دەکات، چونکە ئاشنایەتی لە تەک ئەدەبی کۆنینەی خۆیدا پەیدا دەکات. لە دواجاردا خۆیشی بەخاوەنیان دەزانێت و ڕەنگە شانازیشیان پێوە بکات. دەشێ ئەگەر ئەو منداڵە، تاکێکی هونەرمەندی لێ دەرچوو، دواتریش لە تەک حیکایەتی میلیی گەلانی دراوسێدا بەراوردیشیان بکات و بۆ داهێنانیش سەرووشیان لێ وەربگرێت؛ کاتێک لێ دەبڕێت فیگەرە گونجاوەکانیان لە هونەرەکانی شانۆ و سینەما و فیلمی کارتۆندا بەکار ببات و بەگەڕیان بخات.

(مەحموود خەلیل)، لە وتارێکدا بەناونیشانی (چۆن چیرۆک بۆ منداڵەکانت دەگێڕییەوە؟) دەپرسێت: «کامەیان سوودی بۆ منداڵ زیاترە، چیرۆکی بۆ بخوێنرێتەوە، یان بۆی بگێڕدرێتەوە؟ لە وەڵامدا دەڵێت: خوێندنەوە ڕۆشنایی ئاوەزە. تەجەللای ویژدانە، بابەتی مەعریفەیە، بناغەی پێوەندیی دروستە بەکتێب و قەڵەم و کاغەزەوە. بەڵام گێڕانەوەی حیکایەت و چیرۆک، بابەتێکە نەرمونیانیی پتری تێدایە و باندۆری خێراتری لەسەر منداڵ هەیە. قووڵتر منداڵان بۆ چێکردنی پێوەندیی دۆستانە لەگەڵ پێداگۆدا (پەروەردەکار) کێش دەکات.»

هەر لەم بارەیەوە، (عەبدولەجید ئەلتەحاکومی)، لە وتارەکەیدا (چیرۆک ئەزمـوونێکی چێـژبەخـشـە)، دەڵێت: «پەسندتر وایە مـامـۆسـتـا، یان هەر حیکایەتخوانێک لەبەر چیرۆکەکە بگێڕێتەوە، تاکو بواری هەبێت بەئاسانی و بەئازادی بجووڵێت و بە واندنەوە بیگێڕێتەوە. ڕوخسـار و دەسـتـەکانی بۆ نواندن و ئاماژە بەکار بهێنێت، تاکو منداڵانیش پتر بچنە نێو ڕووداوەکانیەوە. دەکرێت سـوود لە تەختـەڕەش وەربگیـرێت بۆ هـەندێک وێنەی خـێـرا، ئەگـەر حیکایەتخوان دەستی وێنەکێشانی هەبوو. دەشێ مامۆستای زمان چیرۆک بەسـەر قـوتابیـاندا دابەش بکات. داوایان لێ بکات لە مـاڵەوە، لە پشـووی هەفتەدا بیخوێننەوە، پاشان لە ژووری پۆلدا بۆ هاوپۆلەکانیانی بگێڕنەوە..» واتە یەک لەباری منداڵ، لە هەمـوو دۆخێکدا، گێـڕانەوە چێژی پتری تێدایە هەتا خوێندنەوە. باشتر وایە چیرۆکەکانیش هەمەڕەنگ بن، لە کۆمەڵایەتی و مێژوویی و حیکایەتی گیانداران و... تاد.

(د. مرڤت محمد کامل) پێی وایە، پێویستە چیرۆک ئەم ڕەگەزانەی لای خوارەوەی تێدا بێت:

أ. پێکهاتەی نوێ بخاتە سەر ئەو ئاکارانەی پێشتر هەبوون.

ب. تەنیـا بەپێـشکێـشکردنی نموونەی دژبەیەکی خـوازراو و نەخـوازراو نەوەستێت بەڵکو هەوڵ بدات هۆیەکانی پشتی ڕووداوەکان ڕوون بکاتەوە.

ج. ڕووداوەکان لە چوارچێوەی ئەو شارەزاییەدا بخولێنەوە، کە کەسیەتیی منداڵ هەیەتی.

د. نابێت تەنیا پارچەیەک لە خەیاڵ و توندوتیژی و وروژاندنی غەریزەی ڕووت بێت.

هـ. ڕستەکانی ڕیتمی موزیکییان تێدا بێت.

ر. گرینگیدان بەچنین (حبکة) بدات، وەلێ پێویست ناکات بەزمانێکی ئاڵۆز بێت.

ز. نابێت ناوەڕۆک و زانیاری لەسەر شێوەی نسحەت و ئامۆژگاری پێشکێش

بکات... بڕوانه صحافة الاطفال. ص. ۹۰»

گێڕانەوەی چیرۆک، جۆرە سرووتێکی پەروەردەییە، منداڵ دڵشاد و بەختیار دەکات و خۆشەویستیی بۆ خوێندنەوە لە ناخیدا دەڕوێنێت. بە شەوق و زەوقەوە بەرەو دنیای کتێب دەستی منداڵ دەگرێت. کەشوهەوای گەرموگوڕی ئولفەت لە نێوان حیکایەتخوان و گوێگردا ساز دەکات. لەو دۆخەدا منداڵ بەهەموو توانای مێشکییەوە ئامادەی وەرگرتنی بابەتی نوێ و وردەکارییەکانی چیرۆکە و بەرە بەرە پێی ئاشنا دەبێت. بەم پێیە گێڕانەوەی هەر چیرۆکێک زەینی منداڵ چالاکتر دەکات. دوور لە ڕەسمیاتی تەختەڕەشی قوتابخانە و دەرخکردنی دەقە وشکەکان، کە تەنیا لە پێناوی دەرچوون و نمرەدایە، توانای وەرگرتنی بابەتی نوێی وەک چیرۆک و زانست و زانیاری، لەلای منداڵ هەڵدەکشێت و بەپەرۆشەوە گوێدێریان دەبێت و لە بیرەوەریی خۆیدا دەیانپارێزێت.

(خالد عبدالعزیز الشلفان)، لە وتارەکەیدا بەسەردێری (مهارات قرائیة) پێی وایە:

«گرینگە خوێنەر بیرۆکەیەکی کورت لەمەڕ بابەتەکە وەربگرێت، بەوەی دەستپێک، سەرباس و ناونیشانە لاوەکییەکان بخوێنێتەوە، ئەوجا دەست بەخوێندنەوەی خێرا و گشتیی بابەتەکە بکات.» تاکو هیچ نەبێت بەزانیارییەکانی نێوی ئاشنا بێت.

سەرکەوتن و ئامانجپێکانی هەر چیرۆکێکی منداڵان، تا ڕادەیەکی زۆر بەشێوازی گێڕانەوە و بەدەمولەبزی شیرینی حیکایەتخوانەوە بەندە، نەک بە لێهاتوویی چیرۆکنووسەوە. لە یادنەکردنی وردەکارییەکان و بەرجەستەکردنیان لە ڕێی نواندن و گۆڕینی تۆنی دەنگ و بەکارهێنانی زمانی جەستە و ئاماژە، لاساییکردنەوەی دەنگی ئاژەڵەکان وەک خۆیان. پێشاندانی هەستەکانی وەک تووڕەبوون، کرژبوون، دەربڕینی هاوسۆزی، نەرمونیانی، دوور لە هەڵچوونی زیادە، یان بێ موبالاتی نواندن لە گێڕانەوەدا، تاکو گوێگر

وەڕس نەبێت، بەڵکو بەپەرۆشەوە چرکە بەچرکە لە تەک ڕووداوەکاندا بژی.

سەبارەت بەمنداڵ لە دوای تەمەنی چوار ساڵانەوە؛ خاتوون (مێری والاس)، لە کتێبەکەی خۆیدا (الأسلوب الأمثل لتربیة الطفل بعد عامه الرابع)، ڕووی دەمی لە دایکە و دەڵێت: «کاتێک تۆ بۆی دەخوێنیتەوە، ئەو لەسەر دەنگی وشەکان ڕادێت. ئەگەر هەمان کتێبت (لەسەر داوای خۆی) چەند جارێکت بۆ خوێندەوە، بەتایبەت ئەگەر وشەکانی سەروادار بوون، ئەوا ئەویش دەتوانێت کتێبەکەی بەدەستەوە بێت و چیرۆکەکە بۆ تۆ بگێڕێتەوە، لە کاتێکدا سەرنجی وێنەکانی نێوی دەدات. بەڵام تۆ لێکدانەوەکانی، یان وەرگێڕانی وێنەکانی بۆ ڕاست مەکەوە... ص ١٧٠.»

گەرەکە حیکایەتخوان دەست و هەستی منداڵ لەگەڵ خۆیدا بۆ نێوجەنگەی کێشە و بەیەکدا هەڵپڕژان و بەرەو پێشەوەچوونی ڕووداوەکان بەرێت. بەشێوازێکی ئەوتۆ، کە منداڵ لە وەها دۆخێکدا، نەک هەر بەتەنیا گوێگر بێت، بگرە ببێتە قارەمانێکی فەخریی ئەو چیرۆکە و بەسەر ڕووداوەکانیەوە شایەتحاڵ بێت. چاکتر وایە حیکایەتخوان لە کۆتاییشدا داوا لە منداڵ بکات، ئەگەر بەڕستەیەکیش بووبێت، شتێک لەمەڕ نێوەڕۆک و مەبەستی چیرۆکەکە بڵێت و ڕای خۆی لەبارەیەوە دەربڕێت. لە هونەری گێڕانەوەشدا گرینگ ئەوەیە، ئەو چیرۆکە بۆ منداڵ بکات بەجیهانێکی پڕ لە جووڵە و سەرنجی بەتەواوی ڕابکێشێت.

(نەسار ڕەمەزان) لە وتارەکەیدا بەسەردێری (٣٦ ڕێگە هەیە، وا لە منداڵەکانمان دەکات هەموو کتێبی جیهان بخوێننەوە) پێی وایە: «خوێندنەوە مەزنترین سامانێکە دەکرێت مرۆڤ بەدەستی بهێنێت... ئەگەر دایکت شەوانە چیرۆکی بۆ گێڕابیتەوە، ئەوا تۆ منداڵێکی بەختەوەر بوویت و دایکێکی مەزنیشت هەبووە. ئەوەی بە منداڵی بۆی نەخوێنرابێتەوە بەگەورەییش خۆی ناخوێنێتەوە. منداڵ لە تەمەنی ٣-٧ ساڵاندا، چیرۆکی لە هەر بابەتێکی تر پتر حەز لێیە.»

پێم وایە نەوەی ئێمەومانان بەگشتی بەختەوەر بووین، کاتێک دایکمان شەوانە چیرۆکی بۆ گێڕاوینەتەوە، زۆربەی دایکانی ئێستا، نە خۆیان هەقایەت دەزانن، نە کتێبیش بۆ منداڵەکانیان دەکڕن، تاکو چیرۆکیان بۆ بخوێننەوە. واتە لەم ڕووەوە ئێمە پێشکەوتنمان بەدەست نەهێناوە.

لەو (٣٦) خاڵەی (نەسار ڕەمەزان) باسی کردووە، وا لێرەدا هەندێکیان دەخەینە ڕوو:

«١- چیرۆکێک بۆ منداڵەکەت هەڵبژێرە، لە دەوری ئەو ئاژەڵ و باڵندە و ڕووەکانە بسووڕێتەوە، کە دەیانناسێت.

٢- چیرۆکێکی بۆ هەڵبژێرە وێنەکانی سەرنجڕاکێش بن، بە قەوارەی گەورە و بەڕەنگی ڕوون و جوان وێنە کێشرابن، گوزارشت لە ڕووداو و قارەمانانی چیرۆکەکە بکەن.

٣- چیرۆکێک بۆ منداڵەکەت هەڵبژێرە پێوەندیی مکۆمی بەئێستایەوە هەبێت، کە تێیدا دەژی. نە بۆ ڕابردوویەک ببیە، کە بەلایەوە گرینگ نییە و نە بۆ داهاتوویەکیش، کە نادیارە.

٤- چیرۆکێکی بۆ بگێڕەوە شێوازێکی ئاسانی هەبێت، وابێت منداڵەکەت بەبێ ماندووبوون تێی بگات، لە هەمان کاتدا وروژاندن و تەشویقیشی تێدا بێت.

٥- کاتێک چیرۆکی بۆ بخوێنەوە هەست بەئارامی بکەیت و شەکەت نەبیت، تاکو بتوانی بەشێوەیەکی گونجاو، بە تام و چێژەوە بۆی بخوێنییەوە. گەر بۆت نەلوا، پێی مەڵێ من ماندووم، بەڵکو پەیمانی کاتێکی تری بدەرێ، وەلێ پەیمانەکەت ببە سەر.

٦- بەزمانێکی ئاسان، دوور لە وشەی بیانی و گرێ و گۆڵ و زاراوەی ناحاڵی بۆی بخوێنەوە، یان بۆی بگێڕەوە.

٧- لە دەمی حیکایەتخوێندنەوەدا بەهیچ کارێکی ترەوە خەریک مەبە. کاتی بۆ تەرخان بکە. ئەمە واتای ئەوە دەگەیێنێت، کە تۆ چیرۆک خوێندنەوە

بەهەند دەگریت.

٨- لە بەرچاوی منداڵەکەت بخوێنەوە، تاکو ببیتە پێشەنگ بۆی.

٩- بیرت بێت، تۆ وانەی خوێندنەوە بەمنداڵەکەت ناڵێیت و دەرسی دانادەیت، بەڵکو تۆ حیکایەتی (چیرۆک) بۆ دەگێڕییەوە، یان بۆی دەخوێنییەوە.

١٠- ناوەڕۆک و مەبەست، یان بیرۆکەی چیرۆکەکەی بۆ مەگێڕەوە، بگرە خودی چیرۆکەکەی بەتەواوی بۆ بگێڕەوە. پاشان دەکرێت لەبارەیەوە گفتوگۆ بکەن.

١١- داوای لێ بکە، بەزمانی خۆی، بەوشەی خۆی بۆت بگێڕێتەوە.»

## سەبارەت ئەو چیرۆکانەی بۆ منداڵی کورد نووسراون

سەختترین ژانری ئەدەبی ئەوەیانە، کە بۆ منداڵان دەنووسرێت. کەچی ئێمەی نووسەری کورد نووسینی ژانری منداڵان لە چیرۆک و شیعر و دراما بە (مەلاخۆرە) دەزانین. تەنیا ئەو پێدەگۆیانەی، ڕۆژانە هەڵسوکەوت لەگەڵ منداڵدا دەکەن، بەدروستی لە منداڵان و خولیا و ئازارەکانیان دەگەن. ئەوانەی بۆ منداڵان دەنووسن زۆر لە قۆناغی منداڵی دوور کەوتوونەتەوە. هەندێک نووسین بۆ منداڵ هەن، لەو بیرەوەرییانە دەچن، کە نووسەرێک بە پەنجا ساڵ تەمەنەوە لەسەر دەورانی منداڵیی خۆی دەیاننووسێت. واتە لە دووریی پەنجا ساڵەوە باسی قۆناغێکی هەرە گرینگ دەکات، کە ئەوسا خۆی منداڵ بووە وەهای بیر نەکردووەتەوە و بەو جۆرەیش لە جیهانی نەڕوانیوە. دەکرێت بە کورتی و بەگشتی، بەم شێوەیەی لای خوارەوە سەرنجەکانم لەمەڕ ئەو کتێب و چیرۆکانەی بەکوردی بۆ منداڵان نووسراون بخەمە ڕوو:

١- بە زۆری دەست لەسەر گوێڕایەڵیی کوێرانە بۆ دایک و باوک و بۆ مامۆستا دادەگرن. واتە کتێبی ئامۆژگارین نەک چیرۆک، لە کاتێکدا لە سەدەی ڕابردووەوە، لە هیچ جێیەکی ئەم جیهانەدا باوی چیرۆکی ئامۆژگاری نەماوە. قسە قسە دێنێ، زۆرێک لەو بەرنامانەیشی لە تیڤییەکاندا بۆ

منداڵان تەرخانن، کەسانی نەشارەزا بەڕێوەی دەبەن و ئەوانیش دیسان بە زۆری خەریکی بەخشینەوەی ئامۆژگارین بەسەر منداڵاندا.

تاکو ئێستاش تاکی کورد وەها تێگەیشتووە، گوایە منداڵ، هەر لەبەرئەوەی لە سەرەتای تەمەندایە، نەفامە و دەبێت بەردەوام ئامۆژگاری بکرێت. تەنانەت لە کن ئێمەی کورد وشەی (نەفام) یەکسانە بە (منداڵ). پێ دەچێت ڕەگیشەی ئەم وشەیە بچێتەوە سەر (فهم)ی عەرەبی، کە بەکوردییەکەی دەکاتە (تێگەیشتن). وەلێ منداڵ بە جیدی گوێ دەگرێت. خاوەنی مێنتاڵ و ئاوەزی خۆیەتی و تێیش دەگات. ئەگەر لە هەر وشەیەک یان دیاردەیەک تێ نەگەیشت، ئەو وەک هەندێک گەورەساڵ، پێی شەرم نییە بڵێت (نازانم)، بۆیە منداڵ لێکدا لێکدا دەپرسێت. جار هەیە ئەمەندە پرسیاری بەجێ و ڕێ دەکات، دەوروبەری خۆی تووشی سەرسووڕمان دەکات. لایەنێکی بەرپرس، یان دەزگەیەک نییە ئەو خەڵکە، بەتایبەت ئەوانەی بەحیساب بۆ منداڵ دەنووسن تێ بگەیێنێت، کە منداڵ نە گێلە و نە نەفام، بگرە خاوەنی ئاوەزە و دەفامێت.

٢- چیرۆکەکان بە زۆری واقیعیی فۆتۆگرافین و بەگشتی خەیاڵ و فانتاسیا لە چیرۆکی منداڵانی کورددا بزرە. لە کاتێکدا گرینگیی چیرۆکی منداڵان لەوەدایە، کە بێ سنوور خەیاڵی تێدا بخرێتە کار، تاکو لەلای خۆیەوە خەیاڵی منداڵ فراوانتر بکات و بیخاتە سەر ڕێی بیرکردنەوە و داهێنان.

٣- دیسان دەبێت بڵێین: بەزۆری وێنە و تێکستی چیرۆکەکان لە ئاستی یەکدا نین. یەکێکیان لەسەر حیسابی ئەوی تریانە.

٤- چیرۆکەکان بەحیساب بۆ منداڵن، بەڵام بەزمانی گەورەساڵان نووسراون.

٥- دەستگیرۆیی، یان دەشێ بڵێین ڕەزیلیش لە جۆری کاغەز و ژمارەی وێنە لە چاو درێژیی دەقدا دەکرێت. زیاتر قازانجی دەزگەی چاپ ڕەچاو دەکرێت هەتا منداڵان خۆیان، کە دەبێت ئەوان ئامانج بن. وێنەکێشی بابەتی منداڵان لەنێو کورددا دەگمەنە. بەسەرێکی تر کتێبی چیرۆکی

منداڵان دەبێت پەنجا لە سەدی وێنەی ڕەنگاوڕەنگ بێت و نیوەکەی تری برێتی بێت لە دەقی نووسراو. خۆ ئەگەر بەرانبەر هەر ڕستەیەک وێنەیەک هەبێت، دەها باشتر. وابێت منداڵ بتوانێت دووجاران چیرۆکی گۆڕین بخوێنێتەوە. جارێک لە ڕێی دەقی نووسراوەوە جارێکی تر لە ڕێی وێنە ڕەنگییەکانی ناویەوە.

٦- لە هەمووی کارەساتتر ئەوەیە، کورد نووسەری ئەوتۆی نییە بتوانێت چیرۆکی سەرکەوتوو بۆ منداڵان بنووسێت. بۆیە لە دۆخی وەهادا دەبێت پشت بەوەرگێڕان ببەستین. دەبێت ئەو نووسەرە کێ بێت بتوانێت چیرۆکی منداڵان لە زمانی بیانییەوە، وەربگێڕێت و زمانەکەیشی تایبەت بەمنداڵان بێت.

## چیرۆک، وەک چارەسەری نەخۆشی

(مارگۆت سەندەرلاند) پێی وایە: منداڵ وەک گەورەساڵ توانای خۆڕاهێنانی لەگەڵ مەینەتی و کێشەکانیدا نییە، کاتێک بەرەوروویان دەبێتەوە. منداڵ ناتوانێت دیپلۆماسییانە هەڵسوکەوت بکات و خەمڕەوێن بۆ خۆی پەیدا بکات. یان خۆی لە کرژی و (ستریس) بەتاڵ بکاتەوە. منداڵ ناتوانێت خەمەکانی خۆی لای ئەم و ئەو هەڵبڕێژێت، بە تانیدا بێتە خوار، گوێگر بۆ خۆی پەیدا بکات و هەوڵ بدات چارەسەریان بۆ بدۆزێتەوە. بەڵکو کێشە کەڵەکەبووەکانی، هەروا لەو گۆڕە دەمێننەوە، کنە لە ناخی دەکەن و ئەنجامی خراپیشیان لێ دەکەوێتەوە. بۆ نموونە، لە خوێندن دوا دەکەوێت، چونکە منداڵێک کێشەی هەبێت، ناتوانێت وەک پێویست زەینی خۆی چڕ بکاتەوە و تەواو لە وانەکانی حاڵی ببێت.

لە دۆخی وەها ناهەمواردا دەشێ ببێتە منداڵێکی شەڕەنگێز، یان گۆشەگیر، بێ هاوڕێ و هاودەم بمێنێتەوە. یاخۆ دەشێ شەوانە، لە بریی خەونی ئاسایی، مۆتەکە ببینێت. لە ترس و دڵەڕاوکێ و بەدبەختیدا بژی.

بەچەندان جۆر گرێ و گۆڵی دەروونی گرفتار ببێت. بۆیە منداڵان، بۆ مامەڵەکردن لە تەک ئەم جۆرە هەستە ئازارگەیێنانەدا پێویستییان بە یارمەتی و هاریکاریی گەورەساڵان دەبێت.

کێشەکە لەوێدایە، منداڵ هەروا بەئاسانی قسە لەسەر کێشە، خولیا و ئازارەکانی خۆی ناکات، ئەگەرچی بەدەستیانەوە گرفتار بووە و لە ناخیشەوە ئازار دەکێشێت. یان ئەوەتا زۆر بەکورتی گوزارشتیان لێ دەکات و دەڵێت: «من بێ تاقەتم، یان من ماندووم» گەورەکانیش مەگەر بە ڕووکەش، دەنا لە دەردی ئەو حاڵی نابن. چونکە ئەوی شپرزە، ناتوانێت بە زمانی گەورەکان وەڵام بداتەوە کاتێک لێی دەپرسن: «ئەوە چیت لێ قەوماوە؟ بۆ وا کز داماویت؟»

سەندەرلاند پێی وایە: زمانی سروشتی و گونجاو لای منداڵان، بۆ گوزارشتکردن لە هەستیان زیاتر پشت بەخەیاڵ و مەجاز دەبەستێت، وەک دۆخی چیرۆک و خەونەکان. سەندەرلاند لە کتێبەکەیدا بەناوی «علاج الأطفال بالقصة»، نووسیوێتی:

«بەکارهێنانی چیرۆک، یارمەتیدەرە بۆ تێگەیشتن لە هەستی منداڵان، کە ئێمە ناتوانین بە زمانی ڕۆژانە قسەیان لەبارەوە بکەین. چیرۆکەکان دەتوانن لەسەر ئاستێکی قووڵتر و کاریگەرتر لە زمانی ژیانی ڕۆژانەی ڕاستەوخۆ، لە تەک منداڵاندا بئاخڤن. گوتوبێژ لەگەڵ منداڵاندا سەبارەت بەتێگەیشتن لە هەستیان، بە زمانی ژیانی ڕۆژانە، وەک سووڕانەوە لە بازنەیەکی بەتاڵدا وەهایە، کە ناکۆتایە. چونکە زمانی ژیانی ڕۆژانە پشت بە بیرکردنەوەی واقیعییانە دەبەستێت، لە کاتێکدا ئاخافتن لە ڕێی چیرۆکەوە، یان لە ڕێی بووکەشووشە و قوڕی دەستکارەوە، پشت بەخەیاڵ دەبەستێت و ئەمەیان زمانی سروشتیی منداڵانە... علاج الأطفال بالقصة، ص١٥.»

منداڵ و گەورەساڵ دوو جیهانی جیاوازیان هەیە. ئەو قسە و ڕێنوێنییانەی لەنێو گەورەساڵاندا بەڕێوە دەچن، ناتوانن چاری دەردی منداڵان بکەن. ئەوان

ئەو وشـــانە بـەبێ بايـەخ، وشک و بێ گـيـــان دەزانن، بۆيـە تۆ هـەر قـســە بۆ منداڵەکە دەکەيت و ئەويش سەری قسە بەلايەکی تردا دەبات و بەياريیەکەيەوە خۆی خـەريک دەکات. ئەو لەگەڵ خـەون و خـەياڵەکانی خۆيدا دەژی و سـەرقاڵە. خـەون و خـەياڵی منداڵ لـە بابەتی چيـرۆکەوە نزيکتـرە تاکـو لە فـەرمـايشت و ڕێنوێنییەوە. سەندەرلاند دەڵێت:

«لە حەقيقەتدا، مێنتاڵ (عەقڵ) خۆڕسکانە بە زمـانی چيرۆک باس لە بابەتە سـۆزدارييەکانی خـۆی دەکـات. وەک لە خەونەکانماندا دەيانبينين.. لە خـەوندا مـێنتـاڵ بـەوشـيـارييـەوە خـەياڵ و خـوازە هەڵدەبژێرێت بۆ چارەسـەری سـۆزە بەهـێـزەکـــان، لە تـافی ڕابـردوو و ئـێـســـتــــادا. هـەروەها لـەبۆ دڵـەڕاوکێ و ئومـێـدەکـانی داهـاتوويش. چيـرۆک لە خـەون دەچێت، وەلێ ئەوەندە هـەيە لە کاتی خەوتندا ڕوو نادات... علاج الأطفال بالقصة. ص ١٦.»

لە ڕاسـتـيـدا ئامـۆژگـاری بەخـشـينەوە کـاری وتارخـوێن و واعـيـزانە و لە درێژايی مـێژوودا بێ ئەنجام بووە. هـيچ گرفـتێکی جـەسـتـەيی يان زەينی و سـۆزداری لە ڕێی بەخـشـينەوەی نـسـحـەتەوە چارەسـەری بۆ نەدۆزراوەتەوە. چ جـای گـرفـتی دەروونيی منداڵ، کە خـۆی نـازانێت و ناتوانێت ڕوونـی بکاتەوە. وەلێ سەندەرلاند پێی وايە:

«چيـرۆکـێک، ئەگـەر وەک مـەغـزا بۆ چارەســەری منداڵ داڕێژرابێت، ئەوا دەرفـەتێکيش بۆ منداڵ دەهێڵێتـەوە تاکو بيری لێ بکاتەوە، لە کاتێکدا منداڵ گـوێ لە ئامـۆژگـاريـی ڕاسـتـەوخـۆ ناگـرێت. وێڕای ئەوەی، ئـەو چيـرۆکـانەی مـەغزای چارەسـەريان لە خۆياندا هـەڵگرتووە، بـۆ پشـتـيـوانيکردن لـە منداڵ داڕێژراون نەک بۆ سەرزەنشتکردنی... علاج الأطفال بالقصة، ص٢٧.»

سـەندەرلاند ئا بەم شـێـوەيە، لە ڕێی گێڕانەوەی چيرۆکەوە چاری کێشـەی (جـۆرج)ی منداڵ دەکـات: جـۆرج کـوڕێکی گچکە بوو. ژيانێکی سـروشـتـی و بەختـيـار دەژيا. تا ئەو دەمـەی دايکی لە دوای مردنی دايکييـەوە، (کـە دەکاتە نەنکی جـۆرج)، تووشـی خـەمـۆکـيــيـەکی توند بوو. ڕۆژێکيــان يەکـێک لە

مامۆستاکان سەرنجی دا جۆرج خەمبار و لاگرە. ئەو دەیزانی لە ماڵەوە جۆرج بە چی دۆخێکدا تێ دەپەڕێت. لێی پرسی: «جۆرج هەستت چییە بەرامبەر بەو خەمبارییەی، کە دایکت هەستی پێ دەکات؟» جۆرج بە کەمتەرخەمییەوە شانی هەڵتەکاند و ڕۆیشت، بێ ئەوەی وەڵامی پرسیارەکە بداتەوە. هەر ئەم پەرچەکردارەیشی دەنواند کاتێک خزم و دۆستان پرسیاریان لێ دەکرد.

بە ڕێککەوت، جۆرج لە قوتابخانەیەک وەرگیرا، کە ڕاوێژکاری دەروونیی منداڵانی هەبوو. جۆرج ڕەزامەندی لەسەر چاوپێکەوتنی دا. ڕاوێژکارە دەروونییەکە داوای لە جۆرج کرد، کەڤاڵێک بکێشێت. ئەویش کەڤاڵی گەواڵە تەمێکی چڕی کێشا. کاتێک ڕاوێژکارە دەروونییەکە، داوای لە جۆرج کرد سەبارەت بەکەڤاڵەکەی بدوێت، جۆرج ئەم چیرۆکەی لای خوارەوەی بۆ گێڕایەوە:

«تەمەکە زۆر چڕە، ناتوانم ڕێ لە بڵاوبوونەوەی بەهەموو شوێنێکدا لێ بگرم. ئەم تەمە لە ڕووناکییەوە بۆ تاریکیم دەبات. پێویستە لەسەرم خۆم دڵخۆش بکەم، تاکو ئەم تەمە برەوێتەوە. بەڵام کاتێک هەوڵی لەگەڵدا دەدەم، جگە لە هەڵمژینی زیاتری تەمی خنکێنەر هیچی ترم پێ ناکرێت. زۆرجاران هەوڵم داوە، لەم تەمە ڕزگارم بێت، کە دەستی بەسەردا گرتووم، بەڵام نەمتوانیوە. کێشە ڕاستەقینەکە ئەوەیە، دایکیشم بڕێکی زۆری لەم تەمە هەڵمژیوە.»

*

سەندەرلاند پێی وایە: (جۆرج)ی منداڵ، زۆر بە ڕاشکاوانە هەستە ئازاراوییەکانی دەرهەق بەو دۆخی خەمۆکییەی، کە خۆی و دایکی بەدەستییەوە دەناڵێنن، لە ڕێی ئەو چیرۆکەوە گێڕایەوە و خستە ڕوو. لەوێدا ئەوەی ڕوون کردەوە، کە دایکی تووشی خەمۆکی بووە. ئەم کێشەیەشی لە کەڤاڵی ئەو چڕە تەمەدا وێنا کرد، کە بەهەموو شوێنێکدا بڵاو دەبێتەوە و

کارکردی زۆریشی لەسەر خۆی هەیە، بە ڕادەیەک کاری لە هەستەکان و لە ناخی کردووە. ئەو وێنە خەیاڵییەی، کە جۆرج وەسفی دڵتەنگیی دایکی پێ کرد، خوازەیەکی (ئێس ئی لویس)ی هێنایەوە یادم کاتێک باسی دڵتەنگیی خۆی لە ئەنجامی مەرگی ژنەکەیدا دەکات و دەڵێت: «بزربوونی، وەک ئاسمان باڵی بەسەر هەموو شتێکدا کێشاوە.»

ئا بەم شێوەیە، جۆرج توانی لە ڕێی چیرۆکەوە، بەیارمەتیی ڕاوێژکاری دەروونی، بەڕاشکاوی و بەهێز سەبارەت بەهەستەکانی خۆی بدوێت. بەپێچەوانەی ئەو پەرچەکردارەی، کە دەینواند و بە شان هەڵتەکاندن وەڵامی ئەو پرسیارانەی دەدایەوە، کە بە زمانی ژیانی ڕۆژانەی ڕووت بەرەوڕووی دەکران. سەندەرلاند هاتووە، چەندان نموونەی تری سەبارەت بەچارەسەری منداڵان لە ڕێی گێڕانەوەی چیرۆکەوە، جا گەورەکان بۆ منداڵانی بگێڕنەوە، یان خۆیان بۆ گەورەکانی بگێڕنەوە، لە کتێبەکەیدا، (علاج الأطفال بالقصة)، بەنموونەوە ڕوون کردووەتەوە.

## شانۆی منداڵ

لەم سەروبەندەدا دەتوانین بڵێین: هونەری شانۆ بەگشتی بزرە. شانۆی منداڵانیش لە حاڵی حازردا بوونێکی نییە. نەمبیستووە لە وەزارەتی ڕۆشنبیری بەشی (شانۆی منداڵان) چالاکیی نواندبێت.. ڕەنگە هەر لە بنەڕەتدا هۆیەیەک بەم ناونیشانە لە ئارادا نەبێت. بەر لە ڕاپەڕین چالاکیی پتر لەم بوارەدا لە ئارادا بوو. هەر بەندە، لە حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا چەندان دەقی شانۆی منداڵانم لە زمانی عەرەبییەوە بۆ کوردی وەرگێڕاوە. هەر هەمووشیان لەو سەردەمەدا خراونەتە سەر تەختی شانۆ. منداڵان خۆیان پشکی شێریان لە پێشکێشکردنی دەقەکاندا بەرکەوتبوو. هەر یەکێک لەو شانۆییانە دەوروبەری دوو تا سێ هەفتە لەسەر شانۆ پێشان دراون. بینەری زۆریشیان هەبووە، کە بە زۆری لە توێژی منداڵان خۆیان بوون. هەندێک لەو منداڵانە ئەهۆ ئەکتەرن. شانۆییەکانیش ئەمانەن:

بەلەمی ئەفسووناوی، نووسینی: لاوشە، دەرهێنانی: ڕزگار کەریم

مەلی ئاوات. نووسینی: قاسم محەمەد، دەرهێنانی: قادرۆک

دۆتمیری دزێو: نووسینی: .ک. م. ڤالۆ

شانۆ لە خۆیدا هونەرێکی لە پێش و بالآیە. کۆمەڵێک هونەریش پێکەوە گرێ دەدات و لەسەر خوانێک کۆیان دەکاتەوە، کە بریتین لە: دەقی شانۆیی، نواندن، دیکۆر، یانژی هونەری شێوەکار، موزیکی وێناکاری، ڕۆشنایی، ئیفێکتەکانی دەنگ، وتاربێژی و زمانپاراوی.

کەواتە شانۆیی گەلێک بواری هەم بۆ چێژ لێ وەرگرتن و هەمیش بۆ فێربوون تێدایە. شانۆ لە ڕێی دەنگ و جووڵە و پێکهاتەکانی ترەوە، ڕەنگە لە ژانرەکانی تر پتر زەینی منداڵ بورووژێنێت و چالاکتریشی بکات. ئەوی منداڵ بە سەرێک بە دەقێکی نوێ ئاشنا دەبێت، کە لە خۆیدا تیمەیەک یان چەند تیمەیەکی تێدا پەنهانە. بە سەرێکی تر لەبارترین هۆیەکیشە بۆ کات بەسەربردن.

شانۆیی کاریگەری بۆ سەر هزر و خەیاڵی منداڵ زۆرە. پاڵپشت و بزوێنەری خەیاڵە. کەسیەتیی ئەوی پێ قاڵ دەبێت و ئەزموونی زیاتر دەبێت. دەیکاتە کەسیەتییەک، خاوەنی دڵ و دەروونێکی هێمن و ساغڵەم بێت. کەسێکی ئەوتۆ، لە کارەکانیدا سەرکەوتوو بێت و بڕوای بەتواناکانی خۆی هەبێت. منداڵ زمان پاراو و زمان دەوڵەمەند دەکات. یارمەتیی دەدات بەچڕی و ڕەوانی گوزارشت لە خۆی و لە کێشە و بیرۆکەکانی بکات. بەرگی شەرمندەیی توور بدات، لە کاتێکدا زۆرێک لە منداڵانی کورد بە دەست دیاردەی شەرمنییەوە دەناڵێنن. توانای وتاربێژیی منداڵ سەردەخات. خەیاڵی داهێنەرانەی لە متبوون و خەفەبوونەوە دەجووڵێنێت و بەئاگای دەهێنێت.

بیرت بێت، کە بینینی هەر شانۆگەرییەک، لە هەمان کاتدا خوێندنەوەی کتێبێکیشە بەقووڵی بە بەرجەستەکراوی، کە کەسیەتییەکانی نێوی یاخۆ قارەمانەکانی زرپوزیندوو، بەپێش چاوی بینەردا دێن و دەچن. وێڕای ئەوەی،

وەک گوتراوە، بۆ خۆی قوتابخانەیە. واتە لێوەی فێر دەبن. هانی منداڵ دەدات بیر لە کێشە کۆمەڵایەتی و مرۆییەکانی سەردەمی خۆی بکاتەوە و بیریش لەوە بکاتەوە چارەسەریان بۆ بدۆزێتەوە.

ڕەنگە منداڵ بە یەک چاو هەموو ئەو کەسانە ببینێت، کە ڕۆژانە لە شوێنان پێیان دەگات و مامەڵەیان لە تەکدا دەکات. بەڵام لە دەقی شانۆییەوە فێری ئەو ڕاستییە دەبێت، کە تاکەکان لە بنیات و خولیایاندا جیاوازن. خۆزیا و بریایان وەک یەک نییە. وەک یەکیش کەسیەتییان دانەڕێژراوە. چاک و خراپ، تووڕە و هێمن، زانا و نەزان، پیسکە و بەخشندە، شەڕەنگێز و پیاوچاکیان لە نێواندایە. تەنیا هونەری شانۆ لە توانایدا هەیە، کەسیەتییە مەشرەب و ئاکار و ڕا جیاوازەکان بە ڕوونی و دروستی بەرجەستە بکات. کەواتە گومانی تێدا نییە، شانۆ و شانۆیی ڕۆڵی بەرچاو لە ڕۆشنبیرکردنی منداڵدا دەگێڕێت.

## کۆواری منداڵان و بەکولتوورکردنی خوێندنەوە

وەک پێشتر باسمان کرد، لای ئێمە، شیعر و چیرۆکی منداڵان زیاتر برێتین لە بەخشینەوەی ئامۆژگاری. لەوەتەی یەکەمین ئاینی ئاسمانی لەسەر ئەم گۆی زەوییە، پەیامی خۆی ڕاگەیاندووە، دروشمی یەکەمی نسحەت و ئامۆژگاریی «چاکە بکە و خراپە مەکە» بووە. وەلێ لەو ڕۆهەڵاتەی نیشتمانی پێغەمبەرانیشدا، ساڵ لە دوای ساڵ، خراپە ڕوو لە زیادبوونە، گێچی چاکەیش ڕوو لە دابەزینە. بە واتایەکی تر ئامۆژگاری، وتارێکی بێ کەڵک و بێ ئەنجامە و جێگە ناگرێت.

شیعر و چیرۆکی نێو کۆوارە کوردییەکان ڕێچکە و شێوازی هەقایەت ڕۆڵی تێدا دەبینێت. ڕێککەوت قارەمانەکان دەکاتە مانگی درەوشاوە، نەک ڕەنج و کۆششی تاکەکان خۆیان. نەک گەڕان لە دوای زانست و زانیاری. بابەتەکان هەر ئەو بابەتانەی نێو هەقایەتەکانن و دووبارە دەبنەوە. دنیاکەیش گۆڕانی ئەوتۆی بەسەردا هاتووە. لە کۆمەڵی جێماوی ڕۆهەڵاتی ناویندا، منداڵ ڕوو لە

زانست ناكات و گیانی دەستپێشخەریی تێدا نییە. چونكە وەك ڕۆماننووس (تركي الحمد) دەڵێت:

«لە خێزان و قوتابخانەدا، یان لەنێو كۆمەڵدا بەگشتی، مادام مێنتەلێتیی باو مێنتەلێتیی لاساییكردنەوە و شوێنكەوتن بێت، ئەوا مێنتاڵ و بیركردنەوە و دەستپێشخەریی ئازاد، لە قەدەغەكراوەكانن، ئەگەر نەڵێم لە ڕیزی حەرامەكاندان. بۆیە بەبێ كرانەوەی ئاوەزی خێزان و گۆڕان لە شێوازی پەروەردە و قوتابخانەدا، ئاوەزی منداڵیش گەشە بەخۆیەوە نابینێت... من هنا يبدأ التغيير، ص ١٣٤.»

بەگشتی، خێزانی كوردەواری وەهای بۆ چووە، گوایە منداڵ نەفامە، بۆیە پاشكۆی دایك و بابێتی. واتە لەم ڕووەوە دەبێت هەردەم چاویان لەسەری بێت. لە كاتێكدا زانست ئەوەی سەلماندووە، كە منداڵ چاك دەفامێت و بناغەی كەسیەتیی تاك لە تافی منداڵیدا، لە پێنج ساڵی یەكەمی تەمەنیدا بەتایبەتی دەڕسكێت و بنج دادەكوتێت.

لە ڕۆئاوادا منداڵ خاوەنی كەسیەتیی سەربەخۆی خۆیەتی و هەموو منداڵێك، هەر ئەوەندەی زمانی گرت، ئیدی پێ دادەگرێت و ئەم دوو ڕستە كورتەی بەسەر زارەوەیە: «خۆم بڕیار دەدەم. من وای بۆ دەچم.» دیارە ئەگەر منداڵێك لەو تەمەنەوە، خۆی بڕیار بدات و بۆ پرسەكانیش دیدی خۆی هەبێت، دیارە وەختایێ گەورەیش بوو هەر لە بڕیاردانیدا سەربەخۆ دەبێت، نەك دەرویش و شوێنكەوتە و لاولاو ئاسا لە دەوری قەدوباڵای ئەم و ئەو بئاڵێت. لێرەوە، گەرەكە ئەدەبیاتی منداڵان، توێژی منداڵ بخاتە سەر ڕێی سەربەخۆبوونی كەسیەتی. گیانی دەستپێشخەری و پشت بەخۆبەستنی تێدا بڕوێنێت. تاكو هەرچی زیاتر پشت بكاتە غەیب و ڕوو بكاتە زانست.

دەكرێت كۆواری منداڵان بەهۆیەكی ڕاگەیاندنی نووسراو بژمێرین، كە كاریگەریی لەسەر پەروەردە و فێركردن و چێكردنی كەسیەتیی منداڵ هەیە. ڕەنگاوڕەنگە، هەمەڕەنگ و بابەتە. هەفتانە، یان مانگانە گۆڕانی بەسەردا

دێت. لە گۆڕانکارییە بەردەوامەکانی کۆمەڵگە، زانست، هونەر و ئەدەب و زانیاریی گشتی منداڵ ئاگەدار دەکات. بەشێک لە کاتی بێکاریی لێ گل دەداتەوە. یارمەتیی دەدات داتایەک لە زانیاریی گشتی لەلای خۆی لەسەر یەک کەڵەکە بکات، کە دواتر لە ژیانی ڕۆژانەیدا پێویستیی پێیان دەبێت و دەگەڕێتەوە سەریان.

گەرەکە کۆواری منداڵان دیدێکی نیشتمانی و ئینساندۆستی هەبێت. زانستیی ڕەچاو کردبێت. هانی توێژی منداڵ بدات بڕوای بەتواناکانی خۆیان هەبێت و پەرەیشیان پێ بدات. لایەنە ڕوون و گەشەکانی کولتووری میللەتەکەی بە منداڵ بناسێنێت. کۆوارێک بێت، بەمکۆمی منداڵ بەواقیع و بەمێژووی گەشی گەلەکەیەوە ببەستێتەوە. ئاستی فەرهەنگیی منداڵ لە هەموو ڕوویەکەوە سەربخات. چەند لە توانادا بێت لە داهێنان و ئاستی پێشڤەچوونی جیهان ئاگەداری بکات.

دەکرێت وەک سەرەتایەکی بەهێز بۆ ڕاهاتن لەسەر پرۆسەی خوێندنەوە حیسابی بۆ بکەین. وەک دەستپێکی خوێندنەوە و هەنگاوی یەکەم بەرەو بەردەوامی بۆی بڕوانین. چونکە ئەگەر منداڵ ئاشنایەتیی لەگەڵ کۆوارێکدا پەیدا کرد، ئیدی هەفتانە بێت، یان مانگانە، لە کاتی خۆیدا، بەشەوقەوە چاوەڕوانی گەیشتنی دەکات. بۆیە کۆواری منداڵان:

ژینگە، بە درەخت و گیاندار و کانیاو و... تاد لەلای منداڵان خۆشەویست دەکات.

زمانی گفتوگۆ و زمانی نووسینی پێشدەخات.

دەیبەستێتەوە بە خاک و گەلی خۆیەوە.

دەیخاتە سەر ڕێی بیرکردنەوە و داهێنان.

ئاستی زانیاریی بەرز دەکاتەوە.

ناهێڵێ کاتی بەفیڕۆ بچێت.

خەیاڵی فراوان دەکات.

یارمەتیی دەدات، بیری نیشتمانی لەلای چەکەرە بکات و بەتەنگییەوە بێت.

زمانی نووسین و گفتوگۆی منداڵ پێشدەخات و لە ڕووی سامانی زمانەوە، دەوڵەمەندتری دەکات.

## میهرەجانی خوێندنەوە

میهرەجانی خوێندنەوە، دەشێ لەلای خۆتەوە ناوی خوێندنەوەی گرووییشی (القراءة الجماعية) لێ بنێیت. دەکرێت قوتابخانە بنەڕەتییەکان ساڵانە چەند جارێک میهرەجانی لەم شێوەیە بەڕێوە ببەن. لە کەشوهەوایەکی شادی ئاهەنگسازیدا، بەسەدان منداڵ لە قوتابخانە کۆ دەکرێنەوە و بەپێی تەمەن (٥ – ٧) ساڵان بەجیا (٧ – ٩) ساڵان بەجیا و بەو شێوەیە. ئەوجا هەر گرووپەک و لە هۆڵێکدا کۆ دەکرێنەوە. ئەو منداڵانەی، کە توانای وتاربێژی و دەموپلی حیکایەتخوانییان هەیە چیرۆک دەگێڕنەوە، یان مامۆستایان بەپێی تەمەنی ئەو منداڵانە چیرۆکیان بۆ هەڵدەبژێرن و بەدەنگی بەرز بۆیان دەخوێننەوە، یان بۆیان دەگێڕنەوە.

حیکایەتخوان لە تافی چیرۆک خوێندنەوەدا، یان گێڕانەوەدا، بەپێی هەلومەرجی ڕووداوەکان، تۆنی دەنگی خۆی دەگۆڕێت، گا نەرم و گا زبر و توورە، گا بە زمانی پاڕانەوە و گا بە زمانی هەڕەشە. دەکرێت زمانی جەستەیش بۆ دەوڵەمەندترکردنی دۆخەکە بخرێتە کار. ئەم دۆخە ئاهەنگسازییە بەهاریکاریی ڕووناکی و مۆزیکی وێناکاری و دیکۆر و ئیفێکتەکانی دەنگ بەڕێوە دەچێت و کەشوهەوای شانۆییی هەیە. بەم پێیە بەرجەستەتر و دڵگیرتر و زیندووتریش، چیرۆکەکە پێشکێش بە منداڵان دەکرێت.

دوای خوێندنەوەی چیرۆکەکە، نۆرە دێتە سەر ڕۆڵی منداڵان. ئەوان دابەش دەبنە سەر چەند گرووپەک و لەوێدا توانا و کارامەییی خۆیان دەنوێنن. ئەوەی ئارەزووی لە نواندن بێت، ئەوا ڕۆڵی یەکێک لە قارەمانەکانی ئەو چیرۆکە

دەگێڕێت و ئەوەیشی دەستی وێنەکێشانی هەبێت وێنەی قارەمانەکان یان وێنەی ئەو کەشوهەوایەی لە خەیاڵیدا سەبارەت بەو چیرۆکە بەرجەستە بووە دەکێشێت. هەمووشیان دەبنە بینەری چالاکییەکان.

ئامانج لە گرێدانی ئەم جۆرە میهرەجانە بە پلەی یەکەم پەرەپێدانی فەرهەنگە لەنێو توێژی منداڵاندا. هەروەها هانی منداڵان دەدات لە دەرێی کتێبەکانی قوتابخانە، پەرە بەخوێندنەوە بدەن. ئەم میهرەجانە هەر خوێندنەوەی ڕووتیش نییە، بگرە گەلێک چالاکی تریشی تێ دەکەوێت، کە پرۆسەی خوێندنەوە لەلای منداڵ شیرین دەکات. چونکە بەهونەرەکانی نواندن و وێنەکێشانەوە گرێ دراوە. لە خۆیدا جۆرێکیشە لە گەمە. وێڕای ئەوەی منداڵان لەم دۆخەدا وەک هاوڕێ و ئاشنا تێکەڵ بە کۆڕی گەورەکان دەبن. ئەم چالاکییە، زمانی منداڵی پێ دەوڵەمەند دەبێت. لێرەدا منداڵ بەسەر باڵی خەیاڵەوە بۆ زەمەنە کۆنەکان دەفڕێت، یان بۆ زەمەنی داهاتوو گەشت دەکات، ئەگەر چیرۆکەکە (خەیاڵی زانستی: ساینس فیکشن) بێت. لێرەدا بەهیچ جۆرێک کتێبە باوەکانی پرۆگرامی قوتابخانە بەکار ناهێنرێت. ئەوانەیشی وا چیرۆکەکان دەخوێننەوە، یان دەگێڕنەوە، منداڵان خۆیانن، یان مامۆستاکانن، واتە کەسانی خۆبەخشن.

دەکرێت ساڵانە چەند جارێک ئەم میهرەجانە لە کتێبخانە گشتییەکانی شارەکاندا بەڕێوە بچێت و قوتابی لە چەند قوتابخانەیەکەوە تێکەڵ بەیەک بکرێن، تاکو لەوێدا یەکتر بناسن. جێی وتنە میهرەجانی خوێندنەوە بۆ منداڵان، لە دنیادا باوە و گەیشتووەتە هەندێک لە وڵاتانی کەنداویش.

بەشی چوارەم

# گێڕانەوەی بەهای خوێندنەوە

## خوێندنەوە، وەک چەمکێکی ڕەخنەگرانە

ئەگەر باس لەسەر دەقی ئەدەبی، واتە خەیاڵ (فیکشن) بێت، بەهەموو ژانرەکانیەوە، ئەوا دەبێت بڵێین جیاوازییەکی فرەیان لەگەڵ دەقەکانی تری ناخەیاڵدا (نەنفیکشن) هەیە؛ بەوەی دەقە خەیاڵییەکانی وەک چیرۆک و شیعر و ڕۆمان، ئەمانە فەنتاسیا، دەمامک، گەمەی زمان و ئاماژەیان تێ دەکەوێت. جاری وا هەیە نێرینی سۆفییانە و هزری فەلسەفییانەیان ئامێتە دەبێت. بۆیە دەهێنێت و لە جێیە بەپێی جیاوازیی ئاستی خوێنەر، خوێندنەوەی جیاوازیشیان بۆ بکرێت. بۆی هەیە خوێنەران بۆچوون و ئەنجامگریی جیاوازیش لەمەڕ واتای ئەو دەقانە بەدەستەوە بدەن؛ وەک ئەوەی ئەو خوێنەرانە هەریەکەیان لەلای خۆیەوە دەقێکی تری جیاوازی خوێندبێتەوە، نەک هەمان دەق. چونکە خوێندنەوەی دەقەکانی خەیاڵ، پێشینە و شارەزاییان دەوێت. پاشخانی بەرزی فەرهەنگییان گەرەکە. خۆ ژانری ئەدەبیی بە فەنتاسیا ڕازاوە، دەقی یاسا نییە، تا تەنیا یەک لێکدانەوە هەڵبگرێت و لە تەواوی دادگەکانی وڵاتدا وەک یەک مامەڵەی پێ بکرێت.

خوێنەر هەیە دەتوانێت بچێتە بنج و بناوانی ئەو کتێبە، یان ئەو بابەتەی دەیخوێنێتەوە و لەلای خۆیەوە بینای نوێی لەسەر هەڵبچنێت. بیرت بێت، هەموو بەرەو پێشچوونێک لە پرۆسەی خوێندنەوەدا هەڵکشانی توانای

زەینیشی بە شوێندا دێت. (د. جبريل حسن العريشي) لە کتێبەکەیدا (ماهي أسباب هجر القراءة؟) ئاوا پێناسەی خوێندنەوە دەکات: «خوێندنەوە کردەیەکی ستراتیجییە، بەهۆیەوە واتا بنیات دەنرێت. ئەمەیش لە ڕێی کارلێکی دینامیکی نێوان خوێنەر، بەو مەعریفەت و شارەزاییەوە، کە هەیەتی، لەگەڵ دەق بەو زانیاری و بیرۆکانەوە، کە لە خۆیدا هەڵی گرتووە... ص. ٣٧»

خوێنەر گەرەکە لە ئاستی دەقدا بێلایەن بوەستێت. خوێنەری هەتەریش (جدی) ئەو کەسەیە کە لەگەڵ دەقدا دەکەوێتە گوتوبێژ، بەتایبەتی لەگەڵ دەقە بەپێزەکاندا.

ئێستا، خوێندنەوە بووە بەچەمکێک، توێژەران بە زۆری بەکاری دێنن و ڕەهەندی نوێیان پێ داوە. لەلای ئەوان گۆشەنیگای جیاواز دەگەیێنێت. ئێمە بەو پێیە مامەڵە لە تەک دەقی ئەدەبیدا (شیعر، ڕۆمان و چیرۆک) دەکەین، کە دەقگەلێکی جیوەیین و بۆیان هەیە چەندان لێکدانەوەی جیاواز هەڵبگرن. واتە ناکرێت ئێمە وەک تەنێکی بێ گیان تەماشای دەق بکەین و هەموو لایەکمان چوونیەک ببینین. بەڵکو بەپێچەوانەوە. دەق بنیاتێکی بەیەکداچرژاوی زیندووە. ژیان و جووڵەی تێدایە و دەشێ هەر توێژەرێک لە گۆشەنیگای ڕەخنەگرانەی خۆیەوە بۆی بڕوانێت و جیاواز بیخوێنێتەوە. لەم ڕووەوە، تۆدۆرۆف پێی وایە «دوو دیدی جیاواز بۆ تاکە ڕووداوێک، کارێک دەکات وەک دوو ڕووداوی جیاواز بەدیار بکەوێت.»

وەک چۆن جێی مشتومڕ نییە، کە نووسەر دەق بەرهەم دێنێت، ئەوا بەپێی نێرینی ئێستەکانە بۆ ئەدەب، خوێنەریش دەق بەگەڕ دەخات و بۆ خۆی نووسەری دووەمیشە. خوێنەری نموونەییش، ئەو کەسەیە، دێت جارێکی تر دەقە خوێندراوەکە بەرهەم دێنێتەوە. نووسەر بریا و خۆزیایەتی، خوێنەری لەم جۆرە ڕوو لە دەقەکانی بکەن، کە لێکدانەوەیەکی تری خۆیان بۆ بەرهەمەکەی هەبێت، غەیری ئەو نیازەی ئەو هەیبووە. نووسەر پێی خۆشە خوێنەری وای هەبێت بتوانێت ئەو بۆشاییانەی بە هەر سەبارەتێکەوە بووبێت بەجێی هێشتوون ئەو بە وشە، وێنە و هزری داهێنراوی خۆی پڕیان بکاتەوە، تاکو

ببێـتـە بەهاوبەشی، نـەک تەنیـا ڕێبـوارێک بێت، ڕەوتەنی و ڕاگـوزەر بەلای بەرهەمەکەیدا تێپەڕێت و پانۆڕامایی چاوێکی خێرای پێدا بگێڕێت.

(د. محـمد بن شدید البشری) پێی وایە: «خـوێندنەوە پرۆسـەیەکی ئەقڵییـە، شـیکردنەوەی ئەو هـێمـایانەیش دەگرێتـەوە، کە خـوێنەر لـە ڕێی چاوەکانیـەوە وەریـان دەگــرێت. ئـەم پرۆســـەیە پێــویســـتی بـەتێگەیشـتن لە واتـاکـــان و بەســتنەوەیـان بە شــارەزاییی تاکـەوە هـەیە. هـەروەها پێـویســتی بە چـەندان کردەی دەروونی و ئەقڵی هـەیە، کە تا ڕادەیەکی زۆر ئاڵۆزن.»

لێـرەوە، پرۆســەی خـوێندنـەوە ناکـاتـە لێکدانـی پیت، وشــە، ڕســتــەکـان و گـرێدانیـان بەیـەکـەوە، تاکـو دەق ببـێت بـەخـاوەنی واتا. بگرە تاوتووکـردنی زیرەکـانـەی دەق دەگـرێتــەوە، تاکـو ئێـمـە بزانین ئـەو دەقـە لەبن دێر و پشت دێرەکـانیشـییـەوە، چ واتاگەلێکی فـەلسـەفیـی کۆن، یان نوێی لەنێو خـۆیدا شـاردووەتەوە. تـاکو ئێمـەی خـوێنەر لای خـۆمـانـەوە هـەوڵ بدەین بیـانبـەینەوە سـەر بناوانە ڕەسـەنەکـەی خۆیان. بـەم پێیـە ناکـرێت دوو خـوێنەر ڕۆمـانێک کوتومت وەک یەک بخـوێننەوە و یەک واتای بـەبالا ببڕن. چونکە دەقی بەپێز و زیندوو ئـەوەیە لە تەئـویلێک پـتـر هـەڵبگرێت. دوای ئـەوەیش ئەو دوو خــوێنەرە، هـەریەکـەیان بەکەرەسـتـە و دیدی جیـاوازەوە بەرەوڕووی ئەو دەقـە دەبێـتـەوە. کەواتە دەشێ بڵـێین، هـەر دەقـێکی زیندوو دەکرێت هێندەی ژمـارەی خـوێنەرە ڕووناکبیرەکان خوێندنەوەی جیاوازیشی بۆ بکرێت.

بەم پێودانگە، خـوێندنەوەیش لە پرۆسـەیـەکی مـیکانیکیی وشـک و برینگەوە دەبێتە پشکنین و ڕۆچوون بەنێو تەواوی پێکهاتەی دەقدا. (د. البشری) دەڵێت: «خـوێندنەوە توانای وروژاندنـی پرسـیـارە لەمـەڕ ئـەو بابـەتەی خـوێنراوەتەوە. هـەروەها پێناسـەی خوێندنەوەیش گۆڕانی بەسـەردا هـاتووە. ئێسـتا وەهـا سـەیر دەکــرێت، وەک ئەوەی پرۆســـەی لـە نوێ بـنیـــاتـنانەوەی ئـەو بابـەتە بێت کـــە خوێنراوەتەوە.»

خــوێندنەوەی لـەم جــۆرەیش، بـەواتای بـەشــداریکردن لە داهێنـانـدا دێت.

خـوێنەر دەق کـەشف دەکـات، سـاغی دەکـاتەوە و دەیکاتـە خـاوەنـی واتا. هـەر خوێنەرێکیش بە پرۆگرام و توێشـوو و جیـهانبینیی خـۆیـەوە تێکەڵ بەو دەقـە دەبێت. خـوێنەران لە پـەیڕەوکـردنی جـۆری قـوتابخـانە و بیـر و بۆچوون و پاشخـاندا جیـاوازن. کەواتە ئەمـانە لە خوێندنەوەیشدا هـەر جیـاوازن. (محمد خضیر) دەڵێت:

«ئەگـەر خـۆم بەخـوێنەرێکی پیـشـەوەر (مـحـتـرف) زانیـبـا، ئەوا بەشـوێن نووسـەرێکی دڵخـوازدا (مـفـضـل) دەگـەڕام، تاکـو ئاواتی خـوێندنەوەمی پێـدا هەڵبـواسـم. ئەگـەر نووسـەرێکی بەتواناییش بـام، بەشـوێن خـوێنەرێکی باڵادا دەگەڕام تاکو گوێ بۆ ڕا و حوکمەکانی ڕادێرم.»

زۆر دەقـیش هـەن لە سـەروەخـتـی خـۆیـاندا ئەو بایەخـەیان پـێ نەدراوە و لە هـەر سـۆنگەیـەکـەوە بوویـێت، پشـتـگوێ خـراون. وەلـێ دواتـرێ، توێـژەران بە کـەرەستـەی نوێوە هـاتوون، تۆزی ڕۆژگـاریان لەو دەقـانە تەکـاندووە. بەچاوێکی تر و لە بانیژەی هزرێکی ترەوە بۆیان ڕوانیون. خوێندنەوەی جیاوازی وەهـایان بۆ کردوون، لە پاڵ دەقە هـەرە نایاب و زیندووەکاندا ڕیزبەندیان کردوون.

خـوێندنەوەی مـارکـسـیـیـانەی دەق لە هـیچ ڕوویەکـەوە لە خـوێندنەوەی سـایکۆلۆگییـانەی لەمـەڕ سیگمـۆند فرۆید ناچێت. کـەچی دەقی خـوێنراوەیش هـەر هـەمـان دەقـە. هـەروەک خـوێندنەوەی دەقێک لە ڕووی داڕشـتـەی زمـانەوە، گەلێک لـەم دوو جۆرە خوێندنەوەیـەیش جیاوازە. وێڕای ئەوەی، دەشـێ دەقێک، کە لە ئێستادا نووسراوە، بچێتەوە سەر چەندان دەقی پێش خۆی و لەگەڵیاندا تێهەڵکێش و ئاوێزان بووبێت.

ئیدی لەو دەمـەوە، کە تۆ دەست دەدەیتـە خـوێندنەوەی کتێبێک، لە تەک ئەو دێر و وشـانـەیدا، کـە بەردەوام بە پێش چاوتا تێ دەپـەڕن، لە گـفـتـوگـۆیەکی بێدەنگدای. لەگەڵ جـیـهـان و کـارەسـاتەکـانیـدا، تۆیش دەبیـتـە قـارەمـانێکی بەئـاگـا. لـە تەواوی پێـشـهـاتەکـانی نێـو ئەو ڕۆمـان، یان چیـرۆکـەدا، کـە دەیخوێنییەوە، دەبیتە بەشداریی نووسەری کتێب و هەر لەوێشەوە بەناسینی

شاد دەبێت. ئیدی ڕووداوەکانی کتێبی خوێندراوە، لە خانەکانی مێشکی تۆشدا چاپ دەبن و بن دەنێنەوە و دەبنە بەشێکی زیندوویش لە بیرەوەرییەکانت. کتێبی خوێندراوە، دەبێتە بەشێک لە کەلەپووری تۆی خوێنەر و لە کتێبخانە گەڕۆکەکەی مێشکی تۆیشدا چاپ و پارێزراو دەبێت. ئیتر تۆیش مافێکت بەسەر ئەو کتێبەوە هەیە. چونکە وەک ئەمانەتێک، کۆپییەکی لەلای تۆیش ئەمبار کراوە.

خوێنەر لە دۆخی وەهادا، تاکێکی چالاک، هۆشیار و بەئاگایە، پێوەندیی ڕاستەوخۆ بەزانستەوە گرێ دەدات. ئەمەیش واتای ئەوەیە، کە ئەو یەکسەر پێوەندی بەمێنتاڵ و ئاوەزی تاکە زانا و داهێنەرەکانەوە گرێ دەدا. بۆیە ئەو تاکەی بخوێنێتەوە، گەشەی بەرچاویش لە شێوەی گوزارشت و زمانی گفتوگۆ و هزردا بەخۆیەوە دەبینێت. کەواتە ئەوی خوێنەر، لە دەستەبەرکردنی کۆمەڵگەیەکی هۆشیاردا دەبێتە بەشدارێکی کارا. ئیدی ئەوی خوێنەر بەتەواوی بڕوا بەخۆبوونەوە، توانای بەرەوڕووبوونەوەی هەڕەشە جدییەکانی دەبێت، لەهەر لایەکەوە دەربکەون. لێرەوە شیمانەی دەرکەوتن و هەڵکەوتنی نەوەیەکی نوێ، لە نووسەر، هزرڤان، هونەرمەند و ڕووناکبیریش، لەنێو ڕیزی ئەو خوێنەرە جدییانەدا هەیە.

بۆ ئەوەی هەوڵ و کۆششت بەفیڕۆ نەچێت، تۆ دەبی بزانیت بۆ کامە ئامانج و لە پێناوی چیدا دەخوێنییەوە. هەر بۆ خۆشی و کات بەسەربردن، یان بەو مەبەستە دەخوێنییەوە، ئەوەی وا فێری بوویت، لەسەر زەوینەی واقیع پیادەی بکەیت؟ ئاخۆ تۆ بەشوێن کامە بەها و ئامانجدا ئەم کارە دەکەیت؟ تۆ دەبێت ئامانجت تەواو ڕوون بێت. ئەگەر تۆ خوێندکار بیت دیارە مەبەستت چییە. لەو دۆخەدا گەرەکە تۆ بەوردی بخوێنییەوە. دوای خوێندنەوەیش، توانای تێگەیشتنی خۆت تاقی بکەیتەوە. تۆ دەبێت لە نێوەڕۆکی کتێبەکە باش حاڵی بوو بیت و تەواوی خاڵە گەوهەرییەکانیت لەلای خۆت دەستنیشان کردبێت. هەروەک دەشێ ئامانجت لە خوێندنەوە، ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی زانستی بێت، یان مەبەستت بێ کتێبێک هەڵبسەنگێنیت.

هەرچۆنێک بێت خـوێندنـەوە جۆرە کـارامـەیی یان مـەعـلانیـیـەکـە (Skill)، بەدرێژەپێـدان و ڕاهێنان و پیـادەکـردن، پەیدا دەبێت و پێش دەکـەوێت. هەتا کـارامـەتر بیت، ئەوا توانای وەرگرتن و ئەمـبارکردنی زانیـارییـەکانیـشت پتر هەڵدەکشێت. ئەگەرهـاتوو وشەیەک، ڕسـتـەیەک یان بڕگەیەکت لێ عـاسی بوو، نائومێد و دوودڵ مەبە. هەموومـان وەهـاین. قامووسی بەشـوێندا بگەڕێ، یاخۆ پرس بەکەسێکی لە خۆت شارەزاتر بکە. دەق هەتا لە دوو توێی کتێبدا قەتیس مـابێت، ئەوا وەک ئەوەیە خـۆڵی مـردووی بەسـەردا بێژرابێت، خـامـۆش و بێ سرتە و جووڵەیە. پێت نامۆیە. دواتر بەخوێندنەوەی دەق، ئەوجا بەرگی وتاری بە بەردا دەکـەیت و ئەمجا وەک وتـار بەخۆتی خوێنـەری دەناسێنی. دەشـتوانی وتاری لە دەور بهۆنییەوە.

دیارە خــوێندنـەوەیش بـەپێی تـوانا و ئـاســتی خــوێنـەر، جــۆر و ئاســتی جیـاوازیشی هەیە. خوێندنەوەی سەرەتاییی خێرا، یان چاوپێداخشـاندن تەنیا بۆ ناسـینی دەق. پـاشـان نۆرەی خـوێندنەوەی دووبارەی قـووڵ دێت، بەنیـازی پشکنین و گـەڕان لە دووی واتـا و هێـمـا شـاردراوەکـان، کـە پێـویســتـیی بەخۆئامـادەکردن و مێشک سـافی و چڕکردنەوەی زەین (Concentration) لە دەوری دەقدا هەیە.

کـتـێب لە خـۆیدا دەق یان دەقگەلێکی ناکـامـڵـە، تا ئـەو دەمـەی خـوێنەری بەدەربەسـتی لێ پەیدا دەبێت و بەوردی دەخـوێنێـتـەوە و پرسـیـاری لە دەور دەورووژێنێت. بۆشاییەکانی پڕ دەکاتەوە و پێشنیـازی نوێی بۆ زیاد دەکات و بەپێی میتۆد و زەوینەی فەرهەنگیی خۆی دەینرخێنێت.

لە تافی خوێندنەوەدا جیـهـانی نووسـەر و جیـهـانی خـوێنەر، کـە دوو دنیـای جیـاوازن، بـەریەک دەکـەون. خـوێنەر بـەتێگەیشتن لە هێـمـاکـانی تێکست، ئەو دەقـە دەکاتە خـاوەنی واتا. لێـرەوە دەکرێت بڵـێین: هێندی ژمـارەی خـوێنـەرە بەدەربەسـتـەکان، واتاکانیش لە گۆڕاندا دەبن. بەو مانایەی چەمکی واتایش لە خــۆیدا ڕێژەییــیــە. هەر نـووســراوێکیش ئـەگــەر تێـی نەگــەیشــتـین، ئەوا تایبەتمـەندێتیی دەق لە دەست دەدا. چونکە تۆ وەختـایێ دەقێک دەخوێنیتەوە،

دەبێت لەگەڵ نووسەرەکەیدا بکەویتە گفتوگۆی بەرهەمهێن و بەسوود. دیارە ئەم کردەیەیش بەبێ تێگەیشتنی تەواو لە نێوەرۆکی دەق ڕوو نادات. ئەگەر ئێمە دەقێکمان خوێندەوە و تێی نەگەیشتین، ئەوا لە دۆخی وەهادا، دەشێ ناوی لێ بنێین: زرەخوێندنەوە.

دەکرێت بێژم: خوێندنەوە خۆماڵیکردنی دەقە (تأمیم النص). بەو واتایەی تۆی خوێنەر، دەیکەی بەموڵکی خۆت. لە کاتێکدا پێشتر، بەر لەوەی بیخوێنییەوە، نەک هەر موڵکی تۆ نەبوو، بگرە پێیشی نائاشنا بووی. چونکە تۆ لەگەڵ ئەو ئاوەزە بەرهەمهێنەدا نەکەوتبوویتە گوتوبێژ. وەلێ پاش خوێندنەوە، لێی بەهرەمەند دەبیت و لە بیرەوەریی خۆتیشدا دەیپارێزیت. هەردەمێکیش پێویستیت تێی کەوت، ئەوا بەئاسانی دەگەڕێیتەوە سەری.

(مارک ئادەمسن) دەڵێت: پێویستە ئەو ڕەخنەگرانە لە خوێندنەوە بوەستن، چونکە، پیادەکردنی ئەو ڕەخنەیەی ئەوان، ئەدەبی گەیاندووەتە دۆخی وشکبوونەوەی داهێنان. بەڵام ئەوە چ جۆرە خوێندنەوەیەکە، کە دەبێت هەموو ئەوانەی لە ئەدەب دەکۆڵنەوە، لە پیادەکردنی بوەستن؟ (ئادەمسن) لە وەڵامدا دەڵێت:

«ئەو جۆرە خوێندنەوەیەی، کە میکانیزمی پراکتیزەکردنی تیۆری و پرۆگرامە حازربەدەستەکانی وەرگرتووە. ئەو خوێندنەوانەی، کە بۆ نووسینی دەقی ڕەخنەیی لەسەر دەقە داهێنراوەکان، پرۆگرامەکانی مارکس، میشیل فوکو، جاک دریدا، یاخۆ فرۆید و ئەوانی تریان پەیڕەو کردووە، بێ ئەوەی مەعریفەیەکی ڕاستەقینەیان لێ بەرهەم هێنابێت. بێ ئەوەی خوێندنەوەیەکی ڕاستیان بۆ دەقە ئەسڵییەکان کردبێت، بێ ئەوەی کەشفی یەک داهێنانیشیان لەو دەقانەدا کردبێت. ئەو جۆرە خوێندنەوانە، بۆ بەرژەوەندیی پێوەندییەکی تەوتەمی لەگەڵ ڕەمزەکانی دەزگە ئەدەبییە باوەکەدا ئازادییان لە دەست داوە و دەستبەرداری داچڵەکین (دهشة) بوون... بڕوانە: مارك إدمسون، ضد القراءة»

لام وایە، زۆرینەی خوێندنەوە ڕەخنەییەکانی ئێستای کوردستانی باشوور، لە بۆ دەقە کوردییە داهێنراوەکان، لەم جۆرە خوێندنەوەیەیە، کە ئادەمسن ڕەتی دەکاتەوە. لە ڕاستیدا ئەو خوێندنەوانەی، کە توێژەرانی کورد دەیکەن، زیاتر بۆ سەلماندنی تیۆرییەکانی ئەو ناوە جیهانییانەیە، کە هیچ پێویستییان بە ئەرێ و دەنگدانی ڕەخنەسازیی کورد نییە، یان مەبەست لە نووسینیان، زیاتر پراکتیزەکردنی ئەو تیۆرییانەیە، نەک خوێندنەوەی دەقە کوردییەکان خۆیان.

هەر دەقێکی ئەدەبی پێویستی بەخوێنەر هەیە بەسەری بکاتەوە. ئەوە خوێنەرە، کە ددان بە قەوارەی دەقدا دەنێت و ئیعتیرافی پێ دەکات. لێرەدا گرینگیی ڕۆڵی خوێنەر وەک حەقیقەتێک بەدیار دەکەوێت. چونکە ئەوە خۆیەتی، کە بوونی دەق دەسەلمێنێت. ئەگەر دەق بەئامێرێک بچوێنین، ئەوا خوێنەری دروست ئەو کەسەیە، کە ئامێرەکە بەگەڕ دەخات. وەختایەک بەگەڕی خست ئەوجا توانا و بۆشاییەکانی ئەو ئامێرەشی بۆ ڕوون ببێتەوە.

خوێنەر زنجیرەیەک ڕستە دەخوێنێتەوە، کە هەریەکەیان بە ڕستەی پێش و دوای خۆیەوە گرێ دراون و لە ڕووی فۆرم و واتاوە تەواوکاری یەکترن. بەو پێیە، بەرە بەرە ماناکانی لێوە بەدیار دەکەون. کاتێکیش لێ بووەوە، لە زەینی خۆیدا دەقەکە شکڵگیر دەکات. گیانی بە بەردا دەکات و پەیکەری ئەو چیرۆکە، یانیش ئەو ڕۆمانەی ڕوونتر لەلا وێنا دەبێت. بەپێی ئاستی فەرهەنگ و پاشینەی خۆی، مەبەست، یانژی واتا و پەیکەری دەقەکە هەڵدەسەنگێنێت و بەبالای دەبڕێت. واتە ئەوی خوێنەر، وەک ئەوەی نووسەری دووەمی دەق بێت، دێت دیسان ئەو وێنە و ڕستە و پەرەگرافانە پێکەوە گرێ دەداتەوە. ئەو وزەیەی، کە تێیدا پەنهانە پەردەی لە ڕوو هەڵدەماڵێت. بە دیاری دەخات و لێکی دەداتەوە.

دەشێ هەمان خوێنەر ئەگەر بۆ جاری دووەم هەمان دەق بخوێنێتەوە، بەجۆرێکی تر هەڵی بسەنگێنێت. واتە ڕای لەسەر واتا و ساختمانی دەقەکە گۆڕانی بەسەردا بێت. دەشێ بڵێین خوێندنەوەیەک نییە بتوانین پێی بڵێین،

ئەمـەیان کۆتاییی خوێندنەوەکانە و توانیوێتی سـەد لە سـەد دەق بنرخێنێت و پەی بە تەواوی نهـێنییـەکانی ببـات. بـەواتایەکی تر، دەشێ بڵـێین: گـشت خوێندنەوەکان ڕێژەیین.

«خـوێندنەوەی دەق پرۆسـەیەکی دەسـتبژێرە (إنتقائي). ئەو وزانەی لە دەقدا پەنهـانن، بوار بـۆ خـوێندنـەوەی ناکـۆتـا بە هـەر تاکـێک دەدەن. خـوێندنەوەی دووەم جاری پارچەیەکی ئەدەبی، بۆچوونی جیـاواز لە خـوێندنەوەی یەکەم بە خــوێنـەر دەدات. لەوانەیە ئەم دیاردەیە لە ســۆنگەی جـیــاوازیی بارودۆخی خــوێنەرەوە بێت. لەگـەڵ ئەوەیشــدا، دەق فـرەڕەنگیی لە جـەســتـەی خـۆیدا هـەڵگرتووە. لـە دووەم خـوێندنەوەدا، شـتـەکان بەشـێوەی نوێ بەدیار دەکەون. ڕەنگە شـتگەلی تر هـەبن دەوڵەمەندتر لە خـوێندنەوەی پێشـوو بنوێنن... بڕوانە: پرۆسـەی خوێندنەوە، وولف جانج آیزر، ترجمة: د. محمد سالم سعدالله.»

حـاڵی حـازر فـەرهـەنگی کـورد لە باشـووری کـوردسـتـان، لەسـەر یەک لاق ڕاوەستاوە، کە برێتییە لەو حەمکە کتێبەی ڕۆژانە بێ ناز دەکەونە نێو بازاڕی فــەرهـەنگەوە. لە کــاتێکدا دەبوو لەســەر سێ لاقـان ڕاوەســتــابا. بەڵام دوو لاقـەکەی تری، کە برێتین لە خـوێنەر و توێژەر، دەکرێت بڵـێین بزرن، یان وەک تارمایی ناوبەناوێک بەدیار دەکەون و لە نرخی نەبووانن.

## کولتووری خوێندنەوە و ئامار

ئێـمـە لە بواری خـوێندنەوەیشـدا هیچ داتا و ئامـارێکمـان لە بەردەسـتدا نییـە. کــەواتە هـەر ژمــارە و ڕێژەیەکـیش لێــرەدا بەیان بکەین دەچێـتــە خـــانەی مـەزندەکردن و خـەمـڵاندنەوە. ئێـمە نـازانین سـاڵانـە چەند کتێب لە کتێبخـانە گـشـتـییـەکانی هـەرێم دەخـوازرێت. کـۆی گـشـتـیی کـتـێب لە کـتـێـبخــانە گشتییەکانی هەرێمدا چەندە؟ دەزگەکانی چاپ و پەخشیش نازانن تێکڕای کــتــێب بەرانبــەر ژمـــارەی هـاووڵاتیـــان چـەندە. بـەو واتایـەی داخــۆ هـەر هاونیشـتمـانییـەک لە کوردسـتـان تێکڕای سـاڵانە، چـەند کـتـێب دەخـوازێت و دەخوێنێتەوە؟

بۆ نموونە، کتێبخانە گشتییەکانی کۆمۆن لە دانیمارک، لە کڵێساکان جەنجاڵترن. ڕۆژانە خەڵکێکی زۆر لە خانەنشین، لاوان و منداڵان، بەخاوەن پێداویستییە تایبەتییەکانیشەوە ڕوویان تێ دەکەن. لە کتێبخانەکاندا، وێڕای کتێب، ڕۆژنامە و کۆواری هەمەڕەنگیش هەن. هاونیشتمانی دەتوانێت سیدیی مۆزیک و گۆرانی و فیلمی خۆماڵی و بیانیش بۆ ماوەی هەفتەیەک بخوازێت. کتیبەکانیش ئاسایی و کتێبی بیستراون. کتێبخانەکان لە هۆڵەکانی خۆیاندا پێشانگەی شێوەکار بۆ لاوانی گەڕەک ڕێک دەخەن. زۆرجاران هەر لەوێدا کتێب و کۆوار بەنرخی ڕەمزی و داشکاو هەرزانفرۆش دەکەن.

بەپێی ئاماری فەرمی، لە ساڵی ۲۰۰۷دا، (۲۱۳, ٤۲٤, ۲٤) بابەتی منداڵان لە کتێبخانەکانی دانیمارک خوازراوە. هەمان ساڵ (۸۲۹, ۲۱٥, ٤۷) بابەت لەلایەن گەورەساڵانەوە خوازراوە. کۆی هەمووی دەکاتە (۰٤۲, ٦٤۰, ۷۱) بابەتی خوازراو. ئەم ئامارە ژمارەی ئەو کتێبانە ناگرێتەوە، کە لە کتێبخانەی قوتابخانە و پەیمانگە و زانکۆکاندا خوازراون. حەشیمەتی وڵاتی دانیمارکیش ئێستا نزیکەی (۰۰۰, ٤۰۰, ٥) کەسە. کۆی گشتیی کتێب لە کتێبخانە گشتییەکانی ئەم شانشینەدا. لە ساڵی (۲۰۰۰)دا، (٥۲۱, ۷٦۰, ۳۰) بابەت بوو. لە ساڵی (۲۰۰۷)دا، ئەم ژمارەیە بۆ (٥۹۰, ۸۹۲, ۲٥) بابەت دابەزیوە.

گریمان هەموو دانیشتوانی دانیمارک بە ورد و درشتەوە، لە یەک کاتدا بۆ کتێب و بابەت خواستن سەری کتێبخانە گشتییەکانیان دا. ئەوا لە یەکەمیاندا واتە، ساڵی (۲۰۰۰) یەکی شەش کتێب زیاتر و لە دووەمدا واتە، ساڵی (۲۰۰۷) یەکی پێنج کتێب زیاتریان بەردەکەوێت. ئەم ئامارەیش، ئەو ژمارە زۆرەی کتێب ناگرێتەوە، کە بە بەردەوامی لە هەموو بوارەکاندا ڕۆدەنرێن، یان وەردەگێڕدرێن و لە ڕێی کتێبفرۆشی و سوپەرمارکێتەکانەوە دەفرۆشرێن. لە شوێنێکی تری ئەم ئامارەدا، کۆی بابەتە خوازراوەکانی کتێبخانەکانی کۆمۆن (کتێبخانە گشتییەکان) بۆ ساڵی (۲۰۰۷) بەم شێوەیەی لای خوارەوە پۆلێن کراون:

زنجیرە بڵاوکراوە: ۲۱٦, ۰۱۹, ۳

بابەتی تر: ٢٦٢ , ٧٦٠

بابەتی مەلتیمیدیا: ٢٢٧ , ٠٧٧ , ٢

وێنەی زیندوو: ٣٩٢ , ٣٦٤ , ٥

موزیکی تۆمارکراو (سیدی): ٩٦٧ , ٩٣٩ , ١٠

کتێبی بیستراو: ٩٦٧ , ٩٣٩ , ١

کتێب: ٦٥٥ , ٣٦٦ , ٤٨

بەپێی ئامارێکیش کە لە ساڵی (٢٠٠٤)دا، ئەنجام دراوە، لە هەر پێنج منداڵی ئەم وڵاتە، چواریان سوود لە کتێبخانە گشتییەکان وەردەگرن. جێی وتنە کاتێک باوک و دایکان لەوێ، منداڵ لەگەڵ خۆیاندا بۆ کتێبخانە دەهێنن. بەرچاوم نەکەوتووە تەنیا یەک دانە کتێبیان بۆ بخوازن. بگرە ئەوان هەردەم چەند کتێبێک لە تەک خۆیاندا دەبەنەوە. چونکە کتێبی منداڵان بەچەند خولەکێک دەخوێنرێتەوە و پشووی هەفتەیش دوو ڕۆژە. لێرەدا نامەوێت کوردستان بە دانیمارک، کە یەکێکە لە وڵاتە هەرە پێشکەوتووەکانی دنیا بەراورد بکەم. وڵاتێک، ورد و درشتی دەخوێنێتەوە و لە هیچیان کەم نییە. بەڵام دەشێ مرۆڤ خەونی پێوە ببینێت و بپرسێت: بڵێی ڕۆژێک لە ڕۆژان کوردستانیش بگاتە ئەم ئاستە؟

شاری سلێمانی بۆ نموونە، کە خۆمان نازناوی پێتەختی ڕۆشنبیریی کوردستانمان پێ داوە، دەبووایە لە هەر گەڕەکێکیدا کتێبخانەیەکی گشتی هەبوایە. دەبوو وەک قوتابخانە و تیمارخانە. لە شارە دێیەکانیشدا کتێبخانە هەبووایە. زەمان بە خێرایی بەرەو پێشەوە تەکان دەدات، وەلێ ئێستایش زۆربەی ئەو سەرچاوە کوردییانەی، کە خوێندکاران بۆ نووسینی توێژینەوەکانیان سوودیان لێ دەبینن، لە حەفتایەکانی سەدەی بیستەمدا چاپ و بڵاو بوونەتەوە، کە ڕەنگە لە ئێستادا سوودێکی ئەوتۆ نەگەیێنن. مرۆڤی سەردەم، پێویستی بەسەرچاوەی نوێی ئەوتۆ هەیە، لەگەڵ ئەو هەلومەرجە نوێیەدا دەرببات و ڕێ بکات.

له حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا، دیوانی گۆران و مەحوی و نالی و... تاد بەهەزاران کۆپی چاپ دەبوون. ئەوسا کەمترین تیراژی کتێب، دوو هەزار دانە بوو. کەچی ئێستا، لەگەڵ هەڵکشانی حەشیمەتی ئەم هەرێمەیشدا، لەگەڵ ئەوەیشدا خوێندن بەزمانی کوردییە و نزیکەی دە زانکۆیشمان هەیە، کەچی گەلێک کتێبی بەنرخ دەبینی بە تیراژی پێنج سەد دانە چاپ کراون.

تۆ هەروا لێک بیدەوە، (٥٠٠) دانە کتێب بۆ نزیکەی شەش ملیۆن ئینسان، کە حەشیمەتی کورد لە باشوور پێک دێنێت. ئەگەر لە ئێستای باشووری کوردستاندا تیراژی کتێبێک لە نێوان ٥٠٠ تا ٢٠٠٠ دانەدا بێت، واتا ئەو بەرهەمە چاپ کراوە، تەنیا دەگاتە دەست توێژی دەستەبژێری خەڵک و بگرە کەمتریش. یەکێکیش لە نیشانە زەقەکانی بەجێمانی هەر دەڤەرێک ئەوەیە، کە کتێب تەنیا بەتوێژی دەستەبژێر تایبەت بێت. وەک ئەوەی ئەو توێژە هاتبێت کتێب و تەواوی پرۆسەی خوێندنەوەی مۆنۆپۆڵ کردبێت. لە کاتێکدا کتێب لە دنیای پێشکەوتوودا، کالایەکە بەجەماوەریی بووە. دەبوو لە کن ئێمەی کوردیش، کتێب کڕین وەک چوونە سەیران بووایە، هەموو لایەک بەدڵ ئارەزوویان بکردایە.

باشترین و کاریگەرترین ڕێگەچارەیەک بۆ ئەوەی تاک لە کۆمەڵی بەجێماودا بتوانێت لە هەژموونی سەرخێڵەکان و دەزگەکانیان ئازاد ببێت، ئەوەیە، کە لە دەرەوەی چواردیواری خێزاندا هەوڵی بە زانست و زانیاریی خۆچەکدارکردن بدات. ئەوەیش بزانە، کە وشە نەمرە. ئەگەر وشە لە مردن بێت، ئەوا زمانی نووسراویش بەخۆی و بەڕێزمانیەوە، بەتەواوی کاریگەرییەکانییەوە دەمرێت. وەلێ لە ئێستا و داهاتوویشدا وێنای کارەساتی لەم جۆرە ناکرێت و شیمانەی ڕوودانی نییە.

چینی ناوەڕاستی کۆمەڵ لەوانی تر زیاتر هەڵوەدای کتێب خوێندنەوەیە. تۆ لای خۆتەوە دەست لە چینی خواری خوارەوە بشۆ، کە لە ئێستادا زۆرینەی تاکە نەخوێندەوارەکان لەوانە. کەواتە هەتا چینی ناوەڕاست بنکە فراوان بێت، خوێندنەوەیش برەوی پتر دەبێت. بەڵام دەتوانم بڵێم، حاڵی حازر، لە

باشووری کوردستاندا، چینی ناوەڕاست بەرەو پووکاندنەوە و نەمان دەچێت. کەواتە خەڵک بەزۆری یان سەر بە چینی هەژاری کۆمەڵن یان خواپێداون، ئەمانەیش هیچ لایەکیان، لای ئێمەی کورد سەروساختییەکی ئەوتۆیان لەگەڵ فەرهەنگ و خوێندنەوەدا نییە.

لەو سۆنگەیەوە، کە ئێمەی کورد هێشتا بە فەرمی سەر بە وڵاتی عێراقین و ئەم وڵاتەیش بەحیساب هێشتا بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب. دروستە لەم بەستێنەدا خۆمان بەوان بەراورد بکەین، نەک بەوڵاتانی ڕۆئاوای خواپێداو. لە ڕاستیدا دۆخی کتێب و فەرهەنگ بەگشتی لە تێکڕای نیشتمانی عەرەبدا لە دۆخی باشووری کوردستان باشتر نییە. تاکو ئێستایش سەرچاوەی سەرەکی بۆ خوێندنەوە، لە تێکڕای باشووری کوردستاندا، کتێبی بە زمانی عەرەبی نووسراو، یاخۆ بۆ عەرەبی وەرگێڕدراوە. بەتایبەت لەلای دەستەبژێری کورد.

لەم نووسینەدا، زوو زوو جەخت لەسەر منداڵ و تافی منداڵی دەکەم، چونکە خوێندنەوە پرۆسێسێکە، بۆ ئەوەی ببێت بە کولتوور، دەبێت تاک لە منداڵییەوە لەسەری ڕابێت و خەدەی پێوە بگرێت. لەم ڕووەوە وەک ددان شۆرین و وەرزشکردن وەهایە.

ئامارەکانی نیشتمانی عەرەب دەڵێن: «منداڵی عەرەب، لە ساڵێکدا سەد لاپەڕەیش ناخوێنێتەوە، بەڵام منداڵێک لە ڕۆئاوا ساڵانە پەنجا کتێب دەخوێنێتەوە» هەموو وڵاتانی عەرەب پێکەوە، ساڵانە (٣٣٠) کتێب وەردەگێڕنە سەر زمانی عەرەبی. ئەم ژمارەیەش دەکاتە پێنجیەکی ئەوەی، کە بەتەنیا لە وڵاتی یۆنان وەردەگێڕدرێت، کە وڵاتێکی تا ڕادەیەک گچکەیە و ژمارەی دانیشتوانی لە دە ملیۆن تێ ناپەڕێت، لە کاتێکدا حەشیمەتی نیشتمانی عەرەب لە چارەکە ملیارێک لای داوە. لە ساڵی (٢٠٠٧)دا، لە وڵاتی دانیمارک، کە حەشیمەتی ناگاتە پێنج ملیۆن و نیو، (٩٢١) کتێبی چیرۆک و ڕۆمان وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی دانیمارکی. (٧٠٪)ی ئەم کتێبانە لە زمانی ئینگلیزییەوە وەرگێڕدراون. هەر هەمان ساڵ، لە هەمان ڕشتەدا (٦٩٤) کتێبی خۆماڵی چاپ بووە.

جارێکیان ڕووناکبیرێکی عەرەب لەمەڕ پرسی پێشانگەی کتێب و ڕەواجی کتێب بەگاڵتەجاڕییەوە نووسیبووی: «لە پێشانگەی قاهیرەی نێودەوڵەتیدا بۆ کتێب، هەموو شتێک دەفرۆشرێت بێجگە لە کتێب. هەر بۆ نموونە دەرمانی قەڵاچۆکردنی مار و مێروو!» جێی باسە بەپێی دواین ئامار، کە لە عەرەبستانی سعوودییەوە دەرچووە، بە دوازدە هەزار عەرەب کتێبێکیان بۆ خوێندنەوە بەردەکەوێت. پێم وایە حاڵی ئێمەیش لە حاڵی وڵاتانی عەرەب باشتر نییە.

لە کوردستاندا، کتێبخانەی گشتی لە شارە گەورەکاندا هەیە. وەلێ ئەم کتێبخانانە دەوڵەمەند نین. هەندێک نووسەر هەن لەم کتێبخانانە پتر کتێبیان لەلای خۆیان کۆ کردووەتەوە. بۆ نموونە کتێبخانەی ئەوقاف لە شاری سلێمانی، کە ڕەنگە دووەم گەورەترین کتێبخانە بێت لەو شارەدا، دوای کتێبخانەی گشتی، نزیکەی بیست و پێنج هەزار کتێبی تێدایە. ئەمەیش ژمارەیەکی کەمە بە بەراورد لەگەڵ کتێبخانەی شارە گەورەکانی دنیادا. سلێمانی شارێکە نزیکەی یەک ملیۆن هاونیشتمانیی تێدا دەژی و شارێکی خاوەن زانکۆیە، وێڕای چەندان پەیمانگە.

## کارامەیی لە پرۆسێسی خوێندنەوەدا

ئەمڕۆ زانیاری لە گشت بوارەکاندا بە لێشاو لەبەر دەستی مرۆڤدایە. مرۆڤی ئەم سەردەمە لە چاو ڕابوردوویەکی نزیکدا ئەوەندە پەرەی بە توانای زانستی و ئەدەبیی خۆی داوە، کە بە ئاسانی وێنا ناکرێت. ڕۆژانە هەر بەرهەمی نوێیەو دەردەکەوێت. ئەم دۆخە خێرا و پڕبەرهەمەی سەردەم، تاکی وریا و لێزانی دەوێت فریای بکەوێت. بۆیە تاکی بەتەنگەوەبوو چاری هەر ئەوەیە پتر هەوڵ بدات، تاکو کارامەیی خۆی لە بەستێنی خوێندنەوەدا سەربخات و خێراتری بکات، دەنا بە تۆزی کاروانەکەیشدا ناگاتەوە. (جوبیس تیرلی)، لە کتێبەکەیدا (مهارات القراءة السريعة) لەم ڕووەوە ئاوەهای نووسیوە:

چوار ئامۆژگاری لە پێناوی خوێندنەوەی خێراتردا:

١- بەرەو خـوێندنەوە تـەکـان بدە، کـاتی خـۆت بەناسـینی یەکـە بـەیەکـەی وشـەکانەوە مەفەوتێنە.

٢- مەبە بەکۆیلەی وشـە، دواتر بەشوێن واتای وشـە گرانەکاندا بگەڕێ.

٣- بخوێنـەوە و قسـان مـەکە، کاتێک دەخوێنییـەوە، وشـەکان گۆ مەکە، چونکە ئەم کارە لە خێراییت کەم دەکاتەوە.

٤- خۆت لە ژاوەژاوی دەرەکی و هۆکاری زەین پەرشبوون بەدوور بگرە.

## چەند پێشنیازێک بۆ گێڕانەوەی بەهای خوێندنەوە

یەکەم:

بەدەیان کەناڵی ڕادیۆ، تەلەڤزیۆنی لۆکال و سـەتەلایت لە کوردسـتاندا هـەن، بەڵام هیچ کامـیـان گرینگییەکی ئـەوتۆ بە پرسـی خـوێندنەوە نادەن. بەرنامـەی وەهـایان نییـە خوێندنەوە لەلای تاکی کورد برێک شیرین و خـۆشـەویست بکات و هـەوڵی بە کولتـوورکردنی بدات. واتە کتێب و پرۆسـەی خوێندنەوە لەوێندەرێ بەهەند نەگیراوە. بۆیە لە جێیـە هـەر کەنـاڵێک لای خۆیەوە چەند خـولەکێک بۆ ئەم مەبەستە تەرخان بکات.

دووەم:

کردنەوەی کـتێبـخـانەی گشـتی لە تەواوی گـەڕەکـەکانی شـارە گـەورەکاندا، تاکو خزمـەت پێشکێش بەهاونیشـتمـانی بکات. هـەروەهـا گـۆڕینی سـیسـتـمی کـتێبـخـانەکان لەم شـێوەیەی ئێسـتـایەوە، کە ڕەنگە لە کۆنییدا بۆ سـەردەمی عوسانییەکان بگەڕێتەوە. بۆیە بە ئەلیکترۆنیکردنی کتێبخانە، کارئاسانییەکی تر بۆ خـوێنـەر دەسـتـەبەر دەکـات. وەهـا، کـە خـوێنـەر بتـوانێت بـێ ئەوەی بۆ کارمەندانی کتێبخانە بگەڕێتەوە خـۆی کتێب بخوازێت و بیشـیگێڕێتەوە. بەڵام ئەم ئامـانجـە بەدی نایەت هـەتا تاک خـاوەنـی پێناسـی لەو جـۆرە نەبێت، کە لە

ولاته ئەوروپاییەکاندا باوە. وەلێ دەکرێت کتێبخانەکان لای خۆیانەوە، ئەوێتیی (هویة) ئەلیکترۆنیی تایبەت بۆ خوازەرانی کتێب چێ بکەن و چاوەڕوانی ئەو گۆڕانە نەبن.

سێیەم:

کتێب و کۆوار بەئاسانی ناگەنە قەزا و ناحیەکان و زۆرێک لە شارەدێیەکان کتێبخانەی گشتیشیان تێدا نییە. دەکرێت دەرهەق زەمانە، بەسیستمی (کتێبخانەی گەڕۆک: کتێبخانەی پاس) قەرەبووی ئەو دۆخەیان بۆ بکرێتەوە. چێکردنی کتێبخانەی گەڕۆک بۆ ئەوەیە کتێب بگاتە گوندە دوورەدەستەکان. بۆ ئەو مەبەستەیە، کە زانست و زانیاری بەجەماوەری بکرێت و بۆ هەمووان بێت، نەک تەنیا بۆ دەستەبژێری شارە گەورەکان. دەکرێت بە ئۆتۆمۆبێلی تایبەتی ئەم کارە ڕایی بکرێت و لەم ڕێیەوە کتێب بەدەستی جووتیاران بگات. پاشان ئەم ئۆتۆمۆبێلانە، کە هەر خۆیان کتێبخانەی گەڕۆک پێک دێن، بەسەریاندا بگەڕێن و لێیان وەربگرنەوە.

چوارەم:

دەکرێت لە ڕێی گوێوە کتێب بخوێنرێتەوە. وەک چۆن لە ولاتانی دنیادا باوە، دەشێ لە کوردستانیش دەقی کتێب لەسەر سیدی و میمۆری تۆمار بکرێت. خوێنەر لەلای خۆیەوە هەم گوێی لێ بگرێت و هەم دەقەکەیش بە چاو بخوێنێتەوە. ئەم جۆرە خوێندنەوەیە لە تەواوی کتێبخانەکانی ئەوروپادا باوە. چونکە بۆ فێربوونی زمانی نوێ یارمەتیی فێرخواز دەدات. کاتێک تۆ دەقەکەت لە بەرچاو بێت و گوێشت لێی بێت، ئەوا بەخێراییش زمانی نوێ فێر دەبیت. ئەم جۆرە خوێندنەوەیە، چارەسەری کێشەی گۆکردنی وشەکانی ئەو زمانە نوێیە دەکات، کە تاکی ڕەوەند بەنیازە فێری ببێت. دیارە ئەوانەی، کە کتێبەکە بۆ فێرخواز دەخوێننەوە، خۆیان شارەزا و زمانزانن.

پێنجەم:

لە کوردستاندا، بەدەر لە زانکۆ و قوتابخانە و پەیمانگەکان، هیچ کام لە دامەزراوەکانی دەوڵەت خاوەنی کتێبخانە نین، تاکو لانی کەم لە سنووری پسپۆڕیی کارەکانی خۆیاندا کتێبخانەیەکی گچکەیان هەبێت. هەروەها هیچ کامێک لە پڕۆژەکانی کەرتی تایبەتیش گرینگیی ئەم پڕۆژەیە پێ نازانن. لە ئێستادا، چەندان کۆمپانیای گەورەی کەرتی تایبەت لە کوردستاندا هەن. بەڵام باوەڕم نییە هیچ کامیان کتێبخانەیەکی گچکەی بۆ کارمەندانی خۆی دامەزراندبێت. وابێت کارمەندان بتوانن کتێبی لێ بخوازن و لە ڕۆژانی پشوویاندا سوودی لێ وەربگرن، تاکو ئاستی پیشەییی خۆیانی پێ بەرزتر بکەنەوە.

شەشەم:

ڕەخنە لە کوردستاندا لە نرخی نەبوواندایە. زۆر کەمن ئەو وتارە ڕەخنەییانەی، کە لەسەر کتێبە سەنگینەکان نووسراون. کزبوونی ڕەخنە، بەو ڕادەیەش کار دەکاتە سەر ڕەواجی کتێبە باشەکان و دواتریش کار دەکاتە سەر پرۆسەی خوێندنەوە. ڕەخنەگر هەن دابەزینی ئاستی فەرهەنگیی ئەو خەڵکە دەقۆزنەوە. دێن لە وتارەکانیاندا، بێ ئەوەی پێویست بکات، چەندان زاراوەی لاتینی ڕیز دەکەن. پێ دەچێت بیانەوێت سەرنووسیاری کۆوارەکانی پێ بترسێنن. وەلێ بۆی هەیە خوێنەریش لە خوێندنەوە بتۆرێنن.

حەوتەم:

دەکرێت دەزگەکانی چاپ و پەخشی کوردستان، کارێک بکەن کتێب لەلای هاونیشتمانی، لە ئێستا خۆشەویستتر بێت. هانی بدەن زیاتر بخوێنێتەوە. دەکرێت میانەی ئەم دەزگەیانە و نووسەران لە دۆخی ئێستای گەرموگوڕتر بێت. وەک دراوسێکان لە ڕێی گرێبەستەوە دەستنووس لە نووسەران وەربگرن و چاپ بکەن، نەک وەک ئێستا لە گۆترە، کە نووسەر نازانێت مافەکانی خۆی

چین. هەروەک دەشێ کارئاسانی بۆ خۆیان و بۆ خوێنەریش بکەن، تاکو خوێنەر بتوانێت، لە ڕێی پۆستی ئەلیکترۆنییەوە کتێبیان لێ بکڕێت، کە ئێستا هەم بانک و هەمیش تۆڕی ئینتەرنێت لە کوردستاندا کارایە.

## ئەزموونێک لە دانیمارک

مەبەست لە پێشانگەی کتێب، جا هەر لایەنێک بیگرێتە ئەستۆ، یان بە هەر بۆنەیەکەوە بێت ئەوەیە، کتێب بەئاسانی بگاتە دەستی هاونیشتمانی، تاکو ئاستی فەرهەنگیی بەشێوەیەکی گشتی هەڵبکشێت. لە شاری کۆبنهاون، کڵێسایەک بەناوی (Helligaandskirken) لەسەر پیاسە شەقامی (Strget) هەیە، ئەم کڵێسایە هۆڵێکی فراوانی تێدایە. ناوبەناو پێشانگەی کتێبی کۆنی لێ دەکرێتەوە. پێشانگەکە هەمەجۆرە و بەجارێک هەزاران کتێب لە ڕشتەکانی ڕۆمان، شیعر، هونەر، مێژوو، جوگرافیا، سەربازی، تەندروستی، ئەدەبی منداڵان، خۆراک، ئاین، فەلسەفە، سینەما، ئەنتۆلۆگی، گەشتنامە، زمان و قاموس، جۆرەکانی ئینسایکلۆپیدیا، بەزمانی خۆماڵی و بە زمانە ئەوروپاییەکانی تر لەخۆ دەگرێت و نزیکەی دوو هەفتە دەخایێنێت.

دەستپێک نرخی کتێب لەم پێشانگەیەدا مامناوەندییە. دواترێ هەر ڕۆژە و پێنج کرۆن دادەبەزێت تا وای لێ دێت لە دوا ڕۆژی پێشانگەکەدا نرخی کتێب دەبێتە تەنیا پێنج کرۆن. واتە تۆ دەتوانی لەو ڕۆژەدا ئینسایکلۆپیدیایەکی هەزار لاپەڕەیی، یان کتێبێکی چۆمسکی، بەیەکێک لە زمانە زیندووەکان، بەتەنیا دۆلارێک دەکڕیت. هەندێک جاران کیسەیەکی نایلۆن پڕ دەکەیت بەتەنیا دە کرۆن، کە دەکاتە نزیکەی دوو دۆلاری ئەمەریکایی. ئەم پێشانگەیە کۆوار، پلاکێتە کۆنەکان، شریتی گۆرانیی کۆن، دیڤیدی فیلم و قەوانی کۆنیش دەگرێتەوە. هەندێک جاران پوولی پۆستە و وێنەی پۆستکاردیشیان تێ دەکەوێت. لێرە بووە بە کولتوور، ساڵانە چەندان جار ئەم جۆرە پێشانگەیە دووبارە دەبێتەوە. ئیدی ڕۆژانە بەژمارەی زۆر خەڵک سەردانی دەکەن. دەکرێت بڵێم: لێرەدا کتێبی کۆن ڕکابەریی کتێبی نوێ دەکات. هەرزانترە و تۆ

له هەر ڕشتەیەکدا کتێبت بوێت لێرە دەستت دەکەوێت. وەلێ لەلای خۆمان، له کوردستان، به زۆری کتێبی کۆن گرانترە هەتا کتێبی نوێ.

جێی ئاماژەپێدانە، هەر دەمێک، له هەر گەڕەکێکدا بازاڕی کەلوپەلی کۆنه بکرێتەوه، ئەوا له پاڵ پێداویستییەکانی ماڵ و کەلوپەلی تردا، کتێبیش وەک کالایەک، لەو بازاڕانەدا، بەنرخی ڕەمزی دادەنرێت و خەڵکانێکی زۆریش هەن بەشەوقەوه دەیکڕن. لێرەدا جێی وتنه، کە له ژووری چاوەڕوانیدا له کن نوژدارەکانی ئەم ولاتە، بەنیازی سەرقاڵبوون و خەریکبوونی منداڵ، له پاڵ جۆران یاریی مندالاندا، کتێبی مندالانیش دادەنرێت.

## ئەزموونی سۆزان موبارەک

سۆزان موبارەک، خاتوونی یەکەمی ولاتی میسرە. بۆ خۆی وازی له خوێندنەوەیه و دەخوازێت لاوانی میسریش مەیلی خوێندنەوەیان لەلا چێ ببێت. بۆیه ئەم ئافرەتە سەنگینە خۆی سەرپەرشتیی پڕۆژەیەکی بەرفراوان دەکات، کە ئامانجی به کولتوورکردنی خوێندنەوەیه لەو ولاته به حەشیمەتەدا. ئەو سەرەتا به بەخشینی یەک ملیۆن کتێب دەستبەکار بوو. بەخۆڕایی بەسەر زارۆ و مێرمندالاندا کتێبی دەبەشییەوه. ئەم خاتوونە بەردەوام داوا له گەورەکاربەدەستانی ئەو ولاتە پڕ حەشیمەتە دەکات، بەحوکمی پێگەی فەرمییان له جومگەکانی دەوڵەتدا ئالیکاریی بکەن.

ئەم پڕۆژەیه بەدەربەستەوه لەلایەن وەزارەتی پەرەپێدانەوه (وزارة التنمیة) پشتگیریی لێ دەکرێت و پڕۆژەیەکی تەواوی فره ڕەهەندی نیشتمانییه.

ئامانجی سەرەکیی ئەم پڕۆژەیه ئەوەیه، هاونیشمانیانی میسر بۆ گەلێکی بەئاگای چاو و زەین کراوەی ئەوتۆ بگۆڕێت، بخوێننەوه و ئاشنایەتی لەگەڵ کتێبدا پەیدا بکەن. تاکو ئاگایان له ئەحواڵی خۆیان و جیهانیش هەبێت. ئەم پڕۆژەیه دەخوازێت هەر خێزانێکی میسری ببێتە خاوەنی کتێبخانەی تایبەت بەخۆی. پڕۆژەکەیش ناوی (خوێندنەوه بۆ هەمووان)ی هەڵگرتووه.

لەوێ لەسەر ئاستی ئەو وڵاتە، کۆڕ و سیمینار بۆ منداڵان گرێ دەدەن. لەو کۆڕانەدا پیاوچاک و نیشتمانپەروەر و سەرکردە ناسراوەکان و نووسەرە بەنامێ کۆچکردووەکانیان پێ دەناسێنن. هەر لە پەراوێزی ئەم کۆڕ و سیمینارانەیشدا، پێشانگە بۆ هونەری شێوەکاری دەکەنەوە. میهرەجانەکان بە سەردێری (خوێندنەوە بۆ هەمووان) دەکرێنەوە. ئەم چالاکییانە تەواوی پارێزگەکانی میسری گرتووەتەوە.

لە باخچە گشتییەکانی شارەکانیشدا بەمەبەستی خوێندنەوە، چادر هەڵدەدەن و ناوی (کتێبخانەی باخچە)یان لێ ناوە، کە لەوێدا هەموو لایەک دەخوێننەوە. تەنیا لە سنووری پارێزگەی (ئەسیوت)دا، دە دانە پاس هەن وەک کتێبخانەی گەڕۆک کار دەکەن و کتێب دەگەیێننە خوێنەران. بەهەزاران کتێبخانەی گشتی لەم هەڵمەتەدا چالاکیی جۆراوجۆر دەنوێنن. تەواوی دەزگەکانی چاپ و پەخش، لە وڵاتی میسر، لە سەرخستنی ئەم کەمپەینەدا بەشدارن. تاکو ئێستا (٣,٢) ملیۆن کەس لەم پرۆژەیە بەهرەمەند بوون.

پرۆژەی خوێندنەوە بۆ هەمووان، جارێکی تر شاکارەکانی سەردەمی خۆیان چاپ دەکاتەوە، کە لە نێویاندا بەرهەمەکانی (طه حسین، قاسم أمین، أحمد لطفي السيد وأبوالعلاء المعري وإبن سينا وإبن رشد، إبن عربي) و کتێبەکانی (مقدمة إبن خلدون، الكوميديا الالهية، تأريخ الثورة الفرنسية، الأمير وكليلة ودیمنة) هەن، وێڕای ڕۆمان و شیعر و چیرۆک. ئەم کتێبانە بەنرخی داشکاو دەفرۆشرێن و پرۆژەکەیش لەلایەن دەوڵەتەوە پشتەوانیی لێ کراوە، تاکو ڕەشەخەڵکە کەمدەرامەتەکە لێی سوودمەند بن. تا ئێستا خەڵکێکی زۆریش بەپەرۆشەوە بەپیریەوە چوون. لە نێوان ئەو کتێبانەدا، زنجیرەیەک بەرهەمی جۆراوجۆری خاتوونە نووسەرانی میسر هەن، ئەو خاتوونانەی، کە جێدەستیان بەشکڵگیربوونی فەرهەنگی ئەو وڵاتەوە دیارە. وەک بەرهەمەکانی: (نعمات البحيري، رضوي عاشور، ميرال الطحاوي، منال السيد، سحر توفيق، إبتهال سالم و صفاء عبدالمنعم).

(د. لطفية حسين الكندري)، له كتێبەكەی خۆیدا بەناوی (تشجيع القراءة: هاندانی خوێندنەوە)، سەرپەرشتیكردنی خاتوونی یەكەمی وڵاتی میسر بۆ ئەم پرۆژەیە، هەر لە سەرەتای بیرۆكەكەیەوە تاكو ئێستا، بە گرینگترین هۆكاری سەركەوتنی ئەم پرۆژەیە دادەنێت، بەشوێنیدا بەتەنگەوەهاتنی گشت ئەو دەستە و لایەنە پێوەندیدارانەی وەك: وەزارەتەكانی فەرهەنگ، ڕاگەیاندن، فێركردن، لاوان، كاروباری كۆمەڵایەتی و كارگێڕیی خۆجێیەتی، هۆكاری سەرخستنی بوون. هەر بەپێی بۆچوونی ئەم خاتوونە نووسەرە، (میهرەجانی خوێندنەوە) جەختی لەسەر پتر لە (سی) دانە ئامانج كردووە، كە لە لاپەڕە (٢٥٧-٢٥٨)ی كتێبەكەیدا ڕیزبەندی كردوون. وەلێ بەندە لێرەدا، تەنیا (پازدە) ئامانجی بەرابییان دەخەمە پێش چاوی خوێنەری كورد:

١- گەشەپێدانی خوێندنەوە لەلای منداڵ و گەورە.

٢- یارمەتیدانی منداڵ و گەورە لەسەر پەیداكردنی توانای داهێنان و قووڵبوونەوەی گوێڕایەڵی بۆ نیشتمان.

٣- گەشەپێدانی كتێبی منداڵ و بەستنەوەی بەهۆیەكانی پێوەندیی ئەلیكترۆنییەوە.

٤- یارمەتیدانی نووسەرانی میسر لە كارەكانیاندا و پشتەوانییان بۆ گەیشتن بەئاستی بەرزی هونەری.

٥- پەیداكردنی زانیاری لەسەر كتێبی منداڵان.

٦- ڕۆنانی كتێبخانەی منداڵان وەك كارێكی نەتەوەیی، چونكە گرینگترین هۆیە، كە بتوانرێت لەوێوە هانی منداڵ بدرێت بۆ خوێندنەوە.

٧- گرینگیدان بەخوێندنەوە، وەك بناغەی فێربوون و وەك كلیلێك لە كلیلەكانی مەعریفە.

٨- ڕێكخستنی پێشبڕكێ لە نێوان منداڵاندا، لە ناوەوە و دەرەوەی كتێبخانەدا.

٩- له پرۆسەی خوێندنەوەدا ڕێبەریی منداڵان بکرێت و له هەڵبژاردنی کتێبدا یارمەتی بدرێن.

١٠- دەستنیشانکردنی کاتی دیاریکراو بۆ گێڕانەوەی چیرۆک، دوای خوێندنەوە و لێ تێگەیشتنی.

١١- گەشەپێدانی چێژوەرگرتنی هونەری و هەستی (حسي) لەلای منداڵ.

١٢- بەهێزکردنی لایەنە ئەرێنییەکان بەرەو بەها ئینسانییە ڕەسەنەکان.

١٣- هەڵبژاردنی ئەو چیرۆکانەی گرینگی بەڕەفتار و ئاکار و گەشە بەهەستی بەرپرسیارێتی دەدەن.

١٤- گەشەدان بەزانیارییەکانی تایبەت بەنیشتمان و شانازیکردن بەگوێڕایەڵییانەوە بۆ نیشتمان.

١٥- کردنەوەی خولی کۆمپیوتەر، لەنێو کتێبخانەکاندا، له پشووی هاوینەدا.

## بەرپرسیارێتیی وەزارەتی پەروەردە

ئێستاش قوتابیی سەرکەوتوو و یەکەمی هەر پۆلێک له قۆناغە جیاوازەکانی خوێندندا، ئەوەیانە، کە تەواوی وانەکانی وەک تووتی لەبەر کردبێت. هەر قوتابییەک ڕای خۆی هەبێت و پرسیار بورووژێنێت، ئەوا هیچ بەهیچ ناکات و له قۆناغی دواناوەندیدا نمرە ناهێنێت. واتە لەو کۆلێجەی بەدڵی خۆیەتی قەبووڵ ناکرێت. لێرەشەوە گیانی گەڕان له دووی سەرچاوەی نوێ و زانیاری و پشکنین لەلای قوتابی دەمرێت. هەرکە باسی خوێندنەوەت لەلا کرد خێرا ئەو له زەینی خۆیدا دەیبەستێتەوە بە پرۆگرامە وشکوبرینگەکانی خوێندنەوە و ڕکی له کتێب دەبێتەوە. پرۆسەی خوێندنەوەیش لەلای ئەو دەبێتە کارێکی نەرێنی و بێزراو. کەواتە سیستمی خوێندن له خۆیدا هاندەری گەڕان و پشکنین و خوێندنەوە نییە. هەر بۆیە لەو جۆرە وڵاتانەدا تاکی داهێنەر هەڵناکەوێت.

وەزارەتی پەروەردە بەدەزگەکانیەوە بە قوتابخانە و پەیمانگەکانیەوە

بەرپرسی یەکەمە لەو چۆڵەوانییە ڕۆحییەی تاکی کوردی تێ کەوتووە. تاکی کورد (بەگشتی هیچ نازانێت و خۆی بە زانا دەزانێت. هیچ ناخوێنێتەوە و خۆی وەک خوێندەوار پێشان دەدات. ئەوان لە وەزارەتی پەروەردە، گرینگییان بە پرۆسەی خوێندنەوە نەداوە. لە ژووری پۆلدا باسی نەکراوە و بەکردەوەیش پیادە نەکراوە. کتێبخانەی دەوڵەمەند لە قوتابخانە و پەیمانگەکاندا بوونی نییە.

لە دەزگەکانی پەروەردە و فێرکردنی هەر وڵاتێکدا بودجەی تەرخانکراو بۆ کڕینی کتێب هەیە، هەر دامەزراوەیەک بەپێی پسپۆڕێتیی خۆی. بۆ نموونە گەرەکە هەر چیرۆکێکی ڕۆنراو یان وەرگێڕدراوی منداڵان کۆپیی بگاتە هەموو باخچەکانی ساوایان. لەوێ دادەکانیان بۆیان بخوێننەوە، یان بۆیان بگێڕنەوە.

هەروەها هەموو ئەو کتێبانەی بۆ منداڵ و مێرمنداڵان دەنووسرێن کۆپییان لێ بگاتە قوتابخانە بنەڕەتییەکان. لەوێ مامۆستاکان پێشانی قوتابیانی بدەن و بیاندەنێ لە تەک خۆیاندا بیانبەنەوە بۆ ماڵەوە و لەوێ خۆیان، یان بە یارمەتیی دایک و باوکیان بیانخوێننەوە. کاتێک گەڕانەوە بۆ قوتابخانە، لە ژووری پۆلدا بۆ هاوەڵەکانیانی بگێڕنەوە. ئەم کارە دەچێتە خانەی فێربوونی زمانەوە و هەم ئاستی زانیاریی منداڵیشی پێ بەرز دەبێتەوە. پێویستە کتێبخانەی قوتابخانە بکرێتە وەرشەیەک بۆ خوێندنەوە و فێربوون.

ڕۆنانی پرۆگرامی خوێندن لە کارە هەرە لە پێش و گرینگەکانی ئەم وەزارەتەیە. کتێبەکانی خوێندنەوە، بەتایبەتی دەستپێک، ڕۆڵی گەلێک گرینگ دەگێڕن لە گەشەسەندنی پرۆسەی خوێندنەوەدا. یان ئەوەتا خوێندنەوە لەلای منداڵ شیرین دەکەن، یان لە خوێندنەوەی دەتۆرێنن.

هەر لە جۆری کاغەز و وێنەکانی، کە بۆ بابەتەکان کێشراون، تاکو ئەو بابەتانەی نێوەڕۆکی کتێبەکە پێک دێنن، ڕۆڵیان لە پێشخستنی خوێندنەوەدا هەیە. منداڵی ئێستا کەیفی بە (مێوژی نایاب و هەچەکە و... تاد) نایەت.

گەرەکە بابەتەکانی کتێبی دەستپێک، ژیانی ئەم سەردەمە بەرجەستە بکەن. پڕۆژەکانی ئێستا وێنا بکەن. بابەتەکان پێوەندییان بەیەکەوە هەبێت. داهێنراوە زانستییەکانی سەردەم بەمنداڵ ئاشنا بکەن. زانیاری پێشکێش بە منداڵ بکەن. وشەکان موزیکیان تێدا بێت و پێداویستیی بابەتییانە پێکەوەی گرێ دابن. درێژیی وشە و لەرینەوەی لە گوێی منداڵدا، لە پاڵ ئەوەدا، کە دەبێت سەرجەمی بابەتەکان پێوەندیی مکۆمیان لەگەڵ ژیانی ئەم سەردەمەی منداڵی کورددا هەبێت. کتێبێکی خوێندنەوە، ئەگەر دە ساڵ لەمەوبەر ڕۆنرابێت، دەردی ئێستا ناخوات. گەرەکە منداڵ و مامۆستا وماڵەوەی منداڵ بەو پرۆگرامی خوێندنەوە قایل بن و ڕایان بە هەند وەرگیرابێت ئەوجا بخرێتە واری پراکتیکەوە. یەکەم کتێب و دەستپێکی خوێندنەوە، بناغە بۆ پرۆسێسێک دادەڕێژن، بەدرێژاییی تەمەن کارکردی لەسەر تاک دەمێنێ. نووسەری دانیمارکی (ئینا بۆرستروم)، لە کتێبەکەیدا سەبارەت بەپرسی خوێندنەوە نووسیوێتی:

«زۆر گرینگە منداڵ هەر لە سەرەتاوە بەباشی و دروستی دەست بەخوێندنەوە بکات. توێژینەوەکان پێشانی دەدەن. ئەو قوتابییانەی سەرەتایەکی سست و خراپیان لە خوێندنەوەدا هەبێت، ئەوا هەر بەو شێوەیە، واتە بەسستی و خراپی هەموو تەمەنی قوتابخانەیان بەڕێ دەکەن... بڕوانە: چۆن منداڵان بەچاکی دەست بەخوێندنەوە دەکەن؟، ل١٣.» زۆر هەن، ئەگەرچی دەرچووی زانکۆکانیشن، وەلێ ئاستی خوێندنەوەیان ئەوەندە خراپ و سستە، وەک ئەوەی وشەکان حینجە بکەن، بەگران دەتوانن بخوێننەوە.

## ئەزموونی نووسەرانی کورد

لە حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا، دەستاودەستکردنی کتێب، بەتایبەتی لە نێوان نووسەرانی سلێمانیدا دیاردەیەکی بڵاو بوو. ئەوان لەم بوارەدا هاریکاریی یەکودوویان دەکرد. ئەو دەمە کتێبی دانسقەی عەرەبی یان بۆ عەرەبی وەرگێڕدراو هەبوون، وەلێ چونکە بە ژمارەی کەم دەگەیشتنە

سلێـمـانی، بەزوویی لە بازاڕدا نەدەمـان. ئیـدی لەلای هەر کـامـێک لەو نووسـەرانە دەست بکەوتایە، دوای خوێندنەوەی دەیدایە برادەرەکانیشی. بەم پێیە، کتێب وەک کاڵایەکی دەگمەن لەنێو نووسەراندا دەستاودەستی دەکرد. دەکرێت لە ئێستایشدا ئەم نەریتە بێتە ناو تەواوی خەڵکەوە. دەکرێت منداڵانیش فێر بکرێن لە نێوان خۆیاندا کتێب بگۆڕنەوە و دەستاودەستی پێ بکەن، تاکو هەموو لایەکیان لێی بەهرەمەند بـبن. دەکرێت ئەم نەریتە لە نێوان هاوڕێ و دراوسێکانیشدا پەیڕەو بکرێت.

## پێشنیازێک بۆ کۆمپانیا گەورەکان

دەشێ لەسەر شێوەی کۆمپانیا گەورەکانی ئەوروپا، کۆمپانیا گەورەکانی کوردستانیش هەوڵ بدەن بڵاوکراوەی خۆڕایی مانگانە یان وەرزانەی تایبەت بەخۆیان هەبێت. دەکرێت لەوێدا، کە زمانحاڵی کۆمپانیایەکەیە، هەم ڕێکلام بۆ بەرهەمەکانی خۆیان بکەن هەمیش لەسەر ئاستی بەڕێوەبەرە گشتییەکانەوە بۆ خوارەوە، هەتا دەگاتە سەر ئەو کارمەندانەی، کە خوێندەوارییەکی کەمیان هەیە، بابەتی هەمەجۆر لە ئەدەب، هونەر، مێژوو، زانیاریی گشتی بگرێتە خۆی. دەشێ ئەم بڵاوکراوەیە بەسەر شوێنە گشتییەکانی شارەکانیشدا، بەخۆڕایی دابەش بکرێت و بگاتە کتێبخانە گشتییەکانیش.

ڕێکلام بۆ کتێب

ئێمە لە ژیانی ڕۆژانەدا، لێ ڕاهاتووین بە پەلەپرووزێ خۆمان بگۆڕین و لە ماڵ دەرچین، تاکو فریا بکەوین هەرچی زووتر بگەینە فڵانە سوپەرمارکێت بۆ کڕینی کاڵایەکی دیاریکراو، نەبادا هەتا ئێمە دەگەینە جێ کاڵاکە ماشرابێتەوە، جا ئەو کاڵایە کەلوپەلی نێوماڵ یان جلوبەرگ و بابەتی جوانکاریی ژنانە بێت.

بەخۆمان زانیبێت یان نا، ئەوە ڕێکلامە پاڵمان پێوە دەنێت و هانمان دەدات

بەر لە وادەی کردنەوەی دەرگەی سوپەرمارکێتەکە، لەوێ ئامادە بین و ڕیزمان بەستبێت.

هەر کۆمپانیایەک بگریت بودجەیەکی بۆ ڕێکلامکردن بۆ بەرهەمەکانی خۆی تەرخان کردووە. چونکە بەکارکردی ئەو ڕێکلامە بازاڕگەرمی بۆ کالآکانی خۆی دروست دەکات. لە دواجاردا، چەندان کەڕەت بەرانبەر بەتێچووی ئەو ڕێکلامانە دەستکەوت دەچنێتەوە. هیچ گومانی تێدا نییە، کتێبیش کالآیە، بەڵام ئەم کالآیە لە کن ئێمە بێ ناز و بێ بازاڕە، چونکە وەک پێویست ڕێکلامی بۆ ناکرێت. هۆیەکەیشی ئەوەیە، هەندێک جاران نووسەران خۆیان ئەرکی چاپ و بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانیان دەگرنە ئەستۆ. نووسەرانیش هیچ سەروساختییەکیان لەگەڵ دنیای ئاڵۆزی سەرمایە و قازانجدا نییە، بۆیە ئەوان گرینگیی ڕێکلامیش پێ نازانن.

خۆ ئەگەر دەزگەیەکی چاپ و پەخشیش ئەم کارەی گرتبێتە ئەستۆ، دیسانەکە بێ منەتە. چونکە ئەگەر کتێبی دەزگەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری بێت، نەیشفرۆشرێت، زیان بەر دەوڵەت دەکەوێت و دەوڵەتیش کتێب چاپکردن وەک خزمەتگوزاری (خدمات) سەیر دەکات و لە دووی قازانج نییە. خۆ ئەگەر دەزگەکانی تری چاپ و پەخشی دەرێی وەزارەتیش ئەم ئەرکە بگرنە ئەستۆ، دیسان فرۆخت و بێ بازاڕیی کتێبیان لەلا مەبەست نییە، چونکە هەر دەزگەیەک لەوانە لە پاڵ حزبێکدایە و ئەو حزبە بودجەی دەزگەکە دابین دەکات.

ئەویش دیسان ئەم پرۆژەیە بە خزمەتگوزاری دەداتە قەڵەم. کەواتە ئەویش ڕێکلام بۆ کتێبەکانی خۆی ناکات. بەمەرجێک هەم حزب و هەمیش وەزارەتی ڕۆشنبیری، دەزگەی ڕاگەیاندنیان هەیە، بەتەلەڤزیۆنیشەوە، کە لەبارترین کەناڵە بۆ ڕێکلام.

لە دنیادای نوێدا، دەزگەکانی چاپ بەو نیازە کتێب چاپ دەکەن قازانجی لێ بکەن. چونکە ئەوان وەک کالآ تەماشای کتێب دەکەن، نەک وەک

پێشکێشکردنی خزمەتگوزاریی ڕووت. بەم پێیە لە وڵاتی ئێمەدا کتێب وەک بوونەوەرێکی نامۆ، پێ دەنێتە دنیاوە، دوای ماوەیەک تۆزی لەسەر دەنیشێت، دەستەبژێرێک نەبێ، کەسی تر بەوادەی هاتن و ئاوابوونی نازانێت.

## چێکردنی مەزنە کتێبخانەیەکی ئەلیکترۆنی

چاوەڕوانیی ئەوە دەکرێت لە داهاتووی نزیکدا گۆڕینی بنەڕەتی بەسەر پرۆسەی خوێندنەوەدا بێت. ئەویش بەوەی کتێب لە قۆناغی کاغەزییەوە بپەڕێتەوە بۆ قۆناغی ئەلیکترۆنی. لە ئێستادا سەرەتای ئەم قەڵەمبازە بەدیار کەوتووە. جا ئەو حەلە خوێندکارێکی زانکۆ، لە بریی کتێبی کاغەزین، دەتوانێت بە دەیان کتێبی ئەلیکترۆنی لە (فلاش دیسک)ێکدا ئەمبار بکات و لە بریی میدال بیکاتە ملی و وەک کتێبخانەیەکی گەڕۆک شارەوشار لەگەڵ خۆیدا بیگێڕێت. ئەم جۆرە کتێبە بۆ نووسەر، سەعاتی کاری کەمتری تێ دەچێت و بۆ خوێنەریش خەرجی کەمتری لەسەر دەکەوێت. لە دۆخی وەهادا دەزگەکانی چاپ و بڵاوکردنەوەی باو، کاری ئەوتۆیان نامێنێت. بەم پێیە نووسەرانیش بەیەکجاری لە چەوساندنەوەی ئەوان ڕزگاریان دەبێت. بەتایبەتی نووسەرانی کورد، کە کردەی ئەوانە و بردەی کتێبفرۆش و دەزگەکانی چاپە. مەگەر بەدەگمەن دەنا خێریان لە بەرهەمی خۆیان نەدیوە. دیارە لە دۆخی وەها پێشکەوتوودا کتێبەکان ئاسانتر لە جاران لە سنوورە دەستکردەکان دەپەڕنەوە. خێراتر و بەژمارەی زیاتریش بڵاو دەبنەوە.

دەکرێ وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەرێم، یان لایەنی پەرەپێدان، یانژی هەر دەزگەیەکی تری فەرهەنگی، لە ناوەوە و لە دەرێی کوردستان ئەم پرۆژەیە بگرێتە ئەستۆ و ڕای بپەڕێنێت، بەوەی لێ ببڕێت مافی بڵاوکردنەوەی دەیان کتێبی شایستە، بەزمانی کوردی و زمانە جیهانییەکان لە خاوەنەکانیان بکڕێت، یان خۆبەخش و بەخۆڕایی لێیان وەربگرێت و لەلای خۆی لە مەزنە کتێبخانەیەکی ئەلیکترۆنیدا بیانپارێزێت؛ تاکو وەک سەرچاوە، بەخۆڕایی لە بەردەستی خوێنەردا بێت.

حاڵی حازر چەند ماڵپەڕێک لەلای خۆیانە ژمارەیەک کتێبیان بەخۆڕایی بۆ خوێنەری کورد دابین کردووە، کە بەدیاری لەلایەن نووسەرانی کوردەوە پێشکێشیان کراوە. بەڵام ئەم سەرچاوانە وەک ژمارە کەمن، گشتگیر نین و هەموو بوارەکانی مەعریفە ناگرنەوە. بگرە بەزۆری سەر بەڕشتەکانی ئەدەبن.. ئەم کتێبخانە پێشنیازکراوە تێچووی ئەوتۆی نابێت، چونکە پێویستی بەخزمەتگوزاری و فەرمانبەری زۆر نییە. بەشارەزایەک دووانی بواری ئەلیکترۆن دەخرێتە سەر سکەی خۆی و ڕایی دەبێت.

## هاوئاهەنگیی نێوان دەزگەکانی چاپ و پەخش

دەکرێت خانەکانی وەشانی کتێب، لە باشووری کوردستان و لە پارچەکانی تر و هەندەرانیش ناوبەناو کۆ ببنەوە، دەشێ ئەوانیش پەنجە بخەنە سەر گرفتەکان و پێمان بڵێن، داخۆ تەنگژەکە تەنیا تاکی کورد لێی بەرپرسە یان پشکێکیش بەر نووسەران خۆیان دەکەوێت؟ هەروەها دەشێ لە نێوان خۆیاندا هەندێک پرەنسیپ و ستاندارد دابنێن، لەسەریان ڕێک بکەون و پەیڕەوی بکەن، وەک:

چۆنێتیی مامەڵەکردن لە تەک نووسەر و وەرگێڕدا، دەستنیشانکردنی مافەکانیان.

بڵاوکردنەوەی ئاماری چاپ تاکو وەک زانیاری، لە بەردەستی توێژەر و نووسەرانی بوارەکانی مەعریفەدا بێت.

کارئاسانی بکەن بۆ گەیاندنی کتێب بەتێکڕای شار و شارۆکەکان. تاکو کتێب بگاتە دەست خوێنەری کورد لە هەر کوێیەک بێت.

لە مگێز و ئارەزووی خوێنەری کورد بکۆڵنەوە، داخۆ زیاتر حەزی بەکام ڕشتەی زانست و هونەر و ئەدەبە، تاکو بیکەن بە بناغە و لێرەیشەوە ڕەنگ بۆ جۆر و تیراژی بڵاوکراوەکانیان بڕێژن.

## ئەزموونی خۆم

ماوەیەکی دوور و درێژ مامۆستا بووم. لە قوتابخانەی زێوەری سەرەتایی، ١٩٧١ لە شاری سلێمانی، لێ ڕاهاتبووم، بەر لەوەی دەست بەوانەوتنەوە بکەم، دەستپێک ناوی ئەو کۆوار و کتێبانەم لەسەر تەختە بۆ منداڵەکان دەنووسی، کە تازەکی کەوتبوونە بازاڕەوە؛ بەسوود بوون و لە ئاستی تێگەیشتنی ئەواندا بوون. هانم دەدان، لە ماڵەوە داوا لە باوک و دایکیان بکەن، تاکو بۆیان پەیدا بکەن. هەندێک لە قوتابییەکانم بەپەرۆشەوە بەشوێن ئەو سەرچاوانە دەچوون و پەیدایان دەکردن. بڕێ جاران لە تەک خۆیاندا دەیانهێنان بۆ قوتابخانە و لەوێ پێشانی هاوەڵەکانی خۆیانیان دەدان. دیارە پێشنیازی وەها، هەر دەبێت بەرەورووی مامۆستایانی زمان بکرێتەوە.

سەرچاوەکان

1- Bibliotek og Medier. Folke- og forskningsbiblioteksstatistik 2007.

2. Hanne Mller Perdersen, Lsevejledning i praksis, Dafolo forlag og forfatteren.2008.

3. Ina Borstrm, Hvordan kommer brn bedst i gang med at lse? Center af lseforskning, Kbenhavns Universitet. 1999

4- Bo Sundblad, LUS- en bog om lseudvikling, oversat af: Kirsten Kold Andersson . Forlaget lkke, 1987.

5. Caroline Liberg, Sdan lrer brn at lse og skrive . Oversat af: Kirsten Rask . Gyldendal Undervisning Pdagogik, 1997.

٦- أدب الأطفال وثقافتهم، د. سحر روحي الفيصل، منشورات إتحاد الكتاب العرب، ١٩٩٨.

٧- هێمن و بۆنی غەریبی، محەمەد فەریق حەسەن، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨.

٨- لماذا تقرأ؟، لطائفة من المفكرين، تقديم، رجاء البنا، ط (٢)، دار المعارف، القاهرة، ١٩٩٨.

٩- التخلف الأجتماعي، د. مصطفى حجازي، ط (٩)، المركز الثقافي العربي، دار البيضاء، المغرب، سنة (؟)

١٠- من هنا يبدأ التغيير، تركي الحمد، دار الساقي، الطبعة الأولى، بيروت، ٢٠٠٤.

١١- الكتاب في بلاد الرافدين القديمة، عامر عبدالله الجميلي، منشورات إتحاد كتاب العرب، دمشق، ٢٠٠٥.

١٢- مێژووی کتێب، سوند دال، وەرگێڕانی: د. ئەدهەم ئەمین، چ (١)، بڵاوکراوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٨.

١٣- تشجيع القراءة، د. لطفية حسين الكندري، ط (١)، المركز الشبه الإقليمي للطفولة والأمومة، كويت، ٢٠٠٤.

١٤- مشكلات الأطفال السلوكية، وفيق صفوت مختار، الطبعة الأولى، دار العلم والثقافة، القاهرة، ١٩٩٩.

١٥- القراءة السريعة، تأليف: بيتر شفرد و جريجوري ميتشل، ترجمة: أحمد هوشان، الطبعة الأولى، ٢٠٠٦.

١٦- الأسلوب الأمثل لتربية الطفل بعد عامه الثالث، د. سوزان ئي. طوتليب، مكتبة جرير، الطبعة الأولى، الرياض، ٢٠٠١.

١٧- علاج الأطفال بالقصة، مارجوت صاندرلاند، إعداد قسم الترجمة بدار الفاروق، الطبعة العربية الأولى، القاهرة، ٢٠٠٥.

١٨- الأسلوب الأمثل لتربية الطفل بعد عامه الرابع، ميري والاس، ترجمة: مكتبة جرير، الطبعة الأولى، الرياض، ٢٠٠١.

١٩- د. مرڤت محمد كامل الطرابيشي، مدخل الى صحافة الاطفال، الطبعة الاولى، دار الفكر العربي ، القاهرة، ٢٠٠٣.

٢٠- ماهي أسباب هجر القراءة خاصة لدى الصغار؟ د. جبريل حسن العريشي، المكتبة الألكترونية، أطفال الخليج ذوي الإحتياجات الخاصة. (www.g.com)

٢١- ضد القراءة، مارك إدمسون، ترجمة: د. علي محمد سليمان، ملحق ثقافي لجريدة الثورة، ٢٠٠٩/٥/٥.

٢٢- حدائق المتعة وفنون الحب عند العرب، حلمي الأسمر. الوقت، العدد (٣٤٤)، ٣٠ كانون الأول ٢٠٠٧.

٢٣- مقترح لتنمية مهارات القراءة الصامتة، خالد بن عبدالله الراشد، ٢٠٠١.

٢٤- وضعية القراءة والتعبير في المنظومة التربوية، محمد أولحاج، مجلة (فكر ونقد)، العدد (٥٢).

٢٥- عملية القراءة: معالجة جديدة في التأريخ الأدبي، وولف جانج آيزر، ترجمة: د. محمد سالم سعدالله، الموقع الألكتروني لرابطة أدباء الشام.

٢٦- قلق الإطلاع، أنطوان كامبانيون، ترجمة: حسين غلام، الموقف الأدبي، العدد (٤٣٣)، أيار، ٢٠٠٧.

٢٧- مهلا يا معلمون.. مفهوم القراءة قد تغير، د. محمد بن شديد النشري، موقع (تربوي) الألكتروني، ٢٠٠٨/١٢/١٨.

٢٨- أمة إقرأ؛ لماذا لا تقرأ؟ د. زيد بن علي الفضيل، المجلة الثقافية، العدد، (٢٩١)، ٩ تموز ٢٠٠٩.
٢٩- القراءة شغف يتقاسمة الكبار والصغار، د. كلوديا شمعون، مجلة دليل الكتاب الألكتروني. www.dalilmag.net
٣٠- دور القراءة في حياتنا الإجتماعية المعاصرة، بسام بركة، إقرأ، ٧ تشرين الثاني ٢٠٠٦. www.eqraa.com
٣١- كيف تحكي قصة لأطفالك؟ محمود خليل، المعرفة الأرشيفية www.almarefh.org، العدد (٩١).
٣٢- ثقافة الكلمة وثقافة الصورة، د. أحمد زياد محبك، المعرفة الأرشيفية، العدد (١٠٦).
٣٣- الأنترنت تعيد تعريف القراءة والكتابة، محمد سالم، المعرفة الأرشيفية، العدد (١١٢).
٣٤- (٣٦) طريقة تجعل أطفالنا يقرؤن كل كتب العالم، نصار رمضان، المعرفة الأرشيفية، العدد (١١٧).
٣٥- مهارات قرائية، المعرفة الأرشيفية، خالد عبدالعزيز الشلفان، العدد (١٣٨).
٣٦- القصة تجربة ممتعة، عبدالمجيد التحاكمي، المعرفة الأرشيفية، العدد (١٤٤).
٣٧- هوامش للكتابة وأدلجة النقد، جابر عصفور، الحياة، ٢٤/ ٦/ ٢٠٠٩.
٣٨- الطفل والقراءة الإبداعية، د. بركات محمد مراد، مجلة البيان، العدد (٢٢٣).
٣٩- ثقافة الطفل ليست هي التعليم، بشير خلف، موقع ديوان العرب، ٢٩ تشرين الاول ٢٠٠٦.

## پێڕست

بەشی یەکەم
(ئەو ماڵەی کتێبی تێدا نەبێت کەلاوەیە!) ..... 5
ئامانج لەم کتێبە چییە؟ ..... 5
سەرەتا، فەرهەنگ زارەکی بوو ..... 8
خوێندنەوە لە پای چی؟ ..... 11
چێژی خوێندنەوە ..... 18
مێژووی خوێندنەوە ..... 20
بۆچی کورد ناخوێنێتەوە؟ ..... 25
نووسین و خوێندنەوە، دوو ڕووی یەک دراو ..... 29
هەڵبژاردنی کتێب ..... 33
هەلومەرجەکانی خوێندنەوە ..... 42
گەشە و پێشڤەچوونی خوێندنەوە ..... 43
خوێندنەوەی بێدەنگ ..... 46
خوێندنەوەی بلەز (فوري) ..... 51
ئەزبەرکردنی دەق ..... 52

بەشی دووەم
(هەردەم کات بۆ خوێندنەوە هەیە) ..... 54
ئەوسا و ئێستای خوێندنەوە ..... 54
لە ستایشی کتێبدا ..... 57
سێ خدەی سەیر لە کوردستان ..... 61
کتێب لە خوێندنگە ئاینییەکاندا ..... 63

وشـه خـاوەنی وزەیە ........ 64
هەردەم کـات بۆ خـوێندنەوە هەیە ........ 67
ڕۆڵی تەلەڤزیۆن ........ 68
ڕۆڵی تـۆڕی ئینتـەرنێت ........ 74


بەشی سێیەم

(منداڵ و پرسی خـوێندنەوە) ........ 78
گەورەکان لە فەرهەنگی منداڵ بەرپرسیارن ........ 78
گەمە ئەلیکترۆنییەکان ........ 81
قۆناغەکانی خوێندنەوە ........ 82
باب و دایکی منداڵی کورد کەمتەرخەمن ........ 86
منداڵ و کتێبی منداڵان ........ 89
تەکنیکی کتێبی منداڵان ........ 93
کتێبخانەی ماڵ ........ 94
نداڵ و چیـرۆک ........ 95
سەبارەت ئەو چیرۆکانەی بۆ منداڵی کورد نووسراون ........ 104
چیرۆک، وەک چارەسـەری نەخـۆشی ........ 106
شـانۆی منداڵ ........ 110
کۆواری منداڵان و بەکولتوورکردنی خوێندنەوە ........ 112
میهرەجانی خوێندنەوە ........ 115


بەشی چوارەم

(گێڕانەوەی بەهای خـوێندنەوە) ........ 117
خوێندنەوە وەک چەمکێکی ڕەخنەگرانە ........ 117
کولتووری خوێندنەوە و ئامار ........ 125
کارامـەیی لە پرۆسێسی خوێندنەوەدا ........ 130
چەند پێشنیازێک بۆ گێڕانەوەی بەهای خوێندنەوە ........ 131

ئەزموونێک لە دانیمارک ........ 134
ئەزموونی سۆزان موبارەک ........ 135
بەرپرسیارێتیی وەزارەتی پەروەردە ........ 138
ئەزموونی نووسەرانی کورد ........ 140
پێشنیازێک بۆ کۆمپانیا گەورەکان ........ 141
چێکردنی مەزنە کتێبخانەیەکی ئەلیکترۆنی ........ 143
هاوئاهەنگیی نێوان دەزگەکانی چاپ و پەخش ........ 144
ئەزموونی خۆم ........ 145